محەممەد ئەمین زەکی

# دوو تەقەلای بێ سوود

سەباحی غالب

توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە

چاپخانەی «حەڵوێست» _ لەندەن _ ١٩٨٤

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

محەممەد ئەمین زەکی

# دوو تەقەلای بێ سوود

سەباحی غالب

توێژینەوە، لێکۆڵینەوەو پێشەکی بۆ نووسیوەو بەراوێزی بۆ ڕێکخستووە

چاپخانەی «هەڵوێست» ـ لەندەن ـ ١٩٨٤

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# پێشکێشە بە:

- یادی دووسەد ساڵەی شاری سلێمانی

- مێژوونووسی گەورەمان
محەمەد ئەمین زەکی

- سەباح -

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# کەلکەڵەی دۆزینەوەی

# دوو تەقەڵای بێ سوود

chalakmuhamad@gmail.com

ئەو دەمی لە سلێمانی بووم ، هێندەی بۆم بلوایە ، دەچوومە خزمەت ماموستای هێژاو زانای گەورە جەنابی شێخ محەممەدی خاڵ . لە خزمەتیدا گەلێک زانیاریم وەردەگرت و بە فەرمایشتەکانی بەهرەمەند دەبووم .

ماموستای بەڕێز ، چەندان بابەتی گەورەو گرانی بۆ باس دەکردم . وەک لەیادم بێ لەپێش هەمووانەوە بۆ دوو شتی سەرەکی سەرنجی ڕاکێشام .

یەکەمیان : خۆزگەی دەخواست توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل لەسەر زانای مەزن جەنابی شێخ ئیبراهیمی حەیدەری بکرێ . ئەو کەڵە پیاوە زانایەی بە زانستی خۆی لە مەیدانەکانی ژیاندا گەیشتە پلەی ئەوەی ببێتە شێخولئیسلام و لە شانی خەلیفەی موسڵمانانەوە بڕوا .

دووەمیان: بۆ یەکەمین جار لەبارەی " دوو تەقەلا بێ سوودە " بەنرخەکەی مێژوو نووسی گەورەمان محەممەد ئەمین زەکی هێندێکم لێیانەوە بیست .

ئەوەندەی ئەمن بیزانم یەکەمین کەسێک لە بیبلیۆگرافیای

chalakmuhamad@gmail.com

کتێبی کوردیدا نێوی ئەو کتێبەی هێنا بێ " ئەدمونز - Edmonds "ە، ئەویش لە گۆڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیای نێوەندا ژمارە/٣٢،ساڵی ١٩٤٥ لەو بارەوە دەنووسێ "دوو تەقەلای بێ سوود داخوازینامەیە لە ساڵی ١٩٣٠دا لەلایەن محەممەد ئەمین زەکییەوە پێشکێش خوالێخۆش بوو مەلیک فەیسەڵی یەکەم کراوە. بەغداء چاپخانەی مەریوانی، ١٩٣٥، $7\frac{1}{2} \times 2\frac{1}{2}$ ئینج، ٦٩ لاپەرەیە": (١)

ساڵی پاریش کە" مێژوو"ەکەی مێژوو نووسی زانا و بەرێز دوکتۆر کەمال مەزهەر دەرچوو، خوداراسان چەند دانەیەکم لەو خەڵکە دۆستەوە بۆ هات. لەوێدا دوکتۆر مەزهەر تەنها وەک (٢) زانیاریەکی سەرەتایی ئەوەندە لەو کتێبە باس دەکا و دەڵێ " دوو تەقەلای بێ سوود، بەغداد، ١٩٣٥،٦٩ لاپەڕە، یاداشتێکە ساڵی ١٩٣٠ پێشکێش مبیری کردووەو کاتی خۆی قەدەغە کراوە". (٣)

بەر لە " مێژوو"ش لە ببلیوگرافیای کتێبی کوردی، نەریماندا

---

(1) Journal of the Royal Central Asian Society , VOL XXXII, 1945. A Bibiography of Southren Kurdish , 1937 _ 1944, by C.J. Edmonds .

(٢) جگە لە دانەیەک کە بۆ خۆم گلم دایەوە، سەرو دانەم بۆ هۆڵەندە، ئێران و شام بەرێ کرد، دانەیەکیشم دایە کتێبخانەی ڕۆژهەلات و ئافریقای زانستگای لەندەن.

(٣) دوکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، چاپخانەی دار آفاق عربیە، بەغدا، ١٩٨٣، ل/ ٣٠٩.

chalakmuhamad@gmail.com

هيماى بو كراوەو دەنووسى "دوو تەقەلاى بى سوود، ئەو يادداشتەيە كە لە سالى ١٩٣٠دا بو مافى كورد پيشكەش حوكوومەتـــى كـــردووە، ٦٩لاپەرە، بەغداد، مەريوانى ، ١٩٣٥، ٢٢ × ٣٠سم " ٠(٤)

ئەو سالْيش لە بەهاردا خۆش بەختانە ماموستاى هێــــــزاو خۆشەويستم دوكتۆر عيززەدين مستەفا لەشارى لەندەنێ سەرى هەلْدا ،لە گەلێك كتێب و نووسراو دەگەڕا ، لە پاكيان پتر خولياى دۆزينەوەى پيرە " دوو تەقەلا"ى بوو٠ ئەوەندەى كرا پێكەوە هەلْگێڕو داگێڕى كتێبانى كتێبخانە ئاوەدانەكەى ئامۆژگاى ڕۆژهەلاّت و ئافريقـــاى سەر بە زانستگاى لەندەن مان كرد. بەلاّم ئێمە لەسەر زەوى بـــۆى دەگەڕاين كەچى ئەو لەبن زەوى بوو٠ چنگمان نەكەوت ٠

دوكتۆر لەسەر ئەوە هەلّى نام كە لەگەڕان بەدواى ئەو كتێبەدا كۆتا نەكەم ٠ ئەمنيش بەلّێنم دايە٠ دواى گەڕانەوەى.ئەمنـــى وەك چەند برادەرێك پێم دەلّێن قيرسيچمە قۆلّم لێ هەلْكردەوە، هێنـــد گەڕام٠ لاى خۆمەوە بڕيارمدا هەرچى بە پيتى عارەبى نووســـرابـــێ لە نێوايەندا بۆى بگەڕێم، ئەوجا ئەو كەتەلۆكانەى بە پێــــــــى بابەت و نێوى كتێبان بۆ ناوچەى ڕۆژهەلاّتى نێوەڕاســـــــــــت دروستكراون لە كەتەلۆكى يەكەمەوە پێدا هاتم٠ زۆرم تەماشـــــا كردن ، ئێجگاريش ماندوو بووم، فرەشم كات لێ ڕۆيشت ٠ تا نێـــوى كتێبەكەو ژمارەكەيم دۆزيەوە٠ ئەوە كارێكى ئاسان نەبوو٠ بەســەر يەكەوە هەشـــتا كاتى بردم.

---

(٤) نەريمان ، بىبليوگرافياى كتێبى كـــــــوردى ، چاپخـــانەو بلاْوكردنەوەى كۆڕى زانيارى كورد ، بەغدا ، ١٩٧٧، ل/ ٦٩ ٠

دوایی پرسیارم لە کتێبدارێک " مکتبی ـ Librarian" کـرد، ئەویش بۆ دۆلابی کتێبەکە ڕێنموویی کردم. کە دەچمە سەر دۆلابەکـە نووسراوە! لە شوێنێکی تایبەت پارێزراون . گەرامەوە بـــۆ لای کتێبدارەکە، بەچاکی سەری دەرنەدەکرد. ناردمی بۆلای یەکێکی دیکە، کاری راست بێ، چوو بۆی هێنام. پرسیاری ئەوەم لێ کرد ئەدی بـــۆ لەگەڵ کتێبە کوردییەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا نیە؟ لەوەرامدا گووتی: گەلێک کتێبی دەگمەندی کوردی هەن لە ژوورێکی تایبەتـــدا پارێزراون، ئەویش لەبەر ئەوەی ، چەندان کتێب لەوانە دزراون و پەڕەو مەڕەیان لێ درێنراون . بۆ مانەوەیان وامان بەچاک زانیوە لەو شوێنە هەڵبگیرێن و ڕێگا بە هەموو کەسێک نەدرێ بیـــــــان بینــــــێ !!! .

بەهەر حاڵ، لێرەش ئەوە حاڵی بووم کتێب دزی ناشیرین و بـــێ هەستی جوامێری بۆ کتێبخانەی کوردی لەدەرەوەی وولاتیش پەیـــــدا دەبێ. ئەوە سەرەڕای ئەو هەموو سیخوڕی چاپەمەنیو تەگەرە خستنە بەر ووشەی پیرۆزەی لەنێو کوردستاندا لەهەر چوار قوڵـــــــــەوە ئابلوقەیان داوە. دیارە بەهەر شێوەیەک بێ لەناوەوە یا لەدەرەوە پاکیان لەیەک سەرچاوەی لێڵەوە هەڵقوڵاون. کە سەرچاوەی خنکاندنی دەنگی ئەدیبی بەراستیو ووشەی گرشەداری بەرەی میللەتە . ئەم دوو تەقەلای بێ سوودە بەسوودە لەگەلێک کتێبی دیکەی کوردی پتـــــــر دووچاری ئەو کێشە هاتبوو، یا ڕوونتر بڵێین هەر لە چاپخانـــەوە ویستراوە بۆ هەتا هەتایە لەبەین ببرێ و جارێکی دیکە ڕووناکـــی

chalakmuhamad@gmail.com

نەبینێتەوە !!! .

لە نێوان چاپی یەکەمی بێ بڵاوکردنەوەو قەدەغەو ئەم چاپی دووەمەی لەدەرەوەی وولات و بڵاوکردنەوەیدا "٥٠" ساڵی ڕەبەقە. ئەگەرچی دەبوایە لە کوردستان و بە بەربڵاوترین شێوە بڵاوبکرابایەوە. بەڵام لە بەراوردی ئەو نیو چەرخەدا ئێستا بە قۆناغێکی مەترسیترو کۆنەپەرستانەترو شۆڤێنیتر دەزانین .

وا بە ماندوێتییەکی زۆری خۆشەوە، بە چاوەڕوان کردنێکی درێژی ئەنجامدارەوە ئەو کارە مەردانەی مێژوو نووسی بڵندمان دۆزرایەوەو چاپکرایەوە..... بە دڵ ئارەزوو دەکەم بتوانرێ زۆرترین دانەی لێ بگەیەنینەوەکوردستان و دەستشارەزایان و ئەدیبان و جەماوەری خوێندنەوەی ووشەی گەوهەرداری کوردی بکەوێو چاوانیانی پێ گەشتر ببنەوە .

ئەوەی لە کۆتاییدا دەبێ بگووترێ ئەوەیە:

ـ جگە لەو دوو سێ پەراوێزەی نیشانەی " * " یان بۆ دانراوە هی محەممەد ئەمین زەکین، ئەوانی دیکە خۆم نووسیومن .

ـ کتێبەکە " دوو تەقەلای ..... " بە ڕێنووسی نوێی کوردی نووسراوەتەوە .

تەواوی ئاواتم سەرفرازی کوردو ڕزگاری کوردستانە .

صباحی غالب

لەندەن / ٤ ی ١١ ی ١٩٨٤

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# کورتەی ژیانی

# محەممەد ئەمین زەکی

chalakmuhamad@gmail.com

تۆ بلّێی بۆ ئاسۆیەکی بێ گەرد، ووشەی گرشەدار کە تامی ووشە ووری ئاسۆکە بدا بە ئاسانی هەڵبژێرری، تۆ بلّێی گەورەیی گەردوون لە باوەشی دەربڕیندا جێی ببێتەوە. تایبەتکە ئەو گەورەیی گەردوونە لەسەر بناغەی عیشق دروست ببێ. عیشقی بۆ کورد ژیان و بۆ مرۆڤایەتی تێکۆشان.

دلّێک کە لە خۆشەویستی پێک هاتبێ جۆرە لێدان و هەژان و لەرەیەکی هەیە. کوا گەرمی و بزوتنەوەیەکی دیکە؟ کوا لەرەیەکی دیکە؟ کوا خرۆشێکی دیکە؟ یا کوا ووشە لەقەرەی باسی ئەو دلّە دێ.

لە خۆگەیشتن و خۆناسین بنەمای سەرەکی ژیانە، تەمەن لەو کاتەوە دەست پێدەکا کە دەبیتە خاوەنی خۆت، ئەوجا لەوێوە بەئاسانی دەتوانرێ هێلّی زیندوێتی لە ژیاندا دیاری بکرێ، راستە رێگای بێ راڕایی‌و بێ لارە تاسەر بەرنەدری، زیندوێتی یانی بۆ کورد کۆشش کردن، دروستە رێبازمانای بۆ نەتەوەکەت و مرۆڤایەتی هەوڵدانە، بۆ لەیەکدی گەیشتن و دلّسوزی‌و پیرۆزی‌و راستگۆیییە، هەموو ئەوانەش ئەوە دەگرێتەوە کە بۆ کوردو بۆ

chalakmuhamad@gmail.com

مرۆڤایەتی خولقاوو مراو بی .

مێژووی پڕ شانازی میللەتەکەمان، خێوی دڵی گەورەی کەم نیە ، فرەمان هەن، یەکێک لەو کەڵە پیاوانەی ژیانی خۆی نەزری سەربەرزی کوردو بە جیهان ئاشناکردنی کردووە ، محەممەد ئەمین زەکییە ، ئەو پیاوە هێند کاری بڵندی کردووە ، شانازییەکی ئێجگار زۆری بۆ خۆی بردووە ، دەردی عەلی کەمال باپیر گوتەنی " ئاسارو کرداری گەلێ لە وەزیفە رەسمییەکانی بالاترە" (٥)، یا وەک عەلادین سەجادی دەڵێ " پایەی شارەزایی لە عیلمی تەئریخو ئاساری کوردستان بە دەرەجەیەکە کە بە باوکی مێژوو ئەناسرێت" (٦) بۆیە هەموو کوردێکی بەئاگاو ووریا ڕێزی خۆی پێ دەبەخشێ .

لە ژیاندنەوەی ئەم کتێبەیدا " دوو تەقەلای بێ سوود" بە جێگای خۆی دەزانین شتێک لەبارەی ژیان و کاری جوامێری ئەو مەردەوە بنووسین .

دیارە دروستترین سەرچاوەکانی لە باسی ژیانی دەدوێن (٧) ئەوانەن کە خۆی یا شارەزایان نووسیویانە . ئێمە هەندێکی سەرەکیان بە پێی مێژووی بلاوکردنەوەیان دەنووسینەوە .

لە ساڵی ١٩٣١دا لە بەرگی یەکەم ، بەشی دووەمی خۆلاسەیەکی

---

(٥) عەلی کەمال باپیر ،گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم ، چاپخانەی " ژیان "ی پیرەمێرد ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ١٣٥٨ کۆچی ـــ ١٩٣٩ی زایینی ، ل/ ١٠ .

(٦) گۆڤاری گەلاوێژ ،ژمارە /٦ ،ساڵی/ ٤ ،حوزەیرانی١٩٤٣ ، ل/٧ ـــ ٨ .

(٧) مامۆستای بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر لە کتێبی مێژوودا =

تەئریخی کوردو کوردستان کە دەبێ خۆی نووسی بێیتی بەو شێوە نووسراوە :

" لە ئەواخیری ساڵی ١٢٩٦ی ڕۆمی" ١٨٨٠ی میلادی "دا لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە ، ئەووەلەن لە حوجرە خوێندویەتیو لە ساڵی ١٣٠٨دا چۆتە مەکتەبی روشدی مەلەکیو ساڵی دوایی چۆتە روشدییەی عەسکەرییەی سلێمانیو دوو ساڵ و نیو لەوێ خوێندویەو بە ئەووەلەمینی سونف چووە ئەعدادی عەسکەری بەغدا ، لەدوای سێ ساڵ و لە ئەووەل ڕۆژی مارتی ١٣١٥دا داخلی مەکتەبی حەربییەی ئەستەمبوڵ بوو لەدوای سێ ساڵ داخڵی مەکتەبی ئەرکانی حەرب بوو وە بە یوزباشی مومتاز لە ١٣٢٠دا لە مەکتەب هاتە دەرەوەو نێررا بۆ بەغدا ، تا پێنج ساڵ لە ئوردوودا بە موهەندیسێتی لە ئەملاک سەنیەدا وەزیفەی دی ، لە ئەووەل ساڵی مەشروتییەتدا کتێبی " عوسمانلی أردوسی"ی نووسیو لە بەغدا تەبع کرا ، لە عەینی ساڵدا بۆ ئۆردووی دووەم " ئەدەرنە " نەقڵ کراو لە ئەستەمبوڵ داخڵی هەیئەتی خەریتەی مونتەزەمە بوو ، لە ساڵی ١٣٢٦دا لەگەڵ قۆمیسیۆنی حودوود نێررا بۆ حودوودی بولغارستان

---

= گەلێک زانیاری بەنرخی لەبارەی ژیانی محەممەد ئەمین زەکییەوە نووسیوە ، ئەوی جێگای سەرنج بێیت ساڵی گەڕانەوەیەتی بۆ عێراق کە لە زمان سانیحە خانی کچی محەممەد ئەمین زەکییەوە بە ١٩٢٣ دانراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دوکتۆر لە پەراوێزی ١٢٥دا دەنووسێ " زوربەی ئەوانەی سەرگوزشتەی ژیانی ئەمین زەکییان گێڕاوەتەوە دەڵێن گوایە تەمموزی ساڵی ١٩٢٤ گەڕاوەتەوە " ، مێژوو ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل/ ١٥٥ .

chalakmuhamad@gmail.com

دوو ساڵی لەم وەزیفەیەدا ڕابواردو لە ساڵی ١٣٢٨دا دیسان لەگەڵ قۆمیسیۆنێک بۆ حودوودی قەفقاس چوو ، لە نیهایەتی ئەم ساڵـــەدا لەسەر تەڵەبی خۆی بۆ جەبهەی باڵقان نێرراو بە سیفەتی ئەرکانـــی حەرب لە فیرقەی پێنجەمدا ئیشتیراکی شەڕی دەوری " چەتالجـــە"ی کردو ساڵێ قیدەمی درایە . ساڵی دوایی لەگەڵ چەنـــد زابتێـــکدا نێررا بۆ فەرانسەو تا ئەواخیری ئەو ساڵە لەوێ ما ، لەدواییـدا گەڕایەوە ئەستەمبوڵ و بۆ لەوازیماتی عومووميە مەئمور کـــرا . لە ئیبتیدای شەڕی گەورەدا بۆ ئەرکانی حەربییەی قۆڵی ئـــوردووی ئەووەل تەعیین کرا ، وە لەوی ئیمتیحانی ئەرکانی حەربـــــی داو نزیکی دوو مانگیش دەوامی مەکتەبی تەیارەی کرد . لە ئەواســـیتی ١٣٣١دا بۆ ئەرکانی حەربییەی عێراق مەئمـــوور کراو بوو بـــــە بیگباشی و لەپێش شەڕی سەلمان پاکدا گەیشتە جەبهەی حەرب و لــەو بەینەدا داخڵی سونفی ئەرکانی حەرب بوو تا دوای سـوقووتی بەغدا لەم جەبهەیە مودیری حەرەکات و لەدواییدا مودیـــری ئیستخبارات بوو ، سێ میدالیەو شەش مانگ قیدەمی درایە . لە نیسانی ســـاڵی ١٣٣٣دا چوو بۆ ئەستەمبوڵ ، ئەووەلەن بۆ فیرقەی چلوشەشـــەمین و لەپاشدا لەسەر تەڵەبی مستەفا کەمال پاشا بۆ ئەرکانی حەربییـــەی ئۆردووی حەوتەم تەعیین کراو بوو بە معاوینی ڕەئیسی ئەرکانـــــی حەرب ، ئەووەلەن چووە حەلەب و لەوێوە لەگەڵ ئۆردوو بۆ جەبهـەی فەلەستین چوو وە تا ١٤ی ئەیلولی ١٣٣٤ لەم جەبهەیە بوو. ســـاڵ و نیوێ قیدەمی وەرگرت و میدالیای سونفی ئەووەلی " دمیر سەلیب"ی درایەو لەم تەئریخەدا بۆ ئۆردووی سێیەم بە عەینی وەزیفــــــە

chalakmuhamad@gmail.com

نێررا و تا لەغوی ئەو ئۆردووە لەگەڵی بوو ، لەپاشــدا یەعنـی لەدوای موتارەکە بۆ " شوعبەی تەئریخی حەرب " تەعیین کــرا و بە فاسیلەیەکی کەم تا ١٣٣٩ لەوێ ما و لەم موددەتـەدا لەژێـر عینوانی " عثمانلی اُسفاری حقنده بعض تدقیقات "، " حرب عمومیده عثمانلی جبهەلری وقایعی"، "عراق سفری و خطا لرمز"، " عراقی نصل غاشب ایتداک "،" عراق تاریخ حرب مختصری "، " سـلمان پاک میدان محاربەسی و ذیلی "،" بغداد وصوک مادشەء ضیاعی"دا چەند ئەسەریکی تەبع کرد ، بێجگە لەمەش " یوز صحیفە دە جهان حربـی"ی تەئلیف و " سر دوغلاس هایغک مخابراتی"، " تاشغلر"، وە چەنـد ئەسەرێکی تری تەرجەمە کردو لەژێر عینوانی " کوتالاماره هجـوم و محاصرەسی "دا ئەسەرێکی دوو جیلدی نووسی . لە ئەواخیـری حوزەیرانی ١٩٢٤دا تەبدیل هەوای سەندو بە ماڵەوە هاتەوە بەغدا . زۆری پێ نەچوو بە عەینی روتبە داخلی جەیشی عیراقی بوو وە کرا بە ئامیر مەدرەسەی عەسکەرییەو داروڵتەدریب ، لە تەمموزی ساڵـی دوایییدا بوو بە مەبعوسی سلێمانی و لە٢٦ی تشرینی سانی ئـەو ساڵەدا بوو بە وەزیری ئەشغال و مواسەلات و تا ئەواسیتی ساڵـی ١٩٢٧ لە عەینی وەزیفەدا بوو لە ئەیلولی ئەم ساڵەدا کرا بـە وەزیری مەعاریف و تا کانونی سانی لەم وەزیفەیەدا بوو.لە١٩٢٨دا دیسانەوە بوو بە مەبعوسی سلێمانی و لە نیسانی ١٩٢٩دا بوو بـە وەزیری دیفاع و لە ئەیلولی عەینی ساڵدا بوو بە وەزیری ئەشغال و مواسەلات و تا ٢٣ی نیسانی ١٩٣٠ لەم وەزیفەیەدا ما ، لە ئیعتباری ئەم تەئریخەوە لە ماڵی خۆیدا بە تەتەبوعـات و تەدقیقاتـی

chalakmuhamad@gmail.com

تەئریخییەوە مەشغوڵ بوو، وە تەئریخێکی دوو جیلدی لە ژێر عینوانی " خۆلاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان"دا نووسی و ئەم جیلدی ئەووەلەی لەچاپ درا. بێجگە لەمە لەژێر عینوانی " تەئریخی وولاتی سلێمانی"و " کوردانی بەنا وبانگ"دا دوو ئەسەری تریشی حازر کرد.

لە ای تەمموزی ۱۹۳۱دا کرا بە وەزیری ئیقتیسادو مواسەلات " تشرینی ئەووەلی ۱۹۳۱" لەم وەزیفەیەدا خیدمەت ئەکا "(۸).

دوای چاپی مێژووی کوردو کوردستان بە پێنج ساڵ واتا لە ۱۹۳٦دا بە زمانی ئینگلیزی ساڵنامەیەکی عیراق " دلیل العراق" دەردەچێ، لە بارەی ژیانی محەممەد ئەمین زەکییەوە دەنووسێ:

" ۱۸۸۰ لە سلێمانی لەدایک بووە، لە کۆلێژی سەربازیو ئەرکانی جەنگ لە ئەستەمبوڵ خوێندوویەتی، لە ۱۹۰۲دا پلەی نەقیبی دراوەتێ، هەر لەو ساڵەدا لەسوپای شەشی لەشکرگای بەغدادا کاری کردووە، لە ۱۹۰۳دا بۆتە ئەندازیاری بەشی سەنییە، لە ۱۹۰۸دا وەک ئەفسەری تۆبۆگرافی بۆ سوپا گەڕاوەتەوە، لە ۱۹۱۰دا لە لیژنەی دیاریکردنی سنووری بولگار ـ تورکیادا هاوبەشی کردووە، لەشەڕی بوڵکاندا ئەفسەری ئەرکان بووە، لە ۱۹۱۳دا بە زەمالەی سەربازی بۆ فەرەنسا نێراوە. لە هەڵگیرساندنی جەنگی گەورەدا

---

(۸) محەممەد ئەمین زەکی، خۆلاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان، جیلدی ئەووەل، جیزمی دووەم، چاپخانەی دارولسەلام، بەغدا، ۱۳۵۰ی هیجری ــ ۱۹۳۱ی میلادی، ل/ ک، ل، م.

chalakmuhamad@gmail.com

وەک ئەفسەری ئەرکان بۆ لەشکری یەکەم گوێزرراوەتەوە ، ئەوجا لەگەڵ کۆمەڵێکدا بۆ خوێندنی فرۆکەوانی دەنێررێتە " سەینت ـ ستیفانس ـ St.Stephanus "، لە ١٩١٥دا بۆ مێجەری بەرزدەکرێتەوە ، لەهەمان ساڵدا بۆ ئەرکانی گشتی سوپای عیراق گوێزراوەتەوە ، لە زوربەی شەڕی بەرەکانی عێراقدا هاوبەشی کردووە ، لە ١٩١٧دا لە سوپای حەوتەمی سەرکردایەتی مستەفا کەمال پاشادا لە فەلەستین یاریدەری سەرۆکی ئەرکان بووە ، پاشان بۆ سوپای سێیەم لەبەرەی قەفقاس گوێزراوەتەوە ، دوای ئاگر بەست بۆ بەشی مێژووی شەڕ گوێزراوەتەوەو چەند کتێبی بەنرخی لە بارەی شەڕەکانی عێراقەوە نووسیوە ، لە ١٩٢٤دا بۆ عێراق گەڕاوەتەوە ، لە خوێندگای سوپادا دەبێتە ماموستا ، فەرماندەی خوێندگای سوپا و کۆلێژی مەشق دەگرێتە ئەستۆ ، لە ١٩٢٥دا دەبێتە نوێنەری سلێمانی لە پارلەماندا ، لە ١٩٢٥ تا ١٩٢٧ وەزیری کارو هاتوچۆ دەبێ ، ١٩٢٧ وەزیری زانیاری " مەعاریف" دەبێ، ١٩٢٩ وەزیری بەرگری، ١٩٣١ وەزیری ئابوری و هات و چۆ، ٩٣٣دەبێتە بەڕێوەبەری گشتی ئابوری و هات و چۆ، ٩٣٥ دەبێتە وەزیری ئابوری و هات و چۆ، تا مارتی ٩٣٥ شەش جار بووە بە وەزیر" (٩) ٠

پلەو پایە وەزیرییەکانی محەممەد ئەمین زەکی بۆ یەکەم جار لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥وە بە وەزارەتی کارو هات و چۆ

---

(9) The Iraq Directory , Privted at the Times Press Ltd , Baghdad , 1936 , P 574 _ 575 .

chalakmuhamad@gmail.com

لە دووەم وەزارەتی سەعدووندا دەست پێ دەکا (١٠) .

لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٦دا لە دووەم وەزارەتی جەعفەر عەسکەریدا وەزیری کارو هات و چۆ دەبێ. لە حوزەیرانی ١٩٢٧دا لە هەمان وەزارەتدا وەزارەتی مەعارف دەبینێ تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ١٩٢٧ .

---

(١٠) عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، الجزء الثالث، مطبعة العرفان، صیدا ١٩٤٨، ص/٦٣ .

ئەوەی شایانی باسە دوکتۆر کەمال مەزهەر لە مێژوودا دەنووسێ " بۆ یەکەم جار بەپێی فەرمانێکی تایبەتی ڕۆژی ای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ بووە وەزیر لە دووەم وەزارەتی عەبدولموحسین سەعدووندا " ل/١٥٥ .

مەسەلەکەش بەو جۆرە بووە " ڕەشید عالی کەیلانی وەزیری ناوخۆ دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران . بەپێی عورف سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە نابێ کارێکی دیکەی هەبێ، وەزارەتی ناوخۆ دەدرێ بە حیکمەت سلیمانی وەزیری مەعاریف . مەعاریف دەدرێ بەدەست بە وەزیری کارو هات و چۆحاجی عەبدولحسین چەلەبی، کارو هات و چۆ بە وەکالەت دەدرێ بە وەزیری بەرگری سەبیح نەشئەت ، لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا ڕەئووف جادەرچی وەزیری دارایی واز دێنێ، ماوەیەک سەرۆکی وەزیران خۆی کاری دارایی دەبینێ تا لە ٢٥ ی تشرینی دووەمی ١٩٢٥دا کارو هات و چۆ دەدرێتە محەممەد ئەمین زەکی خۆشناو . دارایش دەدرێ بە سەبیحی وەزیری بەرگری .

عبدالرزاق الحسنی ، هەر ئەو سەرچاوە ، ص / ٦٣ .

chalakmuhamad@gmail.com

لە ٢٨ نیسانی ١٩٢٩دا لە وەزارەتی تۆفیق سوید یدا تا ١٩ی ئەیلولی ٩٢٩ وەزیری بەرگری دەبێ .

لە ١٩ی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەبێتەوە بە وەزیری کارو هات و چۆ تا ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩ .

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩دا لای ناجی سویدی تا ٢٣ی ئازاری ١٩٣٠ تەماشای وەزارەتی کارو هات و چۆ دەکاتەوە .

لە ٣٠ی مایسی ١٩٣٠دا کە یانەی " سەرکەوتن" لە بەغدا لە لایەن کوردەکانی پێتەختەوە دروست دەبێ ، ئەم یەکێک لە چالاکترین ئەندامەدا مەزرێنەرەکانی دەبێ، لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دووەم دەنگ کە ١٠٧ دەنگ دەبێ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرو (١١) سەرۆکی ئەو یانەیە .

---

(١١) لە کۆبوونەوەی کردنەوەی یانەی " سەرکەوتن "دا وەزیری دادو وەزیری مەعاریف و نەقیبول ئەشرافی بەغداو شاعیری بە نێو بانگ جمیل سدقی زەهاوی و هەموو فەرمانبەران و ئەفسەرە کوردەکانی نیشتەجێی بەغدا ئامادە دەبن . لە ئەنجامدا ئەوانەی بۆ دەستەی بەرێوەبەر هەڵدەبژێرێن .

| | | |
|---|---|---|
| ٥٢ | دەنگ | ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری |
| ١٠٧ | دەنگ | ئەمین زەکی بەگ |
| ١٦٠ | دەنگ | مارف جیاووک |
| ١٠٢ | دەنگ | مەحموود جەودەت |
| ٨٧ | دەنگ | عەبدوڵڵا لوتفی |
| ٩٤ | = | خەڵەف شەوقی |
| ٨٦ | = | محەممەد عەلی ئەفسەری تۆپچی |
| ٦٣ | = | ئەحمەد ئاغای کەرکوکی = |

chalakmuhamad@gmail.com

لە یەکەم وەزارەتی نوری سەعید دا لە ئەیلولی ١٩٣٠ تا ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ وەزیری ئابوری و هات و چۆ دەبێ، لە دووەم وەزارەتی سەعیددا تا ٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢ هەر ئەو وەزارەتە بەرێوە دەبا . لەم دووەم وەزارەتەدا وەختێک نوری سەعیدو جەعفەر عەسکەری دەچنە دەرەوە، ناجی شەوکەت دەبێتە جێگری سەرەک وەزیران، وەزارەتی بەرگریش بە وەکالەت دەدرێتە ئەمین زەکی . شەڕی یەکەمی بارزان دەست پێدەکا ، ناجی شەوکەت فەرمان بە سوپا دەکا هێرش بکاتە سەر بارزان، محەممەد ئەمین زەکی لە نارەزایی ئەوەدا واز لە کار دێنێ . لە ئەنجامدا مەلیک فەیسەڵ داوای لێ دەکا نووسراوی واز هێنانەکەی بکێشێتەوە ، ئەویش بەقسەی دەکا(١٢) .

لە سێیەم وەزارەتی جەمیل مەدفەعیدا لە ٤ی ئازاری ٩٣٥ تا ١٥ی ئازاری ئەو ساڵە وەزیری ئابوری و هات و چۆ دەبێ، لەم وەزارەتە کەم تەمەنەدا کە گەرمەی بزووتنەوەکەی عەبدولواحیدی حاجی سوککەرو هاوەڵەکانی دەبێ لە ناوچەی فورات . لیژنەیەکی وەزاری لە محەممەد ئەمین زەکی وەزیری کارو هات و چۆ، عەولعەزیز قەسساب وەزیری ناوخۆو نوری سەعیدی وەزیری دەرەوە دروست دەکرێ تا لەگەڵ سەرانی بزوتنەوەکەدا قسە بکەن و بگەنە ئەنجامێکی گونجاو . لەسەر داخوازی نوری سەعید تەنها وەزیری

---

= ٥٨ دەنگ پارێزەر عارف پشدەری .

ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە/ ٢٤٣، ساڵی/٥ ، ٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠ .

(١٢) قسەی کاک " عەلی کەمال"ە لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٤ بۆ گێڕاومەتەوە .

chalakmuhamad@gmail.com

ناوخۆ بۆ قسە لێکردن بەرەو ناوەندی فورات دەچێ دوو ئەندامەکەی (١٣) دیکە وەک ئەندامی لیژنەکە چالاکی نانوێنن . لە ئەنجامدا بزووتنەوەکە وەزارەتەکەی مەدفەعی دەروخێنێ .

لە دووەم وەزارەتی یاسین هاشمیدا لە ١٧ی ئازاری هەمان ساڵ تا ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ وەزیری ئابووری و هات و چۆ دەبێ.

لە پێنجەم وەزارەتی نوری سەعیددا لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٠ تا ٣١ی ئازاری هەر ئەو ساڵە وەزارەتی کارو هات و چۆ دەبینێ .

لە سێیەم وەزارەتی رشید عالی گەیلانیدا لە ٣١ی ئازاری ١٩٤٠دا وەزیری ئابووری دەبێ تا لە ٣ی تەمموزی هەمان ساڵدا واز دێنێ .

بۆ دواجار لە شەشەمین وەزارەتی نوری سەعیددا لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١دا وەزیری کارو هات و چۆ دەبێ تا لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢دا واز دێنێ و جارێکی دیکە بەلای وەزارەتدا ناچێتەوە (١٤) .

" هۆی واز هێنانەکەی نەخۆشی و زیاتر لەسەر ئەوە بوو کە

---

(١٣) عبدالعزیز القصاب ، من ذکریاتی، الطبعە الاولی، منشورات عویدات ، بیروت ، ١٩٦٢، ص/٣٠١. لێرەدا وا هاتوە کە نوری سەعید وەزیری بەرگری بوو بێ بەڵام ئەوی راستی بێ وەزیری دەرەوە بووە، رەشید خۆجە وەزیری بەرگری بووە .

(١٤) زوربەی ئەو زانیاریانەی پەیوەندی بە وەزارەتەکانەوە هەیە لە دلیل الجمهوریە العراقیە لسنە ١٩٦٠، تالیف محمود فهمی درویش والدکتورین مصطفی جواد و احمد سوسە ، دار مطبعە التمدن ، بغداد، ١٩٦١ . وەرگیراون .

نوری سەعید بێ ئاگاو ڕەزامەندی ئەو یەکێکی ناشی کردبوو بە کارگێڕی گشتی پێوانە لە وەزارەتەکەی ئەودا ، ئەو کارە وا ڕقی هەڵساند جارێکی تر توخنی وەزارەت نەکەوێتەوە ، بەڵام تا ڕۆژی مردنی وەک ئەندامی ئەنجومەنی پیران مایەوە ، هەرچەندە دەگمەن دەچووە کۆبوونەوەکانی ۰

کە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی نۆی تەمموزی ساڵی ۱۹٤۸ دوا هەناسەی ژیانی لە سلێمانیدا لاوو پیرو میرو گەدای شار بەرگی ماتەمیان پۆشی و تەرمی پیرۆزیان بە خاکی سەیوان سپاردو دوا چەپکی زێرینی ئەو زانا گەورەیەیان لەگەڵ خویان بۆ هێنایەوە ،

ئەگەر مردمو نەمدی قەومەکەم سەربەرزو ئازاد
بزانن دەناڵێ ڕۆحەکەم تا ڕۆژی میعاد
ئەبێ لاوانی کورد تێبکۆشن
گەر ویستیان ڕۆحی من ببێ شاد " (۱۵)

---

(۱۵) دوکتۆر کەمال مەزهەر ، مێژوو ، ل/۱۵۷ ۰

chalakmuhamad@gmail.com

# هەندێ چالاکی

## محەممەد ئەمین زەکی

## لە پەرلەماندا

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

ئەمین زەکی لە هەر پلەو پایەیەکدا بوو بێ، خزمەتکردنی میللەتەکەی لەپێش چاوان بووە، یەکێکی دیکەی مەیدانی کاری ئەو پیاوە ئەنداméتی بووە لە پارلەماندا. بۆ یەکەم جار لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٢٥ لەلایەن سلێمانییەوە بە ئەندامی پارلەمان هەڵدەبژێرری، لەوێدا گەلێک چالاکی پیاوانەی بە قازانجی میللەت نواندووە.

لە ١٩٢٨دا نامیلکەیەکی بەنێوی " موحاسەبەی نیابەت"ەوە(١٦) بڵاوکردۆتەوە، تێیدا شارەزایانەو بە ووردی باوەڕی خۆی لەبارەی ئەندامێتی پارلەمانەوە باس کردووە، بەر لەهەموو شتێک مافی لێپرسینەوەی بەو جەماوەرەی کە هەڵیان بژاردووە داوەو ئامادە بووە لەبەردەم دادگای سەرراست و بەویژدانی کۆمەڵاندا بەوپەڕی سەربەرزیو گەردن کەشییەوە ڕاوەستێ، بۆ ئەوەش دروشمی " ئەوی حیسابی پاکە لە موحاسەبە بێ باکە"ی بەرزکردبۆوە " لە خوسووس وەزیفەی عومومییەوە ئەوەندە عەرز دەکەم کە لە موددەتی ئەم دوو ساڵ و نیوەدا بە سکونەتێکی تەواو، بە ویجدانێکی موستەریح و بە قەناعەتێکی سابیت و موعتەدیل، هەرچی بۆ مەسلەحەت و نەفعی ئەم مەملەکەتە هێنراوەتە پێش یاریدەمدا بە دەرەجەی قودرەت و ئیمکانی خۆمان چ لە مەجلیسدا و چ دەری

(١٦) محەممەد ئەمین زەکی، موحاسەبەی نیابەت، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ١٩٢٨، ٣١ لاپەڕەیە.

chalakmuhamad@gmail.com

مەجلیسدا ئەوی کە بۆ مەملەکەت بە مەسلەحەتمان دی هەوڵمان بۆ دا و دائیما تەرەفداری حەق و پشتیوانی نەفعی عومومی بووین، لە ئیفرات و تەفریت خۆمان پاراست و قەت بە بێ موناسەبەت دەنگی خۆمان دەرنەهێناوە، نەخۆمان و نە ئێوەمان پیا و خراپ نەکرد، وە ئەمین بن هەرچیمان کردووە هەموو بە حوسنی نییەت و بە فیکری چاکەوە کردوومانەو هیچ شتێکمان بە خاترانە نە قبوول و نە ڕەدکردۆتەوە .

بەڕاستی بە لوتفی خوا و پێغەمبەرو " درووودی خوای لەسەربێ" بە واسیتەی ئەم مەسلەکە باشەوە بوو کە ئێمە توانیمان لە هەموو کەسێ زیاتر خزمەتی مەملەکەت و خزمەتی دائیرەی ئینتیخابییەی خۆمان بکەین." (١٧)

ئەو لە پەرلەماندا تەنێ خۆی بە نوێنەری سلێمانی نەزانیوە، بەڵکو نوێنەری هەموو کورد بووە، گەلێک جاریش وەک نوێنەری گشت عێراق کۆشاوە، هەر نادروستییەکی بەپێی باوەڕی خۆی بینی بێ چەندی پێ کرابێ‌و لە سنوورێکدا کە بە مەعقولی زانی بێ خەباتی بۆ کردووە .

لە ڕێگای " موحاسەبەی نیابەت"ەوە، گەلێک زانیاری ڕاستمان لە بیستەکاندا لەبارەی ناوچەی سلێمانییەوە دەست دەکەوێ، هەر کاروبارێکی لەو لیوایەدا کرابێ بەشی هەوڵی جوامێرانەی محەممەد ئەمین زەکی پێوەیە، فەرمانگای گشتی ڕێگاوبان، بەڕێوەبەرێتی ئەوقاف دەکرێنەوە، قەرەداغ وبازیان کە بەهۆی سیاسەتەوە لە سلێمانی سەندرابوونەوە، دەخرێنەوە سەر سلێمانی .

(١٧) هەر ئەو سەرچاوە، ل/ ٤-٥ .

chalakmuhamad@gmail.com

لە ١٩٢٦دا لە سلێمانی خەستەخانەیەکی بیست جێگەیی دەکرێتەوەو دوکتۆرێک و ئەجزاچییەکی بۆ دادەنێن . ژمارەی قوتابخانەش لە یەکەوە دەگاتە چوار قوتابخانە، لە هەڵەبجەو پێنجوین و قەرەداغیش قوتابخانە دەکرێتەوە، دواتریش لە تەوێڵەو بەرزنجەو چوارتا قوتابخانە دەکرێتەوە. وەختێکیش خۆی دەبێتە وەزیری مەعاریف هەموو هەوڵێکی بۆ کردنەوەی قوتابخانەو ئامادەکردنی مامۆستای کوردو کتێبی کوردی و ناردنی قوتابیانی کورد بۆ دەرەوەی وولات بۆ خوێندنی باڵا تەرخان دەکا .

لە ڕێگاو بانیشدا کۆششێکی فرە دەکا، تایبەت کردنەوەی هێڵی ئاسن بۆ سلیمانی، ئەوجا هێڵی تەلەفون و کردنەوەو دامەزراندنی پۆست و بێتەل ، ڕێگاکانی سلێمانیـ کەرکوک ، هەڵەبجە، پێنجوین،چوارتا، قەرەداغ دروست دەکرێن .

لە پارلەماندا هاوکارو یاریدەرێکی چاکی نوێنەرەکانی دیکەی کورد بووە ، هەرکاتێک پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریان پێشکێش کردبێ ئەم بە دڵسۆزییەوە پاڵپشتی کردوون . ئەو دەمی نوێنەرەکانی کەرکوک و هەولێر نەشئەت ئیبراهیم، یوسف ئیبراهیمو ئیسماعیل بەگی ڕەواندوزی ناتەواوی مەعاریفی کوردستان و گوێ پێ نەدانی دەوڵەت دەردەخەن و ڕەخنەی لێ دەگرن، داوا دەکەن خوێندن بە کوردی گرنگی پێ بدرێ و لە هەموو قوتابخانەکاندا بۆ ساڵانەوی لە هەولێر بکرێتەوەو کەمو کوری سانەوی کەرکوک تەواو بکرێ، ئەمین زەکی لەگەڵیاندا ڕادەوەستێو دەنگی دەخاتە پاڵیان، بەڵام بەداخەوە هەر لەو کاتی دەمەتەقەیەدا داود حەیدەری لە ڕووی

chalakmuhamad@gmail.com

ئەواندا ناڕازی ڕادەوەستێ و دەڵێ " لە ئیدیعای لوزومی تەدریسات بە زبانی کوردی موخالیفی ڕەفیقەکانمم، لەسەر موسا مەحەکردنـــی تەدریسات بە زبانی کوردی مەعاریف بە هەموو هێزی خۆم تەنقیـــد ئەکەم. لە ئەلوییەی سەروودا مەعاریف زۆر ناتەواوە، قوتابییەکانی ئەو ناوە نە بە کوردی و عەرەبی و نە بە تورکی ئەتوانـــــن قســـە بکەن " (١٨).

ژیان لە وەرامی داود حەیدەریدا بە نێونیشانی بۆ مەبعوسێکی حەق لەژێر پێنەر نووسینێک بڵاو دەکاتەوەو دەنووسێ " ئەو بەیانە لیسانی حاڵی هیچ فەردێکی میللەت نیەئیللا جەنابی مەبعوس خـــۆی نەبـێ "(١٩) .

بە نێوی خەڵکی بەشەرەفی هەولێری بە پێوە ڕاوەســـتاوەوەش بروسکەیەک بۆ داود حەیدەری لێ دەدرێ و ناڕەزایی خۆیانـــی بـــۆ دەردەبڕن و دەڵێن: لە مەجلیسی نوابدا بۆ داود حەیـــدەری(٢٠) لە ئەسنای موزاکەرەی میزانییەی مەعاریفدا لە عەلەیهــــی تەعلیمی کوردی مونا قەشەکەتان لە غەزەتەدا خوێندرا یـــــــەوە، حیرەتمان کرد. ئێوە کە ئاگاداری ئیحتیاجاتی مەملەکەت و ئارەزوی میللەت نین ڕەجا ئەکەین بەم نەوعە جەســـارەت مەنوێنـــن .

| | | |
|---|---|---|
| ڕەئیسی دەرگەلـــە | ڕەئیـــسی باڵـــەک | ڕەئیسی بەلەدییە |
| محەممەد ئەمیـــن | شـــێخ محەممـــەد | محەممەد عەلـــی |

---

(١٨) ژیـــان، ژمارە / ٦٨، ٣١ ی مایســـی ١٩٢٧ .
(١٩) هـــەر ئـەو ســـەرچاوە .
(٢٠) ژیان، ژمارە/ ٦٩، ٧ی حوزەیرانی ١٩٢٧ .

chalakmuhamad@gmail.com

رەئیسی زوراری — ئەعـــزای ئیـــدارە

ئەســــعەد — مســـتەفا — محەممەد سالح ئەفەندی

دوای هەڵبژاردنەوەی پارلەمان، محەممەد ئەمین زەکــی لـــە ٩ی مایسی ١٩٢٨دا دەبێتەوە بە نوێنەری سلێمانی ، لە یەکـــــی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنـــــی پارلەمان هەڵدەبژێررێ ، ئەوسا عەولعەزیز قەسساب سەرۆک بوو (٢١).

لەو خولەشدا وەک سالانی رابوردوو کۆششی بەردەوام دەبـــێ، چەندان راپۆرت بۆ چاککردن و پێشکەوتنی لایەنە جۆر بەجۆرەکانـــی کوردستان و عێراق پێشکێش بە کاربەدەستان دەکا ۔ لە هەوەڵـــەوە دوو راپۆرت دەربارەی مەعاریفی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارلەمان بەرزدەکاتەوە ۔ لەوێدا داوای دروستکردنی لیژنەیەکی زانســـتی کتێب دانان و وەرگێران ، بەڕێوەبەرێتێکی تایبەت بە کوردستان و دانانی سەربەرشتیاری شارەزا بۆ خوێندنی کوردی دەکا ۔ کورتـــەی راپۆرتەکان بەو شـــێوەیە :

راپـــورتی یەکەم :

لە لیوای موسڵ ، هەولێر ، کەرکوک و سلێمانیدا حاڵـی حازر ٣٨ مەکتەبی کوردی تیا مەوجودە ، لە مەکاتیبی ئیبتدائی، سانەوی کوردەکان لەسەر مینهاجی رەسمی مەعاریف بۆ پەنجا و هەشت مەوزوع کە مەجبورن تەدریسی بکەن ، تەنها بۆ دەرسێکیان کتێبی کـــوردی هەیە ۔ بۆ مەوزوعەکانی کە چونکە کتێب نییە تەلەبەکان مەجبـــورن

(٢١) ژیان ، ژمارە / ١٣٨، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ ۔

chalakmuhamad@gmail.com

نۆت " ملاحظه ـ Note ـ س ـ غ " بگورنو لەسەر ئەو نۆتانە مەحکومی سەعی کردنن . لاکین لە سونفە ئەووەلییەکاندا چونکە تەلەبەکان بەتەواوی ناتوانن بنووسن مومکینیان نابێ نۆتێکی سەحیح بگرن و لە خاریجی ئیمکانیانە ، لە غەیری ئەوەی کە بە غەڵەت و بەعەجەلە دەفتەرەکانیان ڕەش و پڕ بکەنەوە ناتوانن سەعێکی تر بکەن . لەبەر ئەمە زیهنیان بە مەعلوماتی غەیرە سەحیح ئیشغال و ماندوو ئەکرێ . هیچ ویژدانێک قوبووڵی ناکات ئەم تەلەبانە کە ئومێدی ئیستیقبالی کوردەکانن بە مەعلوماتی غەیرە سەحیح زیهن و دەماغیان موشەووەش و زەهراوی بکرێ ، مەجبورین ئەم مەکتەبانەی کە کراونەتەوە بیکەین بە موئەسسەیەکی مەعریفەت و بە وەسائیتی تەدریسییەیەکی چاک مادەتەن و مەعنەن تەجهیزیان بکەین . لەبەر ئەمە ئیستیرحام ئەکەم بو ئەوەی دەست بەجێ دەست بکەن بە تەرجەمەو تەئلیف ، بە عەجەلە " لیجنەیەکی دائیمی " تەشکیل و لە کوردە مونەووەرە موقتەدیرەکانی شێرە ئەعزای بۆ تەعیین بکەن.

کورتەی ڕاپۆرتی دووەم :

ئەو مەکتەبانەی کە لە لیوای سلێمانی، کەرکووک و هەولێردا مەوجودن قیسمێکیان لە تەرەف مودیریەتی مەنتیقەی موسڵ و قیسمێکیان لە تەرەف مودیریەتی مەنتیقەی بەغداوە ئیدارە ئەکرێن . لەبەر ئەمە کە مودیری هەردوو مەنتیقەکان کوردی نازانن و عادەتا بێگانەن بەم لیسانە ، ناتوانن تەفتیش و موراقەبەی مەکتەبەکان بکەن و لە قودرەتی تەدریسییەی موعەلیمەکان تێ ناگەن و بە تەواوی عاجزن کە ئیسلاحی تەرزی

chalakmuhamad@gmail.com

جەرەیانی ئوسوڵی تەدریسییەی مەکتەبەکان بکەن ۰ لەبەر ئەم وەزعیەتە چونکە مەکتەبە کوردییەکان لە موراقەبەو نەزارەتێکی موتەمادی مەحرومن و نەتیجە بووە بە سەبەبی عەدەمی تەرەقی و تەکامولیان . لەبەر ئەوە تەلەب ئەکەم ئەو مودیریەتی مەنتیقەی کە ۲ـ ۳ ساڵ لەمەو پێش بۆ ئەم خوسووسە هەبوو عەجەلە ئیحداس و ئیعادەی بفەرموونەوەو مەکاتیبی سلێمانی، کەرکووک و هەولێر رەپتی ئەم مودیریەتە بکەن و مودیرێکی کوردی بۆ تەعیین بفەرموون . وە لە عەینی زەماندا بۆ ئەو شازدە مەکتەبە کوردییەی کە لە لیوای موسڵدا هەن بۆ تەفتیش و موراقەبەیان موفەتیشینی کوردی موقتەدیر ئیستیخدام و عەلاوەی ۰۰۰۰ مودیریەتی مەنتیقەی موسڵی بکەن ۰ موحەقەق لێم مەعلوومە کە مەجلیسی عالیتان ئەبێ بە زەهیری ئەم تەڵەبەو ئومێدم تەرویج ئەفەرموون۰ (۲۲) .

هەر لەو کاتەدا نوێنەرەکانی هەولێرو کەرکووک و سلێمانی راپۆرتێک بۆ وەزارەتی مەعاریف دەنووسن ۰ هۆی دواکەوتنی خوێندەواری لە ناوچەی کوردستاندا باس دەکەن و بۆ چارەسەریشی داوا دەکەن لیژنەیەکی وەرگێران و دانان دروست بکرێ . مووچەی مامۆستایان زیاد بکرێ، بەڕێوەبەرێتییەکی تایبەت بە مەعاریفی کوردستان دابمەزرێ و کاروباری خوێندنی ناوچەکە لە ئەستۆ بگرێ، تەواوکردن و رێکخستنی ئامادەیی و سانەوی بکرێ و خوێندگای

---

(۲۲) ژیان ، ژمارە / ۱۱۸، ۲۱ی حوزەیرانی ۱۹۲۸ ۰

chalakmuhamad@gmail.com

ماموستان و قوتابخانەی کچان بکرێتەوە ٠ (٢٣) ٠

لە ڕاپۆرتێکی دیکەی محەممەد ئەمین زەکیدا بۆ پارلەمان دەربارەی سیاسەتی پەروەردەو زانیاری دەوڵەت بەگشتی قسە دەکا، بەراوردی دۆخی خوێندەواری پێش شەڕی یەکەم و دوای شەڕ لەعیراق و هەندێ وولاتاندا دەکا، لەوێدا سەرنج بۆ بودجەی مەعاریف لەچاو بودجەی نەتەوەییەوە ڕادەکێشی ٠ لە ساڵی ٩٢١-١٩٢٢دا لە ٣/٣% بووە لە ساڵی ٩٢٨-١٩٢٩دا دەگاتە ٥/٥% ٠ ژمارەی قوتابیانیش لە ماوەی چوار ساڵدا لە ١٧٢٣٢ دەگاتە ٢٤١١٤ کە تێکڕا لە ساڵێکدا ١٧٣ قوتابی زیادی کردووە ٠

ئەو تێکڕایی زیادبوونە بەلای محەممەد ئەمین زەکییەوە کەم دەبێ و نیشانەی پێشکەوتنی وولاتی پێوە دیار نادا ٠ بەراوردی قوتابیانی عیراق و هەندێ وولات دەکا، لەوەدا بۆی دەردەکەوێ کە عێراق لە هەزاردا هەشت قوتابی سەرەتایی هەیە بەڵام پێش جەنگ بەریتانیا لە هەزاردا ١٥٧، فەرەنسا ١٤٤، ئیسپانیا ١٥٣، بولغاریا ٩٦و یونان ٨٨ قوتابیان بووە ٠ بەو جۆرە تێکڕایی زیادبوونی قوتابیان لە ساڵێکدا نیو قوتابی بووە، بۆیە ئەگەر بەو شێوە مەعاریف بڕواو ڕێگەیەکی دیکە نەگیری ئەوا بە ١٦٠ ساڵ عێراق دەگاتە پلەی خوێندەواری پێش شەڕ لە یوناندا و بە ١٩٢ ساڵ ئەوسا دەگاتە پلەی بولغاریا ٠ (٢٤)٠

(٢٣) هەر ئەو سەرچاوە ٠

(٢٤) ژیان ، ژمارە ١٣٧/، ١٥ای تشرینی دووەمی ١٩٢٨ ٠

chalakmuhamad@gmail.com

بۆ چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە لە پارلەمان دەخـــــوازێ بودجەیەکی تایبەت بۆ مەعاریف دابنرێ و باجێکی زێدە بـــــەلام کەم بخرێتە سەر بەرو بووم بە مەرجێک هەمووی بۆ ئەو مەبەســــتە بێ . لە بینینی وەزارەتی مەعاریفدا ویستوویەتی بەهۆی لیژنەیەکی تایبەتەوە ئەو کارانە بکا بەلام ماوە کورتی لەو وەزارەتـــــەدا رێگای نەداوە بگاتە ئەنـــــجام .

لە سالّی ٩٢٨ نوێنەرە کوردەکان بۆ ئابوری عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەت راپۆرتێک بە پارلەمان دەدەن ، بە زوربـــەی دەنگ ئەو راپۆرتە قوبوولّ دەکرێ و دەدرێ بە وەزارەتی کشـــــت و کالّ ((بەلام چونکە هێشتا "سالّی ٩٢٩ ــ س ــ غ" حوکوومــــــەت بـــــۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیشە تەشەبوسێک و چارەیەکی نەکردووە دیســــان وەکیلی موحتەرەمما ن مەعالی ئەمین زەکی بەگ پرسیارو سوئا لـــــی لە وەزیری زەرا عەت کردۆتەوە ))(٢٥) .

محەممەد ئەمین زەکی شارەزا لە زوربەی بوارەکانی ژیانـدا ، وای لێ کردووە لە پاکیاندا پێش بکەوێ، لەسەرەتای هاتنیـــــەوە بۆ عێراق ئەو فەرماندەو بەرێوەبەری مەشق و ئاموزگای شاهانـــەی سەربازی بوو ، دای مەزراندو پێشی خست ، چەندان جار بۆتـــــــــە وەکیلی وەزیری بەرگری و لە وەزارەتەکەی تۆفیق سویدیشـــــــــدا " نیسانی ٩٢٩" دەبێتە وەزیری بەرگـــــری .

بەر لەوەی ببێ بە وەزیری بەرگری، راپۆرتێکی دوورو درێـــژ

---

(٢٥) ژیان ، ژمارە / ١٦٤، ٤ ی نیسانی ١٩٢٩ .

chalakmuhamad@gmail.com

بۆ دەست پێدا هێنا ن و گەشەکردنی سوپا ی عێرا ق دەنووسێ و پێشکێش دەکـا ۰ (٢٦) ۰

لە ٤ ی نیسا نی ١٩٢٩دا نوێنەرە کوردەکا ن پێکەوە ڕا پورتێک بۆ سەرەک وەزیرا ن و مەندوبی سا می دەربا رەی ئەو ما فا نەی کۆمەڵەی گەلان دا بووی بە کوردو جێبەجێ نەکرا بەرزدەکەنەوە ۰ دەقەکەی ئەوەی لای خوارەوەیە :

فەخا مەتی رەئیس وەزەرا ی عێرا ق (٢٧)

سورەتێکی بۆ فەخا مەتی مەندوبی سا می عێرا ق ۰

لەو وەختەدا کە لیجنەی عوسبەتولئومەم خەریکی حەللی مەسئەلەی موسڵ بوو لە تەقریرەکەیا ندا تەوسییەیا ن کردبوو بە دا نی بەعزێ ئیمتیا زا تی ئیدا ری بە میللەتی کورد ۰

لە خوسووس ئیدا رەیا نەوەوبۆ تەئمینی مەسا لیحیا ن سەلاحیەت و حورریەتێکی گەلێکیا ن پێ بەخشیوین ۰ بەلام مەعەلئەسەف ئەم ئیمتیا زا تە کە لازم بوو لە عومومی کوردستا ندا تەتبیق بکرێ هەر مونحەسیر کرا وە بە لیوا ی سلێما نی و هەولێر ، ئەم ڕێیە لە خوسووس تەتبیقی ئەم ئیمتیا زەوە حا ڵی حا زر گیـرا وە فا ئیدەیەکی عیلمی، ئیقتیسا دی و ئیدا رەیەکی با ش کە ڕەغبەتیا ن لەسەر بێ بە کوردەکا ن نا بەخشێ ۰ مەعلوومە ئەم ئوسووڵەو ئەم ڕێیە کە ئێستا بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیا زە گیرا وەو کە حکوومەت

---

(٢٦)هەر ئەو سەرچاوە ۰

(٢٧)ژیا ن ، ژمارە / ١٦٦، ١١ی نیسا نی ١٩٢٩ ۰

chalakmuhamad@gmail.com

زۆر سوعوباتی تیا ئەکێشێ نەتیجە فائیدەیەکی باشیشی نابێ بۆ کوردەکان .

کەواتە لازمە بۆ تەتبیقی ئەم ئیمتیازە تەشکیلاتێکی عوموومی واسیعتر بکرێ کە زیاتر مولائیم بێ بۆ حوقووقی کوردەکان ئەوەوقتە بە تەبیعی ئەم بارە قورسەیش لەسەر شانی حوکوومەت سووک ئەبێت .

بە قەلبێکی سەمیمییەوە ئیستیرحام ئەکەین تەماشای مەتالیبەکانی خوارەوەمان بکەن . وە بە عەجەلە تەوەسول و سەلاحیەت بدەن بۆ ئەم تەشکیلاتە مەتلوبە موسیبە .

١ـ لە فەخامەتتان مەخفی نیە کە لیوای موسڵ لە وەزعیەتی حازردا عیبارەتە لە بیست و چوار ناحیەو نۆ قەزا ، ئەم قەزایانەش ئەمانەن : شێخان ، عەقرە ، زێبار ، ئامێدی، زاخۆ ، دهۆک ، تەلەعفەر ، سنجارو نەفسی قەزای موسڵ . وە ئەگەر بڵێین ئەکسەریەتی عەشایەرو ئەهالی ئەم قەزایانە موافیقی لوغەت ، تەئریخ و عادەتیان کوردن شتێکی تازە ناڵێین . ئەو خەریتەیەی کە لیجنەی عوسبەتولئومەم لەسەر ئەساسێکی جنسییەت لەم خوسووسەوە رەسمی کردووە لەبەر چاومانەو بە ئاشکرا ئیسپات و ئیزاحی ئەمە ئەکات .

غەیرەی ئەمیش جیددەن زۆر زەحمەتە بۆ موتەسەریفی لیوای موسڵ کە دائیما لەناو ئەم مەنتیقە واسیعەدا بگەڕێ و ئاگاداری هەموو ئەحوالی ئەهالیەکە بێ و دیسانەوە بۆ ئەهالیش زۆر زەحمەتە کە بۆ ئیشی حوکوومەتیان دائیما بچنە مەرکەزی لیواو

لەبەر ڕێ دووری و لەبەر ئەوەی کە لە زبانی کــــوردی زیاتــــر لیسانێکی کە نازانن و لەبەر ئەوەی کە وەزعیەتی مالیەشـــــیان موساعید نیە لەبەر ئەوە ئیقتیراح ئەکەین تەشکیلی لیوایەکـــی کورد بکەن کە مەرکەزەکەی دهۆک بێ و بە لیوای دهۆک نا و ببــرێو قەزای عەقرە ، زێبار ، ئامێدی،زاخۆ مولحەق بەم لیوایـــە بـــن و تەشکیلاتی ئەم لیوایەش بە پێی تەشکیلاتی لیواکانی ئێســــــتای شیمال بێ و موعامەلاتی رەسمییەیان ببێ بە کوردی ۰

٢ـ لە فەخامەتتان مەخفی نیە کە موازەنەو میقیاسی میللەتێــک هەر مەعاریفەو هەر مەعاریف ژین و سەعادەت و ئیستیقبا لـــــــــی میللەتێک تەئمین ئەکات ۰ عەکسی ئەمە ئەگەر میللەتێ،مەعاریفـــی نەبێ مەحکوومی مردن و زیللەتە ۰ ئەگەر بە مونسیفانە تەماشـــای وەزعییەتی مەعاریفی لیوا کوردییەکان بکەن و لەگەڵ مەعاریفـــی مەنتیقەکانی کەدا موقایەسەی بکەین موتەئەسیفانە چا ومــــــــان پێ ئەکەوێ کە مەعاریفی مەنتیقەی کوردستان بە دەرەجەیـــــــەک دواکەوتووە کە ئینسان موتەئەسیر ئەکات ، غەیــــــری ئەمیـــش ئەسبابێکی تری هەیە کە بە نیسبەت سەددەوە میقداڕێکی زۆر کەمـــی بۆ مەساریفی کوردستان سەرف ئەکرێت ۰ وە ئیهتیمام نادرێت بــــە تەرجەمەو تەئلیفی کتێبان ۰

لەبەر ئەوە ئیقتیراحیش ئەکەین کە بۆ مەعاریفی ئـــەم لیوا کوردیانە مودیرییەتێکی مەعاریفتەعیین بکرێ کە مودیرەکــــــەی کوردێک بێ ومەرکەزەکەشی لە یەکێک لە لیوا کوردیەکان بێ ۰

٣ـ تەوحیدی ئیدارەی چوار لیوا کوردەکە بکرێت کە ســـلێمانی،

chalakmuhamad@gmail.com

کەرکووک ، هەولێرو دهۆکە ۰ بۆ ئەمانە تەشکیلی موفەتیشیەتێکی عام بکرێتکە رەئیسەکەیان یەکێک بێ لە کوردەکان کە ئیقتیدارى کیفایەتی بۆ ئەم وەزیفەیە مەعلوم بێ کە موراقەبەی هەموو ئیش و کاری ئەم لیوایانە بکات و موتەسەریفی لیواکانیش موراجەعەتی پێ بکەن و سەلاحیەتێکی تەواویشی بدرێتی و مەربوتی پایتەختی حوکوومەتی عێراق بێ و لە لیوا کوردەکانا تەمسیلی هەموو وەزارەتەکان بکات ۰ بۆ ئوموری مالیە ، ئیقتیساد ، سەحە ، عەدلییەش هەیئەتێکی لەژێر دەستا بێ بۆ ئیستیشارە ۰

ـ تەڵەب لە حوکوومەت ئەکەین کە سەعی بکات بۆ تەعدیلی بەعزێ مەواد لە قەوانینی عێراقدا ئەوانەی کە ئەزانرێ بە نەزەر وەزعییەتی جوغرافیای ئەو مەنتیقەیەوە بۆ حوقووقی ئەهالییەکەی موساعید نیە تەتبیق بکرێ ۰ ئیقتیراح ئەکەین تەتبیقی مەوادی قانوونی ئەرازی بکەن بە سورەتێککە دائیرەی تاپۆ بە حەقی قەرار بتوانێ تەسجیلی ئەرازیان بۆ بکات بۆ مودەتێک کە لە دوو ساڵ کەمتر نەبێ بۆ ئەوەی کە تەسهیلاتێک بێ بۆ مەسالیحی ئەهالییەکەو تەشجیعیان بکات کە بۆ تەسجیلی ئەرازییەکانیان تەشەبوس بکەن بە مەجانی ۰

٥ ـ ئیقتیراح ئەکەین بودەجەی عوموومی ئەم مەملەکەتە موافیقی نیسبەتی لای خوارەوە سەرف بکرێ ، لە میزانیەی عوموومی ئەو مەبلەغەی کە بۆ دەوائیری مەرکەزی تەخسیس ئەکرێ لێی تەنزیل بکرێ باقیەکەی تری موساواتیا بە نیسبەت نوفووس وەیا بە پێی واریداتیان بەسەر لیواکانی کەدا تەقسیم بکرێ ۰ لازمە مەسئەلەی

گومرگی عومووميش بە نەزەرێکی دیققەت بـــــــگيرێ .

ئەی فەخامەت مەئاب ! لەگەڵ ئەو حيسيياتە چاکەی ئێمـــــــە هەمانە بەرامبەر بە حوکوومەت هيچ مانعێــــــک نابينيـــــــــن بە ئيحتيرامەوە مەتاليبی ميللەتەکەمان تەقديمتان بکەيـــــن بەسيفەتێک کە رەئيسی حوکوومەتەکەن و رەجا ئەکەين ئەم مەتاليبە بە نەزەرێکی ديققەت تەحقيق بفەرموون کە چەند بۆ زەرا عــــەت و تەرەقی ئەرازی و تورەقی مواسەلاتمان چاکەو لە تەتبيقيا چەنـــد ئيدارەمان تەوسيع و وەزعيەتمان چاک ئەکات ، ئێمە غەيری شـــتێک نەبێ کە تەتبيقی زۆر باش و مومکينە تەلەبێکی تر ناکەين کە بـــۆ حاڵەت و وەزعيەتی ماليەو سياسيەی عێراق خراپ بێ .

ديسانەوە تەعزيماتی فائيقەمان تەقديم ئەکەيـــن

| | | |
|---|---|---|
| ئيسماعيل | جەمال بابان | محەممەد سالح |
| نائيبی هەولێر | نائيبی هەولێر | نائيبی سلێمانی |
| سەيفوڵڵا | حازم | محەممەد جاف |
| نائيبی سلێمانی | نائيبی موسڵ | نائيبی کەرکووک |

ڕۆژنامەی ژيان لە ژمارەی ١٦٧ يدا بۆ پشتگيری ئەو ڕاپۆرتی نوێنەرانە بە نێونيشانی " ئەم ئيمتيازە کە بە کـــــوردەکـــان بەخشراوە تەتبيقی مەجبوورييە " دەنووسێ و دەڵێ " ئەی وەتــــەن پەروەرە موحتەرەمەکان ، ئەی پياوە سياسيەکانی عێراق ، ئەبـــێ بزانن ئەم مەسئەلەيە هەر فيکرێکی خوسووسی وەکيلەکانمان نيـــە

chalakmuhamad@gmail.com

بەڵکو ئارەزوویەک و تەلەبێکی قەتعی عوموومی میللەتی کـــوردە، تەئمینتان دەکەین ئەم مەسئەلەیە بە واسیتەی ئەسبابێکی تـــرەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو کورد مەجبورە تەڵەبی حوقووقی مەشـــروعەی خۆی بکا ...... تا دوایـــی "(٢٨) ٠

---

(٢٨) ژیان ، ژمارە/ ١٦٧، ١٥ی نیســـانی ١٩٢٩ ٠

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

# نرخاندنێکی

# دوو تەقەلا...

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

کتێبۆڵکەکە بریتییە لە دوو یادداشتی تایبەت بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم و مەندوبی سامی بەریتانیا لە بەغدا ، لە تەکیشیاندا دوو پاشکۆ هەیە ، یەکەمیان ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بۆ کۆمەڵەی گەلان لەبارەی مەسەلەی خواڕووی کوردستان و پەیوەندی بە عێراقەوە ، دووەمیان لەبارەی بەکارهێنانی دیالێکتێکی کوردی لە قەزاکانی موسڵدا .

خاوەنی ئەم یادداشتانە لەو ڕۆژگارەدا لە هەموو کوردێک لە دەوڵەتی عێراقەوە نزیکتر بووە ، نزیکێکی دەوڵەت و کوردێکی زۆر پاکی بە مشوور بووە ، دەتوانرێ بوترێ بەیەکتەنی و یەک باڵی لە گوێرەی توانستی خۆی گەلێک کاری گەورەی بە ئەنجام داوە .

ئەمین زەکی بەگی ڕووناکبیری گەورە ، کە لە قوتابخانە بەرزەکانی سەردەمی خۆیدا پێگەیشتووە و تێکەڵاوییەکی فرەی لە سیاسەت و کاروباری ژیاندا بووە و وڵاتان و میللەتانی بینیوە . زۆر چاک باوەڕی بەوە بووە کە دەبێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی " لە بنکەوە بۆ لوتکە " دەست پێ بکات ، هەڵبەت هەر ئەمە وای لێکردوە گرنگی بە ڕووداوەکان و کێشەکانی ڕەش و ڕووتی خەڵکی بدا .

ئەو ڕووداوانەی کە بەڕاستی مێژووی میللەتن . پێمان وایە موحاسەبەی نیابەت و دوو تەقەلای بێ سوود بەردی بناغەی ئەو باوەڕەن .

ئەگەر چی قۆناغی باسی ئەم کتێبۆڵکە لەمێژ نیە ، بەلام زۆر زانیاری وای لەبارەی کوردەوە تێدایە کەلای زوربەی خەڵکی کورد زانراو نین . لە ڕێگای ئەو نامانەوە باسی کاکڵەی کێشەی کورد لەکاتی خۆیدا دەکاو بە شارەزایانەوە پێشنیازی سووکە چارەکردنیشیان بۆ ئەو دەمە دەستنیشان دەکا . دەتوانین بڵێین ئەو یاددا شتانە بنەڕەت و سەرەتایەکی بە پێزی سیاسەتی دیپلۆماسیەت و دەمەتەقەو بە بەرامبەر سەلماندنە کە ئێمە چینو چیشمان دەوێ، ئێمە وەک میللەت و وەک بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی دیموکراتیی رزگاریخواز ئێجگار پێویستمان بە سیاسەتی دیپلۆماسیەت و درێژ نەفەس و هێمنانە هەیە . ئەوە بۆ خۆی دەروازەیەکی چاک و گەلێک گرنگە کە لەگەڵ عەقلی عەرەب و تورک و فارس ئەوجا عەقڵی مرۆڤایەتی لە نزیک و دووردا قسان بکەین و تێیان بگەیەنین .

یەکەم شتێکی بە بایەخ لەم بەرهەمەدا ئەوەیە ، مێژوونووسی گەورەمان لە " سەرەتا "دا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە قسەڕۆشتوان و بە حساب کارهەڵسوڕێنەرانی کورد لەنێو یەکدا تەبا و گونجاو نەبوون، پێداگرتن و زێدەڕۆیی کۆمەڵێک لەوان بونە هۆی ئەوەی هەلێکی گەورە لەدەست بدەن و کاری مەردانەی هی وەک محەممەد ئەمین زەکی و دڵسۆزانی دیکەش سەرنەگرێ . دیارە ئەو

chalakmuhamad@gmail.com

قۆناغە بۆ خۆی هەل و مەرجێکی بابەتی و جۆرە لەبارییەکی هێنابووە گۆڕێ . ئەگەر عەقڵی هەموو، بۆ کورد کاری بکردایە دەتوانرا کەڵک ببینرێ، هیچ نەبوایە ئەوەی لە بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا سەندرا و نەدرا ساڵانی بیست بەزۆرترەوە جێبەجێ دەکرا .

محەممەد ئەمین زەکی، بە ئاگادری و هۆشیارییەوە وای زانیوە کە ئەگەر کێشەی کورد بە چاکی چارەسەرنەکرێ ئەوا دەبێتە کێشەیەکی ئاڵۆزی وا کە دەوڵەتانی ناوچەکە دا مەزراوی و پێشکەوتنی تەواو بە خۆیانەوە نەبینن . بۆیە داوا دەکا لەهەل و مەرجی تایبەت و بابەتی بکۆڵرێتەوەو چارەسەری پوختی بۆ دابنرێ. چارەسەری نیوەچڵی و هەڵخەڵەتان و درێژە بە کات و جێگا پێی خۆ قایمکردن هەرگیز تا سەر برناکەن و کێشەکە نابڕیننەوە .

لەو یادداشتانەدا ، پشت بە بەڵگەو ئامێری رەسمی بەستراوە، دەیان بەڵگەی ڕاست دێنێتە پێش ئەوجا ڕوو دەکاتە مەلیک و دەڵێ:

" ئەمەوێ ئیسپاتی ئەوە بکەم کە حوکوومەت ریعایەتی وەعدەکانی خۆی نەکرد، دووای ئەوە دوو پرسیاری لێدەکا و لە ڕوویدا دەڵێ: ئەمە دوو سوئالە لازمە جەوابی بدرێتەوە .... دیسان دەڵێ: ئەو ڕێگایەی کە حوکوومەت ئێستە گرتویەتە پێش ئەوە نیە کە مەیدانی کوردەکان بدا تا لە عولوومو مەعاریفدا پێش کەون و ..."

دیارە ئەوەی شارەزای نەریت و پەیوەندی نێوان مەلیک و کاربەدەستان بێ ئەوە چاک دەزانێ کە یەکێک نەبووە بەو شێوە سەربەرزانە لەگەڵ مەلیکدا قسە بکا و لەڕوویدا هەڵشاخێ .

chalakmuhamad@gmail.com

هەر هەموو سەرەک وەزیرەکان چ جای وەزیرو لەوان خوارتر بۆ مەلیکیان دەنووسی: بەندەی دڵسۆزتان، بەندەی دڵسۆزی خاوەن شکۆ یا بەندەی مل کەچ.... ڕەنگە تەنها محەممەد ئەمین زەکی و بەکر سدقی بەو بچوکییەی ئەوان خۆیان پیشان نەدابێ . " تەماشای کۆتایی یاداشتەکان بکە ..... تەنێ نێوی خۆی نووسیوە" .

نموونەیەکی دیکەی ئازایی‌و جوامێری ئەو مەردە ئەوەیە کە لە یاداشتەکەیدا بۆ مەلیک دەنووسێ " هەموو ئەبیزانن کە نەشری عیلم بە زمانی کوردی لەو مەنتیقانەدا کە کوردی تیا دانیشتووە یەکێ بووە لەو چوار تەڵەبەی عوسبەتولئومەمو حوکوومەتی عێراق و حوکوومەتی حەلیفە هەردووکیان بەڵێنیان دابوو بە تەتبیق کردنی . جا لەدوای پێنج ساڵ کە بەسەر ئەو وەعدەدا رابوورد، بزانین ئەم دوو حوکوومەتە موحتەرەمە وەفایان بۆ وەعدەکەیان بە چ دەرەجەیەک بووە .

لە ڕێگای دوو تەقەلاوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە نێوان بەرێوەبەرە گشتییەکاندا تاقە یەکێکیش کورد نەبووە، لە هەموو فەرمانگاکانی وەزارەتی بەرگریشدا تەنها یەک ئەفسەری کورد هەبووە . " دیارە هەقی بووە جەعفەر عەسکەری بە کورد حساب نەکردووە" . زۆر زانیاری دیکەش .

ئەمین زەکی پەردە لەسەر ڕژێمی بیرۆکراتییەتی دەوڵەتی عێراق هەڵدەماڵێ و یەکاو ڕاست بە مەلیک دەڵێ کە بۆشاییەکی فراوان لە نێوان میللەت و دەوڵەتدا هەیە .

محەممەد ئەمین زەکی وەک لە مێژوودا گەورە زانا بووە،

chalakmuhamad@gmail.com

لە زمان و زانستەکانیشیدا شارەزایەکی باشبووە، هەر لەو ڕوانگەوە هەموو تەقەلای خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو کە یەک دیالێکتی زمانی کوردی ببێتە زمانی ڕەسمی لە هەموو کوردستاندا. کاتێک ویستراوە لە دیالێکتێک پتر بکرێ بە زمانی ڕەسمی ئەم مەترسییەکی زۆری لێ نیشتووەو چەند بەڵگەیەکی بەجێی لەو بارەوە هێناوەتەوە، بەر لە هەموویان "یەکیتی زمانی کوردی تێک ئەدرێ، کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کوردو قەتدەلالەت لە حوسنی نییەتی حوکوومەتناکا دەرحەقیان".

دوو تەقەلای بێ سوود سەرچاوەیەکی چاک و بەکەڵکە بۆ مێژوونووسان و سیاسەتمەداران و هەرکەسێک گەرەکی بێ لەو سەردەمە شارەزا بێ.

٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤

شام

chalakmuhamad@gmail.com

# بەرهەمە چاپکراوەکانی
# محەممەد ئەمین زەکی
# و
# نووسینەکانی لە
# گۆڤاری گەلاوێژدا

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

١ ــ عثمانلی اوردسی " سوپای عوسمانی" بەغداد، ١٣٢٤ ،
٢ ــ تاریخ حرب عثمانلی تدقیقاتی " مێژووی لێکۆڵینەوەی جەنگەکانی عوسمانی" ئەستانە، ١٣٣٦ .
٣ ــ عراق نصل غائب ایتدک " چۆن عێراقمان لەدەست چوو" ئەستانە، ١٣٣٦ ،
٤ ــ حرب عمومیدە عثمانلی جبهەلری وقایعی " شەڕو ڕووداوی مەیدانەکانی جەنگی عوسمانی لە شەڕی یەکەمدا " بغداد، ١٣٣٧ .
٥ ــ عراق سفری و خطالرمز" شەڕەکانی عێراق و هەڵەکانمان" ئەستانە، ١٣٣٧ ،
٦ ــ سلمان پاک میدان محاربەسی و ذیلی " شەڕی سلمان پاک و پاشکۆیەک " ئەستانە، ١٣٣٨ ،
٧ ــ بغداد وصوک حادثە ضیاعی " ڕووداوی لەدەست چوونی ئەو دواییەی بەغدا " ئەستانە، ١٣٣٩ .
٨ ــ عراق تاریخ حرب مختصری " کورتەی مێژووی شەڕی عێراق " ئەستانە، ١٣٣٩ ،

هەموو ئەوانەی سەرەوەی بە زمانی تورکی نووسیون ،
کوردییەکانیشی ئەمانەن :

٩ ــ موحاسەبەی نیابەت، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ١٩٢٨ ،
١٠ ــ خۆلاسەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان ،
آ ــ جلدی یەکەم، جزمی یەکەم، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ٩٣١،

chalakmuhamad@gmail.com

ب ـ جلّدی یەکەم، جزمی دووەم، چاپخانەی دارالسلام، بەغدا، ۹۳۱ ۰

ج ـ جلّدی دووەم، چاپخانەی ئەلعەرەبییە، بەغدا، ۱۹۳۷ ۰

۱۱ ـ دوو تەقەلای بێ سوود، چاپخانەی مەریوانی، بەغدا، ۱۹۳۵ ۰

۱۲ ـ تەئریخی سلێمانی و وولاتی، چاپخانەی النجاح، بەغدا، ۱۹۳۹ ۰

۱۳ ـ مشاهیر الکرد و کردستان فی الدور الاسلامی، ترجمە الدکتورە سانحە أمین زکی، الجزء الاول، بغداد، ۱۹٤٥، الجزء الثانی، بغداد، ۱۹٤۷ ۰

۱ ـ تأریخ الدول والامارات الکردیە فی العهد الاسلامی، ترجمە محمد علی عونی، القاهرە، ۱۹٤٥ ۰

۱۵ ـ دەربەندی گەورە "شیعر"، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، چاپخانەی "ژیان"ی پیرەمێرد، سلێمانی، ۱۹۳۹، ل/ ۱۱ ـ ۱۲ ۰

یەکێک لە نووسەرە هەرە گەورەو چالاکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ، مێژوونووسی گەورەمان محەممەد ئەمین زەکی بووە، لە گەلاوێژدا جگە لە مێژووی ژیانی چەندان ناوداری کورد، بایەخێکی گەورەو شیاوی بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی داوە ۰ ئەمانەی لای خوارەوە لەو گۆڤارەدا بڵاوکراونەوە " دیارە بە پێویست نازانرێ لە پال هەموو نووسینێکدا ناوی گۆڤاری گەلاوێژ دووبارە بکرێتەوە" ۰

۱ ـ زمانی کوردی و ئەدەبی، ژمارە/۱، ساڵی/۱، کانوونی یەکەمی ۹۳۹، ل/۳ ۰

۲ ـ سوڵتان سەلاحەددینی ئەیووبی، هەر ئەو ژمارە، ل/ ۳٤ ۰

۳ ـ زمانی کوردی، ژمارە/۲، ساڵی/۱، کانوونی دووەمی ۹٤٥، ل/۱ ۰

٤ ـ ئەمیرخانی برادۆست و قەلای دمدم ،

chalakmuhamad@gmail.com

آ ــ بەشی یەكەم، ژمارە/٣، ساڵی/١، شوباتی ١٩٤٥، ل/٢٣ .

ب ــ بەشی دووەم، ژمارە/٤ ، ساڵی/١، مارتی ١٩٤٥، ل/٣٣ ٠

٥ ــ ئەحمەدی زوحاک ، ژمارە/٤ ، ساڵی/١، مارتی ١٩٤٥، ل/٦ ٠

٦ ــ مەلیک ئەلعادل سەیفەددین ئەبوبەکر محەممەد، ژمارە/٥ ــ٦، ساڵی/١، نیسـان و مایسی ١٩٤٥، ل/١٨ ٠

٧ ــ بابا تاهیر، ژمارە/٧، ساڵی/١، حوزەیرانی ١٩٤٥، ل/٥ ٠

٨ ــ مەلیک ئەفزەل ، ژمارە/٨، ساڵی/١، تەمموزی ١٩٤٥، ل/٩ .

٩ ــ مەلیک ناسر سەلاحەددین یوسف، ژمارە/٩، ساڵی/١ ، ئابـی ١٩٤٥، ل/١ ٠

١٠ ــ ئەبولفیدا ، ژمارە/١١ــ ١٢، ساڵی/١، تشرینی یەکەمو دووەمی ١٩٤٥ ، ل/٣ ٠

١١ ــ مەولانا ئیدریسی بتلیسی ، ژمارە/١ــ ٢، ساڵی/٢، کانوونی دووەمو شوباتی ١٩٤١، ل/٦٥ ٠

١٢ ــ مەلیک ساڵح نەجمەدین ئەییوب ، ژمارە/٣ــ٤ ، ساڵی/٢،مارت و نیسانی ١٩٤١، ل/١ ٠

١٣ ــ ئیسماعیل پاشا ، ژمارە/٥ ــ ٦ ، ساڵی/٢، مایس و حوزەیرانی ١٩٤١، ل/١ ٠

١٤ ــ ئیبراهیمە فەندی، ژمارە/٧ــ ٨، ساڵی/٢، تەممووزو ئابی ١٩٤١، ل/١ ٠

١٥ ــ مەلا ساڵحی حەریق ، ژمارە/٩ــ ١٢، ساڵی/٢، ئەیلوول ــ کانوونی یەکەمی ١٩٤١، ل/١ ٠

١٦ ــ ئیبن حاجیب ، ژمارە/٥ ــ٦ ، ساڵی/٣، مایس و حوزەیرانی

chalakmuhamad@gmail.com

١٩٤٢، ل/١ ٠

١٧ ــ چەند کوردێکی بە نێوبانگ ، ژمارە/ ٧ ــ ٨، ساڵی/٣، تەمموزو ئابـــــــــــی /١٩٤٢، ل/١ ٠

١٨ ــ قازی ئەحمەد ئەفەندی تەهازادە، ژمارە/ ٩ ــ ١٠، ســــــاڵی/٣، ئەیلوول ــ تشرینی یەکەم/١٩٤٢، ل/١ ٠

١٩ ــ نەورۆز، ژمارە/١، ساڵی/٤ ، کانوونی دووەمی ١٩٤٣، ل/ ٠

٢٠ ــ بۆ پیرەمێردی خۆشەویست ، ژمارە/٢، ساڵی/٤ ، شــــــوباتی ١٩٤٣، ل/١ ٠

٢١ ــ زمانی کوردی،ژمارە/٣، ساڵی/٤ ، مارتی ١٩٤٣، ل/١ ٠

٢٢ ــ سڵاو بۆ سەلام، ژمارە/١١، ساڵی/٥، تشرینی دووەمی ١٩٤٤،ل/١٢٠

٢٣ ــ قسەو زمانی کوردی ٠

آ ــ بەشی یەکەم، ژمارە/ ٦ ، ساڵی/٧، حوزەیرانی ١٩٤٦، ل/١ ٠

ب ــ بەشی دووەم، ژمارە/٧، ساڵی/٧، تەمموزی ١٩٤٦، ل/١ ٠

ج ــ بەشی سێیەم، ژمارە/٨، ساڵی/٧، ئابی ١٩٤٦، ل/١ ٠

د ــ بەشی چوارەم، ژمارە/٩، ساڵی/٧، ئەیلوولی ١٩٤٦، ل/١ ٠

هـ ــ بەشی پێنجەم، ژمارە/١٠، ساڵی/٧، تشرینی یەکەمی ١٩٤٦،ل/١٠

٢٤ ــ ئامۆژگاریيەکی دڵسۆزانە، ژمارە/٤ ، ساڵی/٨، نیسانی ١٩٤٧، ل/١ ٠

٢٥ ــ سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەهلی خاچ ٠

آ ــ بەشی یەکەم، ژمارە/٥، ساڵی/١٠، ل/١ .

ب ــ بەشی دووەم، ژمارە/٧، ساڵی/١٠، حوزەیرانی ١٩٤٩، ل/١ ٠

chalakmuhamad@gmail.com

ج ـ بەشی سێیەم، ژمارە/٨، ساڵی/١٠، ئابی ١٩٤٩، ل/١ ٠

بەو شێوە دەبینین محەممەد ئەمین زەکی لە یەکەم ژمارەو دوا ژمارەی گەلاوێژ نووسینی بڵاوکراوەتەوە ٠ ئەو کە لە٩ی تەمموزی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە، نووسینی بۆ گەلاوێژ ئامادە کردبوو، ڕەنگە نووسینی دیکەشی بوو بێ و لە ئیدارەی گەلاوێژ نەبوو بێ٫ ٠

تێبینی :

١ ـ کتێبێکی دیکەی بە نێوی"کوت الامارە هجوم‌و محاصرەسی ـ هێرش بۆ سەر کوت و ئابلوقەدانی " بە تورکی نووسیوە، دوو بەرگە، چاپ نەکراوە، بە دەستنووسی پێشکێشی موزەخانەی بەریتانیای کردووە ٠

٢ ـ نووسینەکانی محەممەد ئەمین زەکی کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کراونەوە لە " ببلیۆگرافیای گۆڤاری گەلاوێژ" ئامادەکردنی سەباحی غالب، حوزەیرانی ٩٨٠، وەرگیراون ، کاتی خۆی کە لە زانستگای سلێمانی بووم بۆ کتێبخانەی ناوەندی زانستگا ئامادەکراو دەبوایە لەسەر ئەرکی ئەوان چاپکرایە، بەڵام وەدەرکەوتنم‌و دوورکەوتنەوەم لە وڵات ڕێگایان نەدام چاپ بکرێ ٠ لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژیشم لەبارەی گۆڤاری ناوبراوەوە نووسی و کاتی خۆی لە یەکێک لە کۆڕەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردـ لقی سلێمانی لە تەمموز یا ئابی ١٩٧٧دا بەشێکیم پێشکێش کرد ٠ دەبێ بڵێین خودا دەزانێ ئەوانە کەی ڕووناکی دەبینن٫ ٠

chalakmuhamad@gmail.com

ئـــــاگادری

**********

لە سەردەمی سەرفرازی مەملەکەتی خوارووی کوردستــــــــانــدا ١٩٢٢ – ١٩٢٤ ، دوو نامیلکەی گرنگ و بەبایەخ دەرچوون ، ڕەنگــە لە کوردستاندا نەمابــن ۰ ئەگەر ماشــبێتن لەبەر دەســــــــت خوێنەراندا نین ، بۆیە خودا بکا لە هەلێکی نزیــکدا هەردووکیان چاپ دەکەینـــــەوە ۰ ئەوانیش ئەمانـــەن :

١ – تەعلیمـــــــی تاقـــم ۰

٢ – قانوونـــی وەزائیفی مەجلیســـی ناحیـــە ۰

ئەوەی شایانی باسە ئەو دوو نامیلکەیە لەلایەن دەسەڵاتدارێتی کوردستانەوە دەرکراون ، بۆیە نرخی مێژوویـــی تایبەتیان هەیـــە ۰

ســــــــەباح

chalakmuhamad@gmail.com

دوو

# تەقەلاي بيسود

معالي امين زكي بگ نوسيويەتي

نرخي (٣٠) فلسە

چاپخانەی معريواني
بەغدا

١٩٣٥

chalakmuhamad@gmail.com

# سەرەتا

بو هاو ولاتیەکانم .

شەویکی رمضان خوشەویستیکی هاو ولاتیم لەلابو ، کای کونو تازەمان بە باثە کرد . باسی بعضی ناحقسی و مغدوریت هاتەپیشەوە . گوتی ، ئەم نوعەحالانە ئەبی بەحکومت بسلمینری ، بوچی ایمەهیچ دەنگ ناکەین ؟ . . گوتم : لەوەختی خویدا ئەوەی پی ویست وماقول بو کرا . بەلام افراطو تفریطی بعضیك فرصتیکی گەورەی لەدەسدا و بی حکمی هیشتەوە . بەم مناسبتەوە ئەوعریضەیەی لەسالی ١٩٣٠ دا تقدیمی جلالتمآبی مرحومم کردبوو صورتیکیشم بەفخامەتی مندوبی سامی دابو ، بومخویندەوە . پی یخوش بو ، وتکای لەچاپدانی لیکردم .

بەراستی نەمویست دلی بشکینم ئەوابە کوردی ولەگەل ملاحظەم دەرحق بەقانونی لغاتی محلیە ، کەلەوەختی خویدا لەسەرآرزوی فخامتی مندوب تقدیمم کردبولەچاپمداندا

chalakmuhamad@gmail.com

# سەرەتا

بۆ هاو وڵاتییەکانم

شەوێکی ڕەمەزان ، خۆشەویستێکی هاو وڵاتیم لەلابوو، کای کۆن و تازەمان بەبا ئەکرد. باسی بەعزێ ناحەقی و مەغدوریەت هاتە پێشەوە. گووتی: ئەم نەوعە حاڵانە ئەبێ بە حوکوومەت بسەلمێنرێ، بۆچی ئێمە هیچ دەنگ ناکەین ؟... گووتم: لەوەختی خۆیدا ئەوەی پێویست و ماقول بوو کرا. بەڵام ئیفرات و تەفریتی بەعزێک فرسەتێکی گەورەی لەدەسدا و بێ حوکمی هێشتەوە. بەم موناسەبەتەوە ئەو عەریزەیەی لە ساڵی ١٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەت مەئابی مرحوم کردبوو سورەتێکیشم بە فەخامەتی مەندوبی سامی دابوو. بۆم خوێندەوە. پێی خۆش بوو، وە تکای لە چاپدانی لێکردم.

بەڕاستی نەمویست دڵی بشکێنم ئەوا بە کوردی و لەگەڵ مولاحەزەم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەلییە کە لە وەختی خۆیدا لەسەر ئارەزووی فەخامەتی مەندوب تەقدیمم کرد بوو لە چاپما ندا، ناومانا " دوو تەقەلای بێ سوود ". غەرەز لە بڵاوکردنەوەشی تەنیا تێگەیشتنی هاو وڵاتییەکان و خزمەتی تەئریخە.

بەغدا ٢٦ی کانوونی ئەووەل ١٩٣٤ محەممەد ئەمین زەکی

chalakmuhamad@gmail.com

# کوردی ئەو عەریزەیە کە لە ٢٠ی کانوونی سانی ١٩٢٠ دا تەقدیمی جەلالەت مەئاب مەرحوم مەلیک فەیسەڵ کرا (٢٩)

جەلالـــــــەت مەئاب

ئەمەویٚ بەم مەعروزاتەی کەوا ئەیهێنمە پێش چاوی جەلالەتتان دەرحەق بە مەسئەلەیەکی موهیم کە تەماسێکی تەواوی هەیە بە مەوجودییەت و پشتیوانی، سیاسی حوکوومەتەوە ڕەئی خۆم بەیان بکەم، ئەمەش مەسئەلەی کوردەکانی عێراقە، بە کەمالی تەئەسوفەوە ئەبینن کە ئەم مەسئەلەیە وردە وردە ڕوو لە گیرو گرفتیەو بووە بە سەبەبی هاوارو شکایاتی بە دەوامی کوردەکان. ئەم وەزعیەتە

---

(٢٩) مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٨٨٣دا لە تائیف لەدایک بووە، لە مەککە گەورە بووە،چۆتە ئستانەو ١٧ساڵی لیٚ ماوەتەوە، لە ئەنجومەنی نێرراوانی عوسمانیدا نوێنەری خەڵکی جەددە بووە، دوای هەرای ئیتیحادییەکان عەرەبچێتییەکی تۆخی کردووە، لەگەڵ وولاتانی سوێندخۆردا لەپێش هەموویانەوە ئینگلیز دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕێک کەوتووە. لە ١٨ی ئازاری ١٩٢٠دا تا ماوەی ٧ مانگێک مەلیکی سوریە بووە، ئەوجا فەرەنسییەکان وەدەرێیانناوە .

لە ١١ی تەمموزی ١٩٢١دا بەپێی بڕیاری کۆنگرەی قاهیرەو پێشنیازی مەندوبی سامی، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە سەرۆکایەتی ئەورەحمان نەقیب نێوی پادشای لیٚ دەنێن و لە ٢٣ی ئابی ئەو ساڵەدا تاجی لەسەر دەنری .

لە $\frac{٧}{٨}$ی ئەیلوولی ١٩٣٣دا لە سویسرا دەمریٚ .

chalakmuhamad@gmail.com

لەوانەیە ببێ بە سەبەبی چاندنی تۆوی نیفاق و ئیختیلاف لە دڵ و دەروونی هەردوو میللەتدا و زۆر سوعوباتی سیاسی و ئیداری بۆ حوکوومەتی جەلالەتتان بێنێتە پێشەوە ، شایستەی ئەوەیە کە بە ئەهەمییەت تەماشا بکرێ، لە ئەسباب و عەوامیلی وورد ببرێتەوە، لێک بدرێتەوە و هەوڵ بدرێ بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی مەعقوول و موناسیب ، لەپێش ئەوەی فرسەت لەدەس بچێ . ئەمما ئەو چارەو تەرزی تەداوییەی کە تا ئێستا حوکووماتی موتەعاقیبەی عێراق کردوویانە هیچ سەمەرێکی نەبەخشیوە ، چونکە بێ تەرەفانە و عاقیلانە نەبووە .

ئەگەر بێت و ووردبینەوە لە ئەسبابی شکایات و دڵشکاویی عەدەمی ئیعتیمادی کوردەکان بەرامبەر بە حوکوومەت ئەبینین کە ئەمە عیبارەتە لە تەمەسوک کردن بەو قەرارەی کە عوسبەتولئومەم دابووی و کە لەلایەن حوکوومەتی عێراق و حەلیفەی گەورەمانەوە قوبوڵ کرابوو، کە لە ئیعتیباری ساڵی ١٩٢٦ەوە بەڵێن بەتەتبیقی درابوو . بۆ تەئیدی ئەم بەڵێنە نەزەری دیققەت جەلب ئەکەمە سەر ئەو خوتبەیە " کۆنفراسی" کە رەئیسولوزەرا لە ٢٢/١٢ی کانوونی سانی ١٩٢٦دا لە مەجلیسی میللەتدا دابووی، وە کە وەزیری موستەعمەرات لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٦دا خولاسەیەکی عەرزی عوسبەتولئومەم کردبوو " تەماشای مولحەقەکە بکە" لەمەدا ئەڵێ " ئەبێ کوردەکان حەقی خۆیانیان بدەینێ، مەئمورین لە خۆیان بێ، زمانی خۆیان زمانی رەسمی بێ، وە مناڵەکانیان بە زمانی خۆیان لە مەداریسدا بخوێنن ........" .

chalakmuhamad@gmail.com

ئەم تەسریحاتە بەتەواوی عیبارەت بوو لە ئارەزوو و ڕەغەباتی جەلالەتتان و هی حوکوومەتی حەلیفە، دەلیلیش بۆ ئەمە ئەو دوو خوتتەیەیە کە لە تەرەف جەلالەتتان و مەندوبی سامییەوە لە حەفلەی ئیمزاکردنی موعاهەدەی ١٩٢٦وە لە دارولئیعتیمادا دامەزرا بوو. ئەم تەسریحات و ئارەزووە شەریفانە لەلایەن هەموو کوردەوە بە مەمنوونیەت و سورووڕەوە قوبوڵ کرا، وەهیچ گومانیان نەما کە حوکوومەت بۆ مەنافیعیان و پێشکەوتنی ئیداری و ئیجتیماعیان حوسنی نییەتی هەیە. لەدوای ئەمە هەموو تێگەیشتن کە ئەبێ بە سیدق و ئیخلاسەوەو لەژێر بەیداخی حوکوومەتدا کە نیشانەی خۆشحاڵ و بەختیاری مەملەکەتە، موحافەزەی وەحدەتی عێراقییە بکەن. یا گەر زۆر وردبینەوە لە هەنگێ " هەندێ س.غ" وەسائیقی ڕەسمییە مەسەلەن لەو کۆنفرانسەی کە وەزیری موستەعمەراتی بەریتانی لە عوسبەتولئومەمدا دابووی کەوای بەیان کرد بوو کە تەفاسیلی خوتبەکەی موستەنەدە لەسەر قیودو سیجیلات و نەوایای حوکوومەتی عێراق، ئەبینین کە ئەم وەسائیقانە هەندێ مەوداو وعودی وای تیایە کە بە مەجبوری میللەتی کورد دڵنیا بکا. وە لە خوسوسی موستەقبەلیانەوە ئەمنێتی تەواویان پێ بەخشێ. بەڵام مەعەلئەسەف ئەم مەوادە هیچیان تەتبیق نەکراون. وە ئەم وەعدانەی لەگەڵ ئەوەی پێنج ساڵی بەسەردا ڕابورد هێشتا نەهێنراوەنەتە جێ، وە بە تەبیعەت ئەم وەزعییەتە بوو بە سەبەبی دڵگیری و شکایاتی کوردەکان و سەوقی کردنە سەر لێکدانەوەی موستەقبەلی پڕ ترس و خەوفی خۆیان، لەپێش ئەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

قسه له تەرزی حەللی ئەم مەسئەلەیە بکەم ئەمەوێ ئیسپاتی ئەوە بکەم کە حوکوومەت ریعایەتی وەعدەکانی خۆی نەکرد، وە لەم رووەوە بوو بە سەبەبی دڵگیری کوردەکان و ساردبوونەوەیان لە حوکوومەت ، هەموو ئەیزانین کە ئەو موساعەدانەی کە وەختی خۆی بە پێی تەقریری لیجنەی عوسبەتولئومەم بە درێژایی ئینتیدابلە حوکوومەتی عێراقدا واکرابوو ، چوار بوو ، ئەمانەش مەسئەلەی مەئموورین ، تەدریس ، مەحاکیمو زمان بوو ، ئینجا با ئەم چوار مەسئەلەیە بگرین و تەماشا بکەین کە حوکوومەت تا چ دەرەجەیەک ئیهتیمامی پێ داون .

لەم موناقەشەیەدا من ئیسنادم ئەو ژمارەو ئیحسائیاتەیە کە لە ساڵی ١٩٢٦دا حوکوومەتی عێراقدا بووی بە حوکوومەتی حەلیفە کە لە موبالەغەو غەڵەت بەدەر نیە ،دیسان بە عزێ وەسائیقو ئیحسائیاتی رەسمی تر کە عائید بە ساڵی رابوردووە .

١ — مەسئەلەی مەئمورینی کوردو ئیشتیراکیان لە ئیدارەی مەرکەزی حوکوومەتدا بەپێی مادەی ٤ ، ٥،٦ ی خوتبەی وەزیری موستەعمەرات ، کە لە مەجلیسی عوسبەتولئومەمدا دابووی و بەپێی وەسائیقی رەسمییەی تر ئەیبینین کە لە ساڵی ١٩٢٦و ساڵی حازرەدا وەزعییەتی دابەشکردنی وەزائیف لە مەنا تیقی کوردییەدا وەکو خوارەوەیە :

chalakmuhamad@gmail.com

| وەزارەت | لە ساڵی ١٩٢٦ دا | | | لە ساڵی ١٩٣٠ دا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | مەئمورینی موسەججەل | | | مەئمورینی موسەججەل | | |
| | کورد | غەیری کورد | هەموو | کورد | غەیری کورد | هەموو |
| مالیەو داخلیە | ٤٣ | ١٤ | ٥٧ | ٤٤ | ٢٧ | ٧١ |
| عەدلیە | ١٠ | ٣ | ١٣ | ٩ | ٧ | ١٦ |
| وەزارەتەکانی تر | ٣٨ | ١٧ | ٥٥ | ١١ | ٤٠ | ٥١ |

ئەم ژمارانە بە تەواوی نیشانمان ئەدەن کە لە زەرفی پێنج ساڵدا لە مالیەو داخلیەدا ژمارەی مەئموری موسەججەل لە کورد تەنها یەکێکی زیاد کردووە، وە بە عەکسی ئەمەوە لە عەدلیەو وەزارەتەکانی تر کەمی کردۆتەوە، لە حاڵێکدا کە ئەبینین ژمارەی مەئمورینی غەیری کورد لە هەموو وەزارەتەکانی تردا تەقریبا لە سەدی سەد زیادی کردووە. ئەم زیادکردنە بەتەواوی موناقیزی ئەو بەیاناتەیە کە وەزیری موستەعمەرات لە ماددەی چوارەمی خوتبەکەیدا " مولحەق ـ ١" دابووی لەوێدا نییەتی عێراقی وەکو لای خوارەوە نیشان دابوو:

" کەم کردنەوەی مەئمورینی غەیری کورد لە مەناتیقی کوردییەدا ووردە ووردە دەوام ئەکا. وە سیاسەتی ئیستخدام کردنی تەنیا کورد لەهەر جێگایەکدا کە یەکێکی ساحێب لیاقەت و ئارەزوو مست بکەوێ بە سورەتی مونتەزیمە جارییەو لە حاڵی تەتبیقدایە ......"

chalakmuhamad@gmail.com

ئایا چ سەبەبیکە وا حوکوومەتی مەنع کردووە لە تەتبیقی ئەم وەعدەو بەرامبەر بەم ئیشە لە موستەقبەلدا وەزعێتی چی ئەبێ ؟ .

ئەمە دوو سوئالە لازمە جوابی بدرێتەوە

ئەووەلەن : هەموو ئەیزانین کە لە زەمانی حوکوومەتی تورکا مەئمورینی کورد بەشێکی موهیمیان لە وەزائیفدا هەبوو، وە بەتایبەتی لە سێ ویلایەتەکەی عێراقدا ، وە هەموو ئەمان بینی کە بەشێکی زۆری زابیتان و مەئمورینی موڵکی لەوان بوون ، وەهیچ شوبهەی تیا نیە ئەو قیسمە مەئمورەی کە بۆ حوکوومەتی عێراق ماوەتەوە هێشتا نەفەوتاوە، وە بەشێکی موهیمیان ئیستاش مەوجودن و ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە وەزائیفی حوکوومەتییەوە، لەبەر ئەمە حوکوومەت ناتوانێ بڵێ کە من پیاوی ساحێب رەغبەت و لیاقەتم چنگ ناکەوێ لەناو کوردەکانا ، خۆم زۆر جار موراجەعاتم دیوە کە بە حوکوومەت کراوە، بەڵام تەنیا قیسمێکی جوزئی تەرویج کراوە، دۆسییەی وەزارەتەکان و بەتایبەتی هی وەزارەتی داخلیە شاهیدە بۆ ئەمە . لەم خوسووسەوە جەسارەتی ئەوە ئەکەم کە بۆ میسال باسی مەسئەلەیەک بکەم: ئەمەش مەسئەلەی شەفیق بەگی کۆنە قائم مەقامە کە داوای مودیرێتی ناحیەی کرد، دوو ساڵی تەواو بوو ئەم هەوڵەم دا مۆفەق نەبووم بە تەعیین کردنی، هیچ شوبهە نیە کە ئەمسالی ئەم پیاوە بەد بەختە ـ کە مەشزونی مەکتەبی مەلەکییەی شاهانەیە ـ زۆر مەناسیبی گەورە گەورەیان ئەشغال کردووەو گەلێ جار لەسەر کورسی وەزارەتی حوکوومەتی

chalakmuhamad@gmail.com

عێراق دانیشتوون ، بەڵام حەتتا وەزیفەی مودیرێتی ناحیەش بەم فەقیرە نەدرا ، کوردەکان لەلایەکەوە ئەم نەوعە ئەحواڵە ئەبینن و لەلایەکی تریشەوە ئەبینن کە حوکوومەت بۆ تەعینی غەیری کورد لە مەنتیقەکەیانا چەند تەسهیلات ئەنوێنێ وە هەوڵ ئەدا بۆ زیادکردنیان بە تەدریج هەروەکو لە جەدوەلی ( آ )دا نیشان دراوە ، وە لە جەدوەلی ( ب )ی لای خوارەوەدا بۆمان دەرئەکەوێ :

| لیوا | نیسبەتی سەدانەی کوردەکان | نیسبەتی مۆزەفینی ئێستا | | نیسبەتی عادیلە بە گوێرەی نفوس | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | کورد | غەیری کورد | کورد | غەیری کورد |
| سلێمانی | ٩٩ | ٦٤ | ٢٤ | ٩٩ | ١ |
| کەرکوک | ٥١ | ٢٤ | ٧٦ | ٥١ | ٤٩ |
| هەولێر | ٧٩ | ٦٠ | ٤٠ | ٧٩ | ٢١ |
| موسڵ «زاخۆ، دهۆک، عمادیە، عەقرە، زێبار» | ٧٠ | ٢٤ | ٦٦ | ٧٠ | ٣٠ |

لەم جەدوەلەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە کوردەکان لە هەموو مەنتیقەی کوردییەدا بە نیسبەت نفوسیانەوە لە نوقتەی وەزائیفەوە مەغدور کراون ، وەلحال لە نوقتەی عەدالەت و ریعایەتی قەراری مەجلیسی وزەرای رۆژی ١١ی تەمموزی ١٩٢٣ کە ئەڵێ " حوکوومەت نیازی نیە لە قەزای کوردەکانا غەیری مەئمورینی فەننی هیچ مەئمورێکی عەرەب تەعیین بکا .........." وە وەعدی وەزیری موستەعمەرات کە لە مادەی چوارەمی خوتبەکەیدا دابووی " ٣ی ئەیلوولی ١٩٢٦" وە تەسریحاتی ٢١ی کانوونی سانی

chalakmuhamad@gmail.com

١٩٢٦ی رەشیسولوزەرا .

بۆ حوکوومەت وا جوان بوو کە ئەم مەغدووریەتە لە زەرفی ئەم چەند ساڵی ڕابوردووەدا لەسەر کوردەکان هەڵبگرێ، وەنیسبەتی مەئموورینی ئەو مەنتیقانە نەوعەمما بگەیەنێتە ڕادەیەک کە هەر وەکو لە جەدوەلی (ب)دا نیشان دراوە لەگەڵ نوفووسیان موتەناسیب بێ . مەعلومی سەدەی مەلەکیتانە کە لە هەموو وولاتی شەرقا ژیانی قیسمی مونەووەر هاتۆتە سەر وەزیفەی حوکوومەت ، وە ئیستیفادە کردن لەم وەسیلەیە جوزئێکە لە حوقووقیان و هەم مەنافیعی حوکوومەت وا ئیقتیزا ئەکا کە یاریە بدا بۆ ئەم ئیستیفادەکردنەو لەم ڕێیەوە ئەگەر ریعایەتی عەدالەت بکرێ نیزامی ئیدارە سووک ئەبێو تەکامول ئەکا لەو ڕووەشەوە ئەم لاوانە ئەبن بە تەرەفداری موخلیسی حوکوومەت ، لە سەرێکی تریشەوە مەیدانی ئەوە نامێنێ کە ئەو کەسانە شیکایەت وە یا تەشویشات بکەن .

پێش ئەوەی خیتام بە جەوابی سوئال بێنم ، ئەمەوێ نوقتەیەکی تریشی عەلاوە بکەم : حوکوومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا بەرامبەر بە ئەقوامی عێراق عەدالەت و موساوات ریعایەت ناکا .

وە حەقیقەتەن ئەگەر تەماشای وەسائیقی رەسمییە بکەین ئەبینین نیسبەتی مۆ زەفین لە لیوای کەرکووک بۆ کورد ٢٤/٥% . بۆ تورکومان ٥٦/٥% ، بۆ عەرەب و عەناسیری تر ١٩% یە . وەلحاڵ بەپێی ئەو ئیحسایە کە لیوای کەرکووک بە پێی ئارەزووی خۆی تەنزیمی کردووە نیسبەتی نفوس لەم لیوایەدا وەکو خوارەوەیە :

٥١% کورد ، ٢١/٥% تورکومان ، ٢٠% عەرەب ، ٧/٥% ئەقوامی

chalakmuhamad@gmail.com

سائیرەن . لەمەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە حوکوومەت لەبەر بەعزێ ئەسباب ــ کە نایزانمو بڕواش بە سیحەتی ناکەم ــ بە زەرەری کوردو عەرەبەکانەوە یارمەتی تورکمان ئەدا . ئەمەش بێ شوبهە دڵشکاندنو شوبهەی کورد تەولیە ئەکا بەرامبەر بە عەدالەتی حوکوومەت کە لەسەری واجیبە بە چاوێک بنواڕێتە عەناسیری عێراق .

هەر وەکو لە خوارەوە ئەبینین ، حوکوومەت نەک تەنیا لە مەسئەلەی تەوزیفدا بەڵکو لە مەعاریف و نیابەتیشدا حیمایەی بەعزێک ئەکا ، وە هەندێکیش تەرک ئەکا .

خۆلاسە : من هیچ سەبەبێک نابینم کە حوکوومەت مەنع بکا لە بەجێهێنانی وەعدەکانی ، وە لابردنی مەغدوریەتی کورد .

سانیەن : حوکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا بۆ پەیداکردنی مەئموورینی کورد ؟ .

وەزعیەت و زورووفی ئێستە لەوانە نیە کە موسا عەدەمان بکا بۆ دانەوەی جوابێک کە دڵنیامان بکا ، چونکە ئەو ڕێگایەی کە حوکوومەت ئێستە گرتویەتە پێش ئەوە نیە کە مەیدانی کوردەکان بدا تا لە عولوومو مەعاریفدا پێش کەون و بۆ وەزیفە خۆیان حازر بکەن ، موهیمترینی ئەم وەسائینە بەعەساتی عیلمیەیەو مەدارسی عالیەیە کە موتەخەریجەکان پێئەگەیەنێ بۆ وەزائیفی حوکوومەت و بەرە بەرە بۆ ئەشغالی مەناسیبی گەورە .

بە کەمالی تەئەسوفەوە ئەڵێم کە لاوانی کورد هیچ ساڵێک حیسسەی حەقیقی خۆیان وەرنەگرتووە لەو بەعەسانەدا کەوا مەعاریف ئەینێری بۆ خاریج . وە ئەمە بە وەسائیقی وەزارەتی مەعاریف

chalakmuhamad@gmail.com

خۆی موســــبەتـە .

ژمارەی ئەو لاوانەی کە هەتا ساڵی ڕابوردوو نێرراون بـــۆ خاریج ئەگاتە ( ١٢٠ ) لەمانە تەنیا دووان یا سیانیان کـــوردە ، چونکە بە پێی ئەو ئوسوڵەی کەوا مەعاریف تەتبیقی ئەکا لەناردنی بەعسەدا ئەبێ ئەو لاوەی کە داخیلی بەعسە ئەبێ لە مەکتەبێکـــی سانەوی تەواو مەئزون بێ . لە هەموو مەنتیقەی کوردییـــــەدا مەکتەبێکی سانەوی وەها نیە . لاوانی کوردیش لەبەر هەندێ ئەسبابە زۆر ئارەزووی هاتنە بەغداو ئیستیفادە لە تەحسیلی ســـانەوی ئێرەیان نیە ، زۆر بە زەحمەتی ئەبینن و ئەم حاڵە بووە بەسەبەبی مەنعیان لە ئیستیفادەکردنی بەعسەو مەداریسی ئیختیسا ســـبیەی پایتەخت . لەسەرێکی تریشەوە ئەبینین کە ئەو زەحمــــەت و مەشەققەتەی کە لاوانی کورد لە مەسئەلەی تەوزیفدا دووچاری ئەبن لەوانەیە کە مەنعیان بکا لە پێگەیشتن و وەفێری ئیش بوون لـــە دەوائیری حوکوومەتیدا وەخۆ حازرکردن بۆ مەناسیبی گـــەورە . کەوابوو حوکوومەت لە موستەقبەلدا چی ئەکا ؟ وەچۆن مەئمـــوری کورد پەیدا ئەکا ؟ .

ئەم حاڵە ئەمانهێنێتە سەر ئەوە کە باوەڕ بکەیـــن کە ئـــەو نوقسانیەتەی لە مۆزەفینی مەناتیقی کوردییەدا لە موستەقبەلـــدا حاسڵ ئەبێ بە دامەزراندنی مەئمورینی غەیری کورد پڕ ئەکرێتەوە ، وە بەم ڕەنگە بە تەبیعەتی حاڵ درەنگ یا زوو ، ئیستیفادەکـــردن لە وەزائیفی حوکوومەت لەدەست کورد دەرئەچێو ئەکەوێتە دەســـت غەیری کورد . ئەم دوو نوقتەیە یەعنی ئیمتینا عی حوکوومەت لـــە

chalakmuhamad@gmail.com

تەعین کردنی مۆزەفینی کوردو کەمتەرخەمی لە ئیتتخازی تەدابیری لازیمە بۆ پێگەیاندنی مۆزەفینی کورد بۆ موستەقبەل ، میللەتی کوردی ڕەنجیدە کردووەو بووە بە سەبەبی نەمانی ئیعتیمادی بە حوکوومەت .

ئەم حاڵەتە یەکێکە لە موهیمترینی ئەو سەبەبانە کەمیللەتی کوردی سەوق کردۆتە سەر ئەم شیکایەت و تەشویشانە کەوا حوکوومەت لێی تووڕە بووە .

هەر وەکو هەندێ جار ئەبێژری ، ئیحتیمال بە بیرا یەت کە حوکوومەت لە مەسئەلەی تەوزیفدا هیچ فەرقێک ناکات لە بەینی ئەقوامی عێراقداو زۆر مەئموری کورد لە مەناتیقی غەیری کوردیدا ئیستیخدام ئەکا . من ئەمەم زۆر لەلا خۆش ئەبوو ئەگەر بەڕاستیو موافیقی عەدالەت تەتبیق بکرایە ، بەڵام حەقیقەتەن وا نیە ، وە بە پێی تەحقیقات و مەعلوماتی خسوسیەی خۆم ئەتوانم بڵێم کە لە هیچ لیوایەکی تردا حەتتا سەدی پێنج مەئموری کوردی تیا نیە ، بەڵام لەلایەکی ترەوە ٢٦% مەئمورینی لیوای سلێمانی غەیرە کوردن . بێینەوە سەر دەرەجەی ئیستیفادەی کوردەکان لە ئیدارەی حوکوومەتی مەرکەزییەو پارلەمان ، ئەبینین کە لەم ڕووەشەوە دیسان مەغدورن .

وە لای خوارەوە خولاسەیەکی ئەم مەغدوریەتانەیان ئەکەین :

١ ـ ئەووەلەن : نەبوونی کوردێک لە بەینی مودیر عامەکاندا کە ژمارەیان ئەگاتە ١٩ .

سانیەن : نەبوونی زابتێکی کورد لەسەر دائیرەکانی وەزارەتی

chalakmuhamad@gmail.com

دیفـــــاع بێجگە لە یەکێـــــک .

بۆ ئامرێتی مەنتیقەکان و وەحەداتەکانیش هەر وایە .

سالیبـــەن : نەبوونی مەئمورانی کوردی موسەجەل لە مەرکـەزی هەموو وەزارەتەکان و مودیریەتی ئەوقافی عام دووان سیانێ نەبێ.

لەمەدا وا دەردەکەوێ کە کورد لە ئیدارەی حوکوومەتـــــی مەرکەزییەدا حەقی خۆی نەدرا وەتێو لەم خوسووسەوە حاڵیان لــــە ساڵی ١٩٢٦ خراپتـــــرە .

هەروەها حوقووقی نیسبییان لە مەجلیسی نووابیشدا کەمـــە ، چونکە بە پێی تەقریرێکی عوسبەتولئومەم ئەبینین کە نیســـبەتی نوفووسی کورد هەر تەنیا لە لیواکانی شیمالدا بە نیســـــبەت نوفووسی عێراقەوە ١٨% یە نەک وەکو ئەڵێن ١٧% ، لەبەر ئەمـــە ئەبێ ژمارەی نائیبەکانیش ١٦ بن لە مەجمووعی ٨٨ نائـــیب ، وە ئەگەر ژمارەی نائیبەکانی مەجلیسی حازری تەتبیق بکەیـــن ئەبینین عەدەدی نائیبی کورد ــ لەگەڵ نیوە کوردەکانیش هـــەر وەکو وەزیری موستەعمەرات ناوی ناون ــ لە ١١ تەجاوەز نـــاکا .

وە ئەتوانم بڵێم بە پێی تەقریری عوسبەتولئومەم قەومی کورد کـــە لە هەموو قەومەکانی تر وە حەتتا لە ئەهالی عەرەبی موســـڵیش زیاتر مەیلی سەحیحی بۆ عێراق بەرامبەر بە عوســـبەتولئومەم پیشاندا ، بەرامبەر بەم ئیخلاسەی چاوەڕوانـــی موکافـــات و موعامەلەیەکی موشەففەقترو عادیلتر لە موعامەلەی ئێستا بـــوو ، وە هیوای هەبوو کە حوکوومەتی عێراق یارمەتییەکی گەورەتـــری بـدا لەوەی کە وەزیری موستەعمەرات لە خوتبەکەیدا بەیانـــی

chalakmuhamad@gmail.com

کردبـــــــــوو .

٢ ـ نەشری عیلم لە مەکتەبەکانی کورددا :

هەمووما ن ئەیزانین کە نەشری عیلم بە زمانی کوردی لـــــەو مەنتیقانەدا کە کوردی تیا دانیشتووە یەکێ بوو لەو چـــــــوار تەڵەبەی عوسبەتولئومەم ، وە حوکوومەتی عیراق و حوکوومەتـــــــــی حەلیفە هەردووکیان بەڵێنیان دابوو بە تەتبیق کردنی . جا لـــــە دوای پێنج ساڵ کە بەسەر ئەو وەعدەدا ڕابوورد ، بزانین ئـــەم دوو حوکوومەتە موحتەرەمە وەفایان بۆ وەعدەکەیان بە چ دەرەجەیـــــەک بووە .

ئەبینین کە زمانی تەدریس لە مەکتەبەکانی لیوای سلێمانیدا کوردییە ، بەڵام لە لیوای کەرکووکا کە بەشی زۆری ئەهالییـــــەکەی یەعنی "٥١%" کوردە بە غەیری سێ هیچ مەکتەبێکی نییە کە کـــوردی دەرس بخوێنێ و ٢٠ مەکتەبەکەی تری یەک دوویەکی نەبێ، ئەوانـــــی تری هەموو بە تورکی دەرس ئەڵێنەوە ، وەلحاڵ ئەوانەی کە بـــــــە تورکی قسە ئەکەن نوفووسیان ١٢% نوفووسی لیواکە زیاتر نیە .

شوبهە نیە نەبوونی مەکتەبی کورد لە قەزاکان و مەرکـــــەزی ئەو لیوایەدا کە نیوەی خەڵکەکەی وەیا زیاتر لە نیوەی کــــوردن، ئەهالی کورد سەوق ئەکاتە سەر ئەوەی کە یا منداڵەکانیان نەنێرنە مەکتەب چونکە نایانەوێ زمانی تورکی قوبووڵ بکەن ، وەیا بـــــــە نا بەدڵ بیان خەن، تەبیعی ئەم نەوعە وەزعیەتە شایانی تەئەسوفە . وە لە عەینی وەقتا لەلایەکەوە موخالیفی عیلمی تەربیەیـــــــــــە ، وە لەلایەکی تریشەوە موافیقی مەسلەحەتی حوکوومەت نیە ، بــــــەڵام

chalakmuhamad@gmail.com

مەیدانی حوکوومەت بۆ مانەوەو دەوام کردنی ئەم وەزعیەتــــە غەریبە بە هیچ شتێک تەئویل ناکرێ ، ئیللا بەوە نەبێ کەحوکوومەت ئەیەوێ تەشجیعیان بکا بۆ ئەم زمانەو بۆ بڵاوبوونەوەی، تا زەربە لە کورد بدا ، وە تورکومان ئامادە بکا بۆ ئەوەی کە زیاتر لــــە ئێستە بەسەر کورددا زاڵ ببن ، لەم نەوعە موعامەلەیە وا تێئەگەم کە حوکوومەت مەسالیحی سیاسیەی خوسووسی خۆی تەقدیر ناکا ،بەڵکو نەوعە موشکیلاتێ بۆ خۆی حازر ئەکا کە هیچ بە خەیالا نەهاتبــێ .
هەروەها بە تەبیعەتی حاڵ لە بابەت تەوزیعی قیسمی زۆری ئەهالــی لیواکە لەخۆی عاجز ئەکا .

یارمەتی حوکوومەت بۆ ئەم قەومە بچوکە نەک تەنها هــــــەر مەعاریفە ، بەڵکو لەبابەتگەلێ شتی تریشەوە وەک تەوزیـــــــف و نیابەت و ســـــائیرە .

ریعایەتی زمانی کوردی لەبەشی زۆری مەکتەبەکانی هەولێـردا جارییە ، بەڵام لە لیوای موسڵدا زۆر شایانی تەئەسوفە ، لە حاڵــی حازردا لەهەر پێنج قەزای کوردەکانا کە لە چوار سێ بەشی کوردە ، مەکتەبێک نابینین کە زمانی تەدریسی کوردی بێ، ئیسپاتی ئەمــەش کاغەزی مودیری مەعاریفی مەنتیقەی موسڵە کە بە تەئریخی ٩٣٠/١١/٢ ژمارەی ٣٥١/١ بۆ مودیری مەعاریفی عامی نووسیوەو لەم کاغـەزەدا بە ئاشکرا پێی لێ ئەنێ کە لە مەنتیقەی موسڵدا مەکتەبێکی تیــا نیە کە بە کوردی دەرس بخوێنێ . حاڵ وایە ئەگەر تەماشای ماددە "٩"ی خوتبەی وەزیری موستەعمەرات بکەین ئەبینین ١٣ مەکتەبــــی کوردی تیا باس کراوە " لەم ١٣ مەکتەبە ٦ یان لە مەنتیقــــــەی

chalakmuhamad@gmail.com

موسڵدا " وه خۆم بیلنەفس لە ساڵی ١٩٢٧دا ١٠ مەکتەبی کوردییم لە مەنتیقەی موسڵدا دیوه، سەرەرای ئەمە بەرامبەر بە بەڵێنی وەزیری موستەعمەرات کە لە ماددەی "١٠"ی خوتبەکەیدا بەیان کراوه، خیلافێکی تریش ئەبینین، وه ئەوەش بە تەواوی هەڵگرتنی زمانی کوردییە لەتەرەف وەزارەتی مەعاریفەوه لە مەکتەبەکانی هەر پێنج قەزاکەدا، ئینجا نازانم ئایا وەزارەتی مەعاریف لەخۆیەوه بوو وه یاخود بە ئیعازی حوکوومەت بوو کە زمانی کوردی لەو مەکتەبانەدا دەرکرد، وه لە هەردوو حاڵدا ئەم موعامەلەیە سەرفی نەزەری لەوەی کە موخالیفی عیلمی تەربییەو دەعوای حوکوومەتە بە هیچ شتێک تەئویل ناکرێ، ئیللا ئەوە نەبێ کە بگەڕێتەوه سەر ئەو ئوسووڵە پڕ زەرەرەی کە لە زەمانی تورکەکانا تەتبیق ئەکرا وه ئەوەی کە برا عەرەبەکانمان بیلنەفس خۆیان دا ئیما شکاتیان لێ ئەکرد.

مەغدوریەتی قەومی کورد لە مەنتیقەی موسڵا هەر مەحوی زمانی کوردی نیە لە تەدریسا تدا بەڵکو هەر وەکو لیوای کەرکووک لەگەڵێ جیهەتی تریشەوه وەک تەوزیف و تەمسیلی قەومی کورد لە مەجلیسی مەبعوسانا وه حەقیقەتەن ئەبینین کە لەم پینج قەزای شیمالیەدا لە ٦٦٪ ی مەئمورەکانی کورد نین، حاڵ وایە نوفووسی ئەم قیسمە لەم قەزایانەدا لە ٣٠٪ ی مەجموعی سوککان تەجاوز ناکا، وه نیسبەتی حەقی تەوزیف کە بە کوردەکان بەخشراوه هەر ٣٤٪ ە ئەوانیش لە وەزائیفی پچووک و لەوانەی کە کەم دەستەکانی ئەو ناوه نەبێ کەس پێی ڕازی نابێ، دەلیلیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە

chalakmuhamad@gmail.com
چوار قائیم مەقام لەم پێنج قائیم مەقامانەو وەک ئەیزانــم
مودیری ماڵ و موعاوینی شورتەو موفەوەزین و مەئموورە گەورەکانی
تر هەموو غەیرە کوردن ، وە ژمارەی نائیبەکانیان بە نیسبەتی
نوفووسیان ئەبوایە سیان یا چوار بوایە ، کەچی هەر دوانن .
ئەم وەزعیەتە ، وە لادانی حوکوومەت لە بەجێهێنانی وەعدەکانی
کە لە ماددەی چواری خیتابی وەزیری موستەعمەراتدایەو گوێ
نەدان بە تەسریحاتی رەئیسولوزەرا " ٢١ کانوونی سانی ١٩٢٦ "
کوردەکانی سەوق کردو سەوقیان ئەکاتە سەر دڵگیری و سکاڵاکردن
کە بێ شک ئەمە موخالیفی ئارەزووی جەلالەتتان و مەنافیعی
حوکوومەتە .
٣ ـ دابەشکردنی عەدلیە بە زمانی کوردی لە مەناتیقی کوردیدا :
ئەمە سێیەم موساعەدەیە کە ویستراوە بدرێ بە کورد ،
وە ئەمەش وەک لە ماددەی " ٥ " خیتابی وەزیری موستەعمەراتدا
دەرئەکەوێ لە ساڵی ١٩٢٦دا لە لیوای سلێمانی و قەزای کۆی
سنجاقدا تەتبیق کرا . وە تا ئەمڕۆ لە هیچ مەنتیقەیەکی ترا
تەتبیق نەکراوە .
لە حەقیقەتی حاڵدا ئەبینین کوردی لیوای کەرکووک لە
مەحکەمەکانا بە زمانی تورکی موحاکەمە ئەکرێن ، وە لە لیوای
هەولێرو موسڵ و قەزای خانەقیندا مەجبورن کە بە زمانی عەرەبی
موراجەعەو مورافەعە بکەن ، ئەم حاڵەش بۆتە سەبەبی موشکیلات و
دەردی سەرییەکی زۆر بۆ کورد چونکە بە ناعیلاجی ئەبێ تەرجومان
پەیاکەن و شکاتیان بە واسیتەی ئەوەوە عەرزی مەحکەمە بکەن و

chalakmuhamad@gmail.com

مودافەعەی حوقووقیان بدەنە دەس تەرجومان و چاوەڕوانی ڕەحمەتی ئەوبن ، کە لەو رووەوە گەلێ جار مەغدور ئەبن ، چونکە یا لە تەرجەمەدا زەعیف ئەبن وە یا خود بۆ خاتری مەنفەعەتی شەخسی خۆیان حەقی موددەعی و موددەعی عەلەیهی تێک ئەدەن ، وە هەر ئەم مەحزورە بوو مەجلیسی عوسبەتولئومەمی هێنایە سەر ئەوە کە داوا بکا تا کورد بە زمانی خۆی موحاکەمە بکرێ . ئینجا بە تەبیعەت گوێ نەدانی حوکوومەت بەم حەقە ، قەومی کوردی مەجبووری شکات و نەفرەت کردووە لە حوکوومەت ، وە من بڕوا ناکەم کە تەوزیعی عەدالەت لە بەینی کوردا بە زمانی خۆی زەحمەت بێ بۆ حوکوومەت بەڵکو بەم موساعەدەو موعاوەنەتە ئیسپاتی حوسنی نییەتی خۆی ئەکا دەر حەق بە کوردو بە سورەتی قەتعی ڕەزاو ئیخلاسیان بۆ خۆی جەلب ئەکا .

٤ ـ زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمی بێ :

بۆ حوکوومەت وای هەڵئەگرت کە چەند ساڵێک لەمەوپێش وەعدەکانی خۆی بەجێ بهێنایە ـ بۆ ئەوەی کە دەنگی شکات و هەرا بەرز نەبێتەوە ، بەڵام لەم ئاخریەدا لە جەریدەکانی پایتەختدا دیم کە لائیحەی قانوونێک بۆ ئەم مەقسەدەو بەعزێ شتی تر نەشر کراوەو لەگەڵ ئەوەی کە بەعزێ نەواقیسی تیا هەیە وە ئومێد ئەکرێ ڕەفع بکرێ ، باعیسی مەمنونیەتە .

# نەتیجە

دوای ئەم ئیزاحانەی کە زاتم کردو عەرزی سەدەی مەلەکیتانم

chalakmuhamad@gmail.com

کرد وای بە موناسیب ئەزانم کە ڕێی چارەکردنیشی عەرز بـــــکەم، چارەکردنێکی وا ـ کە بە ئیعتیقادی من ـ لە حازرا کەمـــــێ زۆر قەومی کورد وسکوت ئەکا وە حوکوومەت لە شکات و هەرا نەجات ئەدا . لام وایە ئەم چارەیەش ئەوەندە زەحمەت نیە بەڵکو زۆر ئاسـانەو عیبارەتە لە بەجێهێنانی وەعدەکانی حوکوومەت بە تـــــەواوی و دیققەتکردن لە موحافەزەو دەوامـــــی .

لای من ئەم نوقتەیە ، یەعنی ئەهەمییەتدان بە موحافـــــەزەو دەوامی ئەم موساعەداتە لەدوای تەتبیقی زۆر موهیممەو بە نـەزەر تەجروبەو ئیختیباراتی خۆمەوە بەبێ دانانی موراقەبەیەکی دائیمی بەسەریەوە تەئمین کردنی مەحاڵە، چونکە مومکینە پیاوە گەورەکانی حوکوومەت یەعنی ئەوانەی کە تەقدیری مەسڵەحەتی عوموومـــــی وولات ئەکەن تەرەفداری ئەمە نەبن کە ئەم موساعەداتـــە خەلەلـــــــی پێ بهێنرێ، بەڵام لە هەمووما نەوە دیارە، کە ئەم پیاوانە ئیشـــی گەورەو زۆریان بەسەرەوەیەو پێیان ناکرێ ئەم چاوێری کردنـــــــە بخەنە سەر شانی خۆیان . کەوا بوو ئەم ئیشە ناسکە، چ لە مەرکەزو چ لە دەرەوە ئەکەوێتە ژێر دەس مەئمورە گەورەکان و پچووکەکـــان کە مەسڵەحەتی عوموومی وولاتیان پێ تەقدیر ناکرێ ، وە ئەوانـــەـ هەر وەکو ئێستە لە بەعزێ لیواکانا ئەبینرێ ـ بە گوێـــــــــرەی حیسسیات و تەعەسوبی قەومی خۆیان ئیدارەی عەناسیر ئەکەن و بـــە تەبیعەت پێیان مەئموول ناکرێ کە چاوێری بە دڵی ئەو حوقـــووق و موساعەداتە بکەن کە لە تەرەف حوکوومەتەوە بە مەقسەدێکی بڵنـدو بۆ ئیزهاری حوسنی نیەتی بە عەناســـــیر دراوە .

chalakmuhamad@gmail.com

بو ئەم نەوعە مەشموورانە لازم بوو، کە بەپێی ئەو نەسیحەتە بە قیمەتەی جەلالەتتان کە لە جەوابی نوتقی مەندوبی سامیدا لە داروڵئیعتیمادلە ساڵی ١٩٢٦دا فەرموورا بوو حەرەکەت بکەن، ئەو نەسیحەتە باوکانە ئەمە بوو: " یەکێ لە جوملەی ئەهەمی وەزائیفی هەموو عێراقیەکی سادیقە کە تەشویقی کوردی عیراقی برای بکا کە لەژێر بەیاخی عێراقدا کە رەمزی سەعادەتی مەملەکەت و سەعادەتی عموومی ماددی و عەقلیەیە، موحافەزەتی جنسییەتی خۆی بکا و لێی لانەدا ....." وە پێویست بوو کە لەو تەسریحاتەی کە مەرحووم رەئیسولوزەرا لە رۆژی ٢٢ی کانوونی سانی ١٩٢٦دا لە مەجلیسی مەبعوساندا دای عیبرەت بگرن، چونکە مەرحووم ئەیگووت " ئەگەر عێراق ئەیەوێ بژی ئەبێ حوقووقی هەموو عونسورێکی عێراقی تەئمین بکا، چونکە هەموومان دیمان کە تەفرەقەو تێکچوونی حوکوومەتی عوسمانی لەم رووەوە بوو، وە چونکە حوقووقی عونسورەکانی ناوخوی غەسب کرد بوو، وە لە پێش کەوتن مەنعی کردبوون....." وە هەروەها لەسەر ئەو مەشمورانەی ئەم نەوعە رەوشتەیان پەسندکردووە لازم بوو گوێ بدەنە ئەو خوتبەیەی مەندوبی سامی کە لە حوزوری جەلالەتتانا دابووی وە ئەیگووت " ئەبێ ئارەزووی حوکوومەتی عێراق ئەوە بێ کە هەموو عەناسیری عێراق، ئەولادێکی سادیقی حوکوومەتی عێراق بن، وە بۆ ئەم لازمە کە تەشویقیان بکا تا لەسەر دین و جنسییەتی خۆیان برۆن و لێی جوێ نەبنەوە .

هیچ وەختێک کورد عەرەب نیە، وە لەوەندەی کە ئەسکوچی

chalakmuhamad@gmail.com

بووه ئینگلیز ئەویش زیاتر نابێ بە عەرەبوە بە ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمال کردنی زمانی عەرەبی وە یا عادەتی عەرەبی قەت نابێتە وەتەنییەکی سادیق بۆ عێراق ـ خۆلاسە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی تەواو بەڵکو ئەبێ هەموو تەشویقات و تەسهیلاتێکی بۆ بکرێ تا ببێتە کوردێکی تەواو " وە لەسەر ئەو نەوعە مەشورانە لازم بوو کە چاک بیزانن کە گوێ نەدانیان بەم نەسیحەتە بەقیمەتەو لادانیان لەم تەسریحاتە کە لە حەقائیقی تەئریخی تازەوە وەرگیراوە، ئەبێ بە سەبەبی حوسوڵی شەک و شوبهە لە سەداقەتی حەقیقییەیان بۆ عێراق، وە ئەیانخاتە ژێر تومەتی هەوڵدان بۆ هێنانە وجوودی مەسائیلی تەفرەقەو تێکدانی وەحدەتی عێراقی، لەگەڵ ئەمەشدا من هەموو لەم شەک و تومەیە بەری ئەکەم وە ئیعتیقادم وایە کە سەبەبی ئەمە تەقدیرنەکردنی نەتیجەی ئەم نەوعە حەرەکاتە حیسسی تەعەسوب و شوعوورێکی فاسیدە .
نازانم چۆن پیاوە گەورەکان لەم نەوعە شیشە بێ مەعنایانە چاو ئەپۆشن ؟ حاڵ وایە کە خۆیان تەقدیری وەزعییەتی ئەکەن و موتەحەسیس بە حیسسیاتی لوتفکارانە بەرامبەر بە هەموو ئەقوامی عێراق . شاهیدم تەئریخ و ئەو حادیساتەی کە هێشتا لەبەر چاومانا گوزەران ئەکاو باوەڕم هەیە کە بەجێ نەهێنانی وەعدەمان لەلایەکەوەو تەسەروفاتی نالایەقی بەدەوام لەلایەکی ترەوە غەیری زەرەر هیچ فائیدەیەک بە ووڵاتنابەخشێ و ناتوانین بەزۆر وە یا بە تەزیقی ئیداری کە نەتیجەی خراپی لەبەر چاومانە، ببین بە مانیع وە یا کەم کردنەوەی ئەو زەرەرە . لەبەر ئەوە مەسڵەحەتی

chalakmuhamad@gmail.com

عوموومیە لەوەدا ئەبینین کە حوکوومەت بێتە پێشەوەو تەتبیقی وەعدەکانی لە مەناتیقی کوردیبەدا بکا ، وە لیوای دهۆک تەشکیل بکات ، کە مەندوبی سامی لە ٦ی مایسی ١٩٢١دا وەعدی دابوو وە ئەم وەعدە لە ئەلوییەی شیمالیە بڵاوکرابووە ، وە لە دوای ئەو هەیئەتێکی خاسەی موراقەبە بۆ موحافەزەو حورمەتی ئەم موساعەداتە کە عیبارەت لە موفەتیشێکی شارەزا لە خۆیانو سەلاحیەتی تامەی هەبێ بۆ مەنع کردنی لاوان لەو ئەساس و قەواعیدە لە هەموو دەوائیرو تەشکیلاتی حوکوومەتیدا ، وە یەکێ لە موفەتیشە ئیداریەکانیش یارمەتی بدا ، وە یەکسەر مەربووتی رەئیسی حوکوومەت بێ، وە ماددەتەن بەرامبەر بە رەئیسی حوکوومەت و قەومەکەی مەسئول بێ، وە ئیعتیقادم وایە کەحوکوومەت بە لوتف و موافەقەتی لەسەر ئەم ئەساساتە لەو موشکیلاتەی کەدێتە رێی‌و ئەوەی کە لە گەلێ جاردا سەوقی ئەکاتە سەرفی جوهوودو نفوز نەجاتی ئەبێ، وە بە ئەمە ئەو عاجیزی و نەفرەتە لە بەینی ئەفرادی کورددا مەوجودە دوایی دێت ، وە لەپێش ئەوەدا کە نیهایەت بەم مەعرووزاتەم بدەم دەفعەیەکی تریش نەزەری دیققەت جەلب ئەکەمە سەر مەسئەلەی موراقەبەو لزومی دانانی لە تەرەف حوکوومەتەوە چونکە باوەڕ ناکەم کە بەبێ ئەمە نەتیجەیەکی باش چنگ بکەوێ، وە چونکە قانوون کردن و قەراردانی حوکوومەت بە تەتبیقی وعوود مەقسەدێک حاسل ناکا ، وە بەڵکو لەدوای موددەتێک ئەم فەعالیەتە ئەوێستی و لە فیکریش ئەچێتەوە ، وە دەلیلی ئەم ترسەشم ، بەجێ نەهێنانی ئەو قەرارەیە کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی

chalakmuhamad@gmail.com

تەمموزی ١٩٢٣دا دای دەرحەق بە تەعیین نەکردنی مەئموورانی غەیری کورد لە مەنتیقەی کورددا ، وە بەجێ نەهێنانی ئەو ئەمرە کە رەئیسی حوکوومەت لە ساڵی ١٩٢٦دا بۆ بەجێ هێنان و تەتبیق کردنی ئەو چوار ماددەیە کە بە کوردەکان وەعدە درا بوو، بە هەموو وەزارەتەکانیدا .

خۆلاسە لە سەدەی عالیەی مەلەکی ئیستیرحام ئەکەم بەچاوێکی عەتف و مەرحەمەت تەماشای ئەم مەسئەلە موهیممە بکرێ و بۆ چارەکردنی زوو ئەمر بدرێ تا ئەم ئیختیلافاتە لە ناوا نەمێنێ و وەحدەی موحتەرەمەی عێراق مەحفوز بێ و دڵی قەومی کورد بێتەوە جێ و ببێتە عونسورێکی موخلیس و حارسێکی سادیق بۆ عەرشی جەلالەتتان ، ئیتر ئیستیرحام ئەکەم کە لە بابەت سەربەستی فیکرو مەعروزاتم عەفوو بفەرموون .

ئیتر ئەمر ئەمری جەلالەتتانە .

٢٥ کانوونی ئەووەلی ١٩٣٠ محەممەد ئەمین زەکی

سورەتێکی بۆ فەخامەتی مەندوبی سامییە

chalakmuhamad@gmail.com

# مولحەقی عەریزەکەی ین

ژمارە ١٢٠ای کوردی ئەو موزەککرەیە لە دەرحەق ئیدارەی مەناتیقی کوردی عێراق لەتەرەف مەجلیسی نیابی عێراقەوە لە ئیجتیماعی ١٩٢٥یدا تەرجەمەو تەبعو تەوزیع کرا .

١ ـ فەقەرەی سێیەمی قەراری مەجلیسی عوسبە کە لەخوسووس حودوودی تورکیا و عێراق بوو ئەڵێ :

" حوکوومەتی بەریتانیا ، بەو سیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەسییە بەسەر عێراقەوە ، ئەبێ لە حوزووری مەجلیسی عوسبەدا بەیانی ئەو تەدبیرو ئیجرائاتە بکا کە زەماناتی قەرار دراو بۆ کوردی عێراقی پێ تەئمین ئەکرێ، ئەو زەماناتە کە لەتەرەف لیجنەی تەحقیقەوە لە ئیستنتاجاتی قەراری نیهائیدا باسی کراوە".

٢ ـ تەوسیاتی لیجنەی تەحقیق دەرحەق بە کوردی عێراق ،بەو نەوعە کە مەجلیس قەراری لەسەردا بوو، ئەمەیە " ئەبێ ریعایەتی ئەو ئارەزووانە بکرێ کە کوردەکان بەیانیان کرد ،ئەم ئارەزووانە عیبارەتە لە تەعینی مەئموورینی کورد بۆ مەناتیقی کورد ،تەوزیعی عەدالەت و نەشری تەعلیم لە مەدارسیانا بە زمانی کوردی بێ، وە زمانی کوردی لە هەموو ئەم وەزائیفانەدا زمانێکی رەسمی بێ".

٣ ـ وەزیری موستەعمەرات لەو نوتقەیدا کە لە ١٣ای ئەیلولی ١٩٢٥دا لە حوزووری مەجلیسی عوسبەدا دای دەرحەق بەم مەسئەلەیە گووتی نیزامی ئیدارەی ئێستا بۆ تەتبیقی بەشی زۆری تەوسیاتی لیجنە موساعید بوو، وە ئەم ئیدیعایەش حەقیقەتەو ئیستیناد

chalakmuhamad@gmail.com

ئەکاتە سەر ئەو تەدابیرە کە لەتەرەف حوکوومەتی عێراقەوە بــــو ئیدارەی مەنا تیقی کورد تەتبیـــق کـــراوە .

٤ ـ چل و سێ لە مەجموعی ٥٧ مەئمور کە لەتەرەف وەزارەتی مالیەو داخلیەوە لە مەنا تیقی کورددا ئیستیخدام ئەکـــرێ ، کـــوردن، وە ٩ مۆزەفی کوردیش لە مەنا تیقی غیری کوردییەدا هەیە ، وە بەرە بەرە عەدەدی مۆزەفینی غەیری کورد لە مەنا تیقی کوردی لە کـــەم بوونەوەدا یە ، سیا سەتی حوکوومەت وایە کە غەیری کورد کەســـێکی تر لە کوردستا ندا ئیستیخدام نەکا ، بە ئەهمییەت لەســـەر ئەم سیا سەتە دەوام ئەکا .

٥ ـ وەزارەتی عەدلیە لە مەنا تیقی کوردییەدا ١٣ مۆزەفی " حاکم و کا تبی ئەووەل " هەیە ، لەمانە دەی کوردەو موحاکەمە بە کـــوردی ئەکرێ ، وە مەحزەری موحاکەمە لە سلێمانی و کۆیەدا بە کـــوردی ئەنووسرێ ، وە ئەگەر دەعواکە حەواڵەی مەحکەمەی ئیســـتیئناف و تەمیز بکرێ تەرجەمەی عەرەبی پێوە رەبت ئەکرێ ، شەش مەئمـــووری کوردیش لە مەنا تیقی غەیری کوردییەدا هەیە .

٦ ـ دەوائیری غەیری ئەوانە کە باس کرا " وەکو وەقف ، پۆســـتەو تەلەغراف ، ئەشغالی عوموومیە ، سجون ، گومرگ ، رەی ، تا پـــۆو زەراعەت " پەنجا و پێنج مەئمووری لە مەنا تیقی کوردیەدا هەیـــە کە لەمانە سی‌و هەشتی کوردن ، وە لەگەڵ ئەمەشدا لە مەنا تیقـــی غەیری کوردییەشدا ٧٨ مەئموری کوردیان هەیە .

٧ ـ کورد ، لە ئیدارەی مەرکەزیشدا بەشی خـــۆی بە تـــەواوی وەرگرتووە ، چونکە لەبیست ئەعزای مەجلیســـــی ئەعیان دوانیان

chalakmuhamad@gmail.com

کوردن " غەیری ئەم دوانە نیوە کوردیش هەیە" (٣٠). لە مەجمووعـــــی ٨٨ مەندوب ٤٤ی کوردە. وەزیری مالیە"*" وە وەزیری مواسەلات و ئەشـــغالیش کوردن (٣١).

٨ ـ کورد بە گوێرەی نوفووسی مەملەکەتەوە لەسەدا ١٧یە، لـــە لە قووەی عومومیەی شورتە " پۆلیس " لەسەدا ٢٤و لە جەیشـــدا لەسەدا ٤ی کوردە، موستەخدەمینی ئیدارەی شەمەندەفەر لەســـەدا ٢٣ی کوردە "**" مەجمووعی ئەفرادی جەیش و شورتەو شەمەندەفــــەر نزیک بیست هەزارێکەو لەسەدا بیستی کوردە.

٩ ـ لە مەناتیقی کوردییەدا ٢٥ مەدرەسە هەیە، لەمانە پێنجی بـــۆ گاورەو بە زمانی کلدانی و عەرەبی ئەخوێنن. بەڵام زمانی تەدریس لە شانزدە مەکتەبدا کوردییە، لە باقی چوار مەکتەبـــــدا، کە قوتابیەکانی گاورو کوردو عەرەبن. بە زمانی کوردی ئیزاحـــات دان بە تەواوی سەربەستە. عەددەی مامۆستای ئەم مەکتەبانـــــە ٥٢ کەسەو بێجگە لە هەشتیان هەموو کوردن. وە ئەم هەشـــتەش

---

(٣٠) دوو ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئەعیان کە کورد بوون، ئیبراهیم حەیدەری و حاجی سەعید ئاغای مەعروف بوون. ئەگەر جمیل ســـدقی زەهاوی حساب بکرایە دەبوونە سێ ئەندامی کــــورد.

(*) مەقسەد مەرحووم سەبیح بەگە کە تورکێکی خالیس بوو.

(٣١) وەزیری کارو هات و چۆ محەممەد ئەمین زەکی خۆی بـــووە.

(**) لە ئیدارەی شەمەندەفەردا بە غەیری حەماڵ و حارسی فەیلی و خەدەمەو بەعزێ ئەربابی سنعەتی بچوک کەسێکی تر نەبووەو قــــەت ئەمانە لە زومرەی مەئموورین حیســـاب نەکراون.

chalakmuhamad@gmail.com

زمانی کوردی ئەزانن و زۆری ئەمانە بۆ دانەوەی دەرسی عەرەبی ئیستیخدام ئەکرێن کە زۆر لازمە ، عەدەدی ئەمانە لەمەوپێش سیانزدە بووە تا ئێستا کەم ئەکرێنەوە .

١٠ ـ بێجگە لەمانە ٢٢ ماموستای کوردی تریش هەیە کە کوردی ئەزانن و زۆر ماموستای عەرەب و تورکومانیش هەیە کە کوردی ئەزانن و لە مەناتیقی غەیری کوردییەدا ئیستیخدام ئەکرێن، لەمە حاڵی ئەبن کە سیاسەتی تەعلیمی ئێستا بە تەواوی وەکو تەوسییەی لیجنەیەو ئەم سیاسەتە گۆڕینی پێ ناوێ تەنیا ئەبێ ئەگەر توانرا عەدەدی مەکتەبەکان زیاد بکرێ .

١١ ـ ئەم ئەرقامانەم لە سیجیلاتی مەرکەز کۆکردۆتەوەو لە ناویا فەرراش و کاتبی بچووک نیە " چونکە ئەم نەوعانە لە جێگەی خۆی تەعیین ئەکرێ " وە ڕەنگە ئەم عەدەدانەی کە باسمان کرد کەمتر بێ لە عەدەدی حەقیقی مەئموورینی کورد، چونکە تەنیا ئەوانەی کە بە تەواوی لە وەزیفەدا تەسبیت کراون داخڵی عەدەدی مۆزەفینی کورد کراوە . بەشی زۆری مۆزەفین بە جنسییەتی عێراق تەسجیل کراون ، لەبەر ئەمە مومکینە لە ناویانا کورد ببێ بەڵام مەرکەز نەیزانێ .

١٢ ـ بێینەوە سەر مەسئەلەی ئیستیعمالی زمانی کوردی، ئەیزانن کە زمانی کوردی ، لەپێش حەربی گەورەدا نە بەسورەتێکی ڕەسمی و نە بە خوسووسی بۆ موخابەرە ئیستیعمال نەکراوە ، بەڵام میقدارێکی زۆر موئەللەفاتی شیعرییە هەبووە وە بە هیممەتی مۆزەفینی

chalakmuhamad@gmail.com

(٣٢)
بەریتانیبیەوەیە کە زمانی کوردی تەرەقی کردو بووە واسیتەی نووسین و موخابەرە . لەپێشدا بۆ ئەم خوسووسە فارسی و تورکی و عەرەبی ئیستیعمال ئەکران .

نووسین بە زمانی کوردی لە لیوای موسلدا هێشتا بڵاونەبۆتەوەو لەباتی ئەو تورکی و عەرەبی ئیستیعمال ئەکرێن ، بەلام ووردە ووردە لە لیوای هەولێردا بڵاوبۆتەوەو لەبەر ئەوەیە کە لە دوایییدا رەسما بۆ موخابەرەی بەینی دەوائیری حوکوومەت قوبووڵ کرا . بەلام سلێمانی چەند ساڵێکە جەریدەیەکی بە زمانی کوردی هەیە ، لە ئوموری ڕەسمییەو خوسووسییەوە زمانی کوردی واسیتەی موخابەرەیە .

ئەو ئیشەی کە حوکوومەتی ئیحتیلال دەستی پێ کردبوو ئێستا لە تەرەف حوکوومەتی عێراقەوەبە ئیخلاسێکی تەواو ئیتمام ئەکرێ .

---

(٣٢) یەکێک لە کۆنترین بەڵگەی ئەدەبی میللەتی کورد چوارینەکانی " بابە تایەری عوریان "ە کۆتایی چەرخی چوارەمی کۆچیو سەرەتای نیوەی دووەمی چەرخی پێنجەمی کۆچی . لە بابە تایەرەوە بۆ مەلا پەرێشان ئەوجا مەلا جزیریو ئەحمەدی خانی تا نالیو مەحوی دەیان و سەدان کەڵە ڕۆشنبیرو ئەدیبی بەرزمان هەبووە . لەچاو دۆخی تایبەتێتی خۆمانەوە ، واش بەوپەڕی شانازییەوە دەتوانین مێژووی ئەدەبی کورد بە سنگی خۆمانەوەی بنێین و لەتەک ئەدەبیاتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا ڕیز بگرین .

یەکێک لەو هێرش و پەلاماردانانەی کراوەتە سەرمان، ڕێ بەستنەوە بووە لە زمانو ئەدەب و ڕوناکبیری کورد ، ئەگەر تاقە توزێک هەلمان بۆ هەڵکەوتبێ تەقەلای بڵاوکردنەوەی ووشەی کوردی دراوە . بەلام قەدەغە کردن و دڕندەیی دوژمنانمان نەیان =

chalakmuhamad@gmail.com

له به‌غدادا به زمانی کوردی دوو جه‌ریده ده‌رئه‌چیّ و ئیّستاکه‌ش نه‌ک بۆ دانی حورّیه‌تی ئیستیعمالی زمانی کوردی به‌لّکو بۆ ته‌شویقاتی ئیستیعمالی ئه‌وه‌ی پیّویست بیّ به دلّسۆزی ئه‌کریّ .

١٣ – هیچ شوبهه نیه که ئه‌م مه‌علوماته ده‌لاله‌ت له‌وه ئه‌کا که له به‌ینی ئه‌و سیاسه‌ته‌ی که لیجنه‌ی حودوود ته‌وسیه‌ی ته‌عقیبی کردبوو وه ئه‌و سیاسه‌ته‌ی که حوکوومه‌تی عیّراق له‌سه‌ری ئه‌روا هیچ فه‌رقیّک نیه .

١٤ – ده‌لیلی هه‌ره گه‌وره‌ی ئه‌مه که ، حوکوومه‌تی عیّراق ته‌قدیری مه‌سئولیه‌تی خۆی ده‌رحه‌ق به مه‌تالیبی کورد کردووه‌و نیشانه‌یه‌کی زۆر ئاشکرای بۆ ده‌وام کردنی له‌سه‌ر سیاسه‌تی حورری ئیّستای و بۆ مه‌یلی دانی هه‌موو نه‌وعه واسیته‌یه‌ک بۆ ته‌ره‌قی ئادابی کوردی‌و ته‌حقیقی مه‌تالیبیان له داخلّی ده‌وله‌تی عیّراقدا ، ئه‌م عیباره‌یه‌یه

---

= هیّلاوه ووشه‌ی کوردی په‌پووله‌ئاسا له رۆژگاریّکی زووتردا به‌ر بلاّو بیّ، چاکترین به‌لّگه ، یه‌که‌م رۆژنامه‌ی کوردی به نیّوی " کوردستان" ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ که له به‌رامبه‌ر کاری نامه‌ردانه‌ی نه‌یاران و دوژمنانی کورددا له ده‌ره‌وه‌ی کوردستانیش نه‌ی ده‌توانی ته‌نیّ له پیّته‌ختی یه‌ک وولاّتدا سه‌ری خۆی تاقه‌ت بگریّ ، ئه‌و ده‌میش ١٩٢٦ که له‌و راپۆرتی نهیّنی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی به‌ریتانیایه‌دا گوتراوه " به هیممه‌تی مۆزه‌فینی به‌ریتانییه‌وه زمانی کوردی ته‌ره‌قی کرد" به‌شیّکه له شیّواندنی میّژووی کورد له‌لایه‌ن دوژمنه‌وه تایبه‌ت به‌ریتانیا . ده‌نا که باری با به‌تیمان بۆ بگونجایه ئیّستا ئیّمه‌ش یادی ٥٠٠ ساله‌و ٦٠٠ ساله‌ی چه‌ندان رۆژنامه‌و گۆقارمان ده‌کرده‌وه .

chalakmuhamad@gmail.com

که لە جوملەی نوتقی رەئیسولوزەرای عێراقدا کە لە ٢١ی کانوونی سانی ١٩٢٦دا لە حوزووری مەجلیسی نوابدا گووتی، دەلی:

گەورەکانم ....

ئەگەر حوقووقی هەموو عەناسیری عێراق نەدرێ مومکین نیە مەملەکەت بژی ... ئەبێ حوقووقی کورد بدرێ و ئەبێ مەئموریان لە خۆیان بێ و ئەبێ زمانیان، زمانێکی رەسمی بێ بۆیان، ئەبێ ئەولادیان لە مەکتەبدا بە زمانی خۆیان دەرس بخوێنن " چەپڵە"وە بە تەواوی لەسەرمان لازمە کە مەعامەلەیان دەرحەق بە هەموو عەناسیر، موسلمان وەیا غەیرە موسلمان بە حەقیانەت و عەدالەت بێ و حوقووقیان بدەینێ " .

١٥ ـ لە دوای ئەمە کە نووابی عیراق هەموو تەحسینی ئەم سیاسەتەیان کرد، ئەم مەنشورە بۆ هەموو وەزارەتەکان نێررا :

" شوبهە نیە کە مەعالیتان واقیفی خیتابی رەئیسولوزەران کە لە حوزووری مەجلیسی نوابدا خوێندوویەتەوەو لە جەرائیددا رۆژی دوایی نەشر کرا . ئەم نوتقە باسی ئەو سیاسەتە ئەکا کە حوکوومەت بۆ ئیدارەی مەناتیقی کوردییە قوبووڵی کردووەو ئەڵێ: ئەبێ مەئمووریان لە کورد بێ وە زمانی رەسمییان کوردی بێ، جا لەسەر ئەمە رەئیسولوزەرا ئەمری پێ کردم کە رەجا لە مەعالیتان بکەم کە سەعیەکی تەواو بکەن بۆ تەتبیقی ئەم سیاسەتەو دەوامی لە هەموو موئەسسەساتی ئەو مەنتیقەیەدا " .

١٦ـ دەلیلی تریش بۆ نیەتی حوکوومەتی عێراق ، لە دوو نوتقی موقابیل کە گووترا لە دارولئیعتمادا بە موناسەبەتی ئیحتیفالی

ئیمزای موعاهەدەی تازەوە مەوجوودە ، وە فەخامەتی وەکیلی موعتەمەدی سامی لە ئیشارەتیدا بۆ نییاتی حوکوومەتی عێراق گووتی :

ئەبێ ئارەزووی حوکوومەتی عێراق وابێ، کە هەموو عەناسیری عێراقی ئەولادێکی سادیقی حوکوومەتی عێراق بن و بۆ ئەمە لازمە کە تەشویقیان بکا تا لەسەر دین و جینسییەتی خۆیان برۆن و نەک لێی جوێ بنەوە ، کورد عەرەب نییە ، وە لەوەندەی کە سکۆچی " سکوچی ـ خەڵکی وولاتی سکۆتلەندەس ۰ غ" ئینگلیزە ئەویش زیاتر عەرەب نییە ، وە بە ئیجبارکردنی بۆ ئیستیعمالی زمانی عەرەبی وەیا عاداتی عەرەب قەت نابێتە وەتەنییەکی سادیق بۆ عێراق، خۆلاسە نابێ هەوڵ بدرێ کە بکرێ بە عەرەبێکی قوح ، بەڵکو ئەبێ هەموو تەسهیلات و تەشویقاتێکی بۆ بکرێ کە ببێتە کوردێکی تەواو ۰ وە وەحدەتی دەوڵەت کە زۆر زۆر پێویستە بۆ تەرەقی بەلەناوبردنی عاداتی خوسووسی ئێستای عەناسیری موختەلیفە قەت حاسیل نابێ، بەڵکو بە تەشویقی دەوامیان لەسەری پێک دێ، وە ئەبێ مەیدان بە هەموو عەناسیرێ بدرێ کە بە ئارەزووی خۆی رێگەیەکی تەرەقی بۆ خۆی ئینتیخاب بکا . وە ئەمە ئەو سیاسەتەیە کە حوکوومەتتان لەسەری رۆیشتووە ، وە ئەمە بۆ ئیقناعی عوسبەتولئومەم بە ئەهلیەتی عێراق بۆ دوخوولی مەجلیس لە هەموو شتێک زیاتر بە فائیدەیە ۰

جەلالەتی مەلیک فەیسەڵ دەرحەق بەم مەسئەلەیە لە خوتبەی

chalakmuhamad@gmail.com

جوابیدا گووتی :

" لە جوملەی ئەهەمی وەزائیفی هەموو عێراقییەکی سادیقە کە تەشویقی کوردی عێراقی برای بکا کە لەژێر بەیداخی عێراقدا کە رەمزی سەعادەتی مەملەکەت و سەعادەتی عوموومی ماددیەو عەقلیەیە ، موحافەزەی جینسییەتی خۆی بکا و لێی لا نەدا . وە بە ئیتیحادو ئیشتیراکیان ببنە ئەعزایەکی باش بۆ ئاواکردنەوەی وەتەنی موشتەرەک . شوبهە نیە کە هەر عێراقییەکی سادیق ئیشتیراکی ئەم فیکری منە ئەکا دەرحەق بە هەموو عەناسیری مەوجوودەی مەملەکەت ".

( ٣٣ )

لەندەن ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦

---

( ٣٣ ) دەقی ئەو راپۆرتە لە زۆر سەرچاوەدا بڵاوکراوەتەوە . وەک
- عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیه ، الجزء الاول، مطبعه العرفان، صیدا ، ١٩٣٣، ص/ ١٩٥ــ ١٩٩ .
- عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث ، الجزء الثانی ، مطبعه العرفان ، صیدا ، ١٩٤٨، ص/ ١٢٣ــ ١٢٧ .
- عبدالرزاق الحسنی، العراق فی ظل المعاهدات ، الطبعه الثانیه ، مطبعه العرفان ، صیدا ، ١٩٥٨، ص/ ١٢٩ ــ ١٣٢ .
- محمود الدوره ، القضیه الکردیه ، الطبعه الثانیه ، دار الطلیعه ، بیروت ، ١٩٦٦، ص / ١٥٠ ــ ١٥٥ .

chalakmuhamad@gmail.com

# کوردی ئەو کاغەزەیە کە لە ۲۰ی مایسی ۱۹۳۱ دا لەگەڵ مولاحەزەم دەرحەق بە قانونی لوغاتی مەحەللی تەقدیمی مەندوبی سامی کرا

بۆ فەخامەتی موعتەمەدی سامی موحتەرەم ( ۳٤ )

لە دوای سـەلام

لە مولاقاتی دواییمدا کە لەسەر ئارەزووی فەخامەتتان واقیع بوو، دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەللی کە لەم بەینەدا قوبوول کرا، پرسیارتان فەرموو، منیش بە کورت و موختەسەری شـتێکم عەرزکردن . بەڵام لە ئەندێشەی ئەوە کە باش تێم نەگەیاندن، بە موناسیبم زانی فیکرەکەم بخەمە سەر کاغەزو تەقدیمتانی بکەم وە ئومیدم هەیە کە ئەهەمییەتی پێ ئەدەن، بەم موناسەبەتەوە ئیحتیراماتی فائیقەم تەقدیم ئەکەم .

۲۰ مایسی ۱۹۳۱ — موخلیسـتان

محەمەد ئەمین زەکی

---

( ۳٤ ) موعتەمەدی سامی ئەو کاتە فرنسیس هیمفریز بووە کە لە =

chalakmuhamad@gmail.com

# موڵاحەزاتم دەربەق بە «لائیحەی قانونی لوغاتی مەحەللی» (٣٥)

١ ـ هەر وەک ئەیزانن ئەو سەبەبە کە حوکوومەتی عێراقی سەوق کردە سەر دانانی ئەم لائیحەیە ئەوە بوو کە قەراری عوسبەتولئومەم ١٦ی کانوونی ئەووەلی ١٩٢٥ بەجێ بێنێ، ئەو قەرارە کەوا حوکوومەتی بەریتانیا و عیراق لە وەختی خۆیا گرتبوویانە ئەستۆی خۆیان و هەتا ئێستا هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە.

هەموو ئەیزانین بە پێی ئەو قەرارە ئیهمال کراوە ئەبوایە مەئموورانی کوردستان کورد بوونایە، وە لە مەکتەب و مەحاکم و داشیرەکانی حوکوومەتدا زمانی رەسمی کوردی بوایە.

وا دەرئەکەوێ ئەم لائیحەیە سێ موسا عەدەی تیایە، ئەمانەش

---

= دوای مردنی موعتەمەدی سامی پێش خۆی کێلبەرت کلایتن لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩دا دەبێتە موعتەمەدی سامی و لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٣٠دا دەگاتە بەغدا.

(٣٥) بەپێی یاسای ژمارە/ ٧٤ ساڵی ١٩٣١ زمانی کوردی بووە زمانی رەسمی لە کوردستاندا، ماددەی ١٧ی دەستووری سەرەکی عێراق دەڵێ " عەرەبی زمانی رەسمییە جگە لەوەی بە یاسایەکی تایبەت دادەنرێ "، تاریخ الوزارات العراقیە، الجزء الثانی، ص / ٢١٦.

chalakmuhamad@gmail.com

زمان ، مەحاکیم، وە مەکتەبەکان ۰ یەکەمینیان یەعنی مەسئەلەی مەئموورین کە لە هەموویان موهیمترە ، وە بەبێ ئەوە مومکین نیە شەرتەکانیتر بەجێ بهێنرێ کە بە تەواوی وازی لێ هێنراوە ۰

پێش ئەوەی لە خوسووس ئەم لائیحەیەوە فیکری خۆم بەیان بکەم ئەمەوێ ئەم فورسەتە لە کیس نەدەم و لە بابەت مەسئەلەی مەئموورینەوە نەختێ بە کورتی رەئی خۆم بەیان بکەم ۰

چەند مانگێ لەمەو پێش حوکوومەت بەیانێکی ڕەسمی بڵاوکردەوە، لەم بەیانەدا شەرتی تەوزیفی لە قەزای کوردەکانا ، لە جیاتی کوردایەتی، کورد بە زمان زانین ، هیچ شوبهە نیە کە ئەم بەیانە بە تەواوی عەکسی ئەو مەبدەئە بوو کە مەجلیسی وزەرا لە ١١ی تەمموزی ١٩٢٣دا دای نابوو وە دیسان عەکسی قەراری ساڵی ٩٢٣ی عوسبەتولئومەمو تەسریحاتی ڕەئیسولوزەرا بوو کە لە ٢١و٢٢ی کانوونی سانی ١٩٢٦دا بەرامبەر بە پەرلەمانی عێراق دا بووی ۰ لەم قەرارەدا مەجلیسی وزەرا قوبوولی کردبوو کە لە کوردستاندا هیچ مەئموورانی عەرەب تەعیین ناکرێ ۰ بەپێی قەراری مەجلیسی عوسبەتولئومەمو تەسریحاتی ڕەئیسولوزەرا حوکوومەت مەجبوورە بە تەقدیرکردنی مەئموورانی کورد لە کوردستانا ، بەڵام ئەم قەراری دوایی حوکوومەتە لەگەڵ ئەمەدا کە موخالیفی دەستورە ، سێ قەرارەکەی تریش یا بەتاڵ وە یا تەبدیل ئەکا ۰ لەگەڵ ئەمەشدا بەڵکو حوسنی نیەتی هەیە ، وە ئەمەی لەدوای ئیستیشارە کردووە ۰ بەڵام هەموو کوردەواری لەمە دڵگیرن و بەڕاستی لەم بەیانە زۆر ترساون ۰

chalakmuhamad@gmail.com

ئەسبابەکانیش ئەمانەن :

آ ـ سەرەڕای ئەو قەرارانەی کە عوسبەتولئومەم داویّتی و ئەو قەرارە ڕەسمیانەی کە ئێستا هەن " تەماشای ئەو کاغەزەم بکەن کە لە ڕۆژی ٢٠ی کانوونی ئەووەلی ١٩٣٠دا تەقدیمی جەلالەتی مەلیکم کردووەو نوسخەیەکم داوە بە مەندوبی سامی" حوکوومەتی عێراق لە خوسووسی مەئموورینەوە تا ئێستا ڕیعایەتی حوقووقی کوردەکانی نەکردووە ، وە هیچ ئومید ناکرێ کە لەمەودواش ڕیعایەتی ئەم حوقووقە بکرێ با خوسووس پاش ئەوەی کە ئەم بەیانە ڕەسمییە هاتە ناوەوە، وە بەم ڕەنگە سیاسەتی ئێستای حوکوومەت بە ئاشکرا بووە بە سەبەبی ئەندێشەو ترس بۆ کوردەکان .

ب ـ کەمتەرخەمی مەئموورە غەیرە کوردەکان بەرامبەر بەحیسسیاتی قەومی و هەوڵ دانیان بۆ مراندنی ئەو حیسسیاتەو نەهێشتنی سەربەستی، وە تا حوکوومەت لەسەر ئەم شێوەیە بڕوا قەت بڕوا ناکەم مۆفەق بێ .

ئەبێ ئەم بەیانە بە دڵێکی پاکەوە درابێ‌و بەڵکو لەسەرێکەوە مەقسەدی یەکخستنی دڵی هەردوو قەومەکە بێ و لە سەرێکی تریشەوە تەئمینی دائیرەیەکی واسیعتر بێ بۆ تەوزیفی کورد .

بڕوا ناکەم کە نوقتەی ئەووەل بەم چەشنە تەئمین بکرێ، بەڵکو بە واسیتەی بەعزێ تەدابیری ترەوە کە بۆ حوکوومەت دائیما مومکینە سەربگرێ .

وە دووەمیان لە عەمەلی زیاتر نەزەرییەو مەعەلئەسەف هیچ بەکەڵک نایە ، چونکە ئەو ڕێگەیەی کە ئەم چەند ساڵە

chalakmuhamad@gmail.com

حوکوومەت گرتوویەتە پێش مانیعی پەیداکردنی مەئموورینی کــــوردە بۆ ئیستیقبال ، ئەهەمییەت نەدانی حوکوومەت بە مەعاریفیـــــان وە ئیکمال و زیاد نەکردنی مەکتەبیان و نەناردنیان بۆ بەعەساتی عیلمییە بۆ دەرەوەو موشکیلاتی نواندنی بۆ تەوزیفی کـــــــورد بە دەرەجەیە کە مەکتەبێک وە یا سونفێکی تازە ئەکرێتــــــــەوە حوکوومەت بۆ دۆزینەوەی موعەللیم دائەمێنێ و گەلێ جار موعەللیم و مەئموورینی غەیری کورد ئەنێری بۆ وەزیفە بچوکەکان ، وەلحـــال هەموو ئەیزانین کە لە هەموو حوکوومەتی عوسمانیدا و بە تایبەتـــی لە وولاتانی عێراقدا زۆر مەئموورینی کورد هەبوو کە خەڵــــــکی کوردستانی عێراق بوون ، ئەم حالە گەیشتۆتە دەرەجەیـــــەک کــە قەومی کوردی ترساندووەو هێناویەتە سەر ئەوە کە باوەڕ بــــکا لە ئیستیقبالێکی نزیکدا و لە جیاتی ئەوەی ئیستیفادە لەوەزائیفی مەناتیقی عەرەبییە بکەن وەزیفەی وولاتەکەی خۆیشیان لە کیـــــس ئەچـــێ .

لەوانە نیم کە بڕوا بکەم بەڕاستی ئەم فیکرەو لام وایە ئەم فیکرە بەجێ نییە ، وە لام وایە ئەبێ ئێستا واز لەمە بهـــێنریۆ بۆ پیگەیاندنی مەئموورینی کورد بۆ لەمەوپاش هەرچی پێویســــتە ئەبێ زوو بە زوو بە دڵ بــــــکرێ .

٢ ـ لەپاش ئەم موتالەعاتە دەرحەق بە مەسئەلەی مەئموورییــــــن، ئەمەوێ بگەڕێمەوە سەر مەوزوع و ئەم پرسیارە بکەم: ئایا ئـــەم لائیحەیە هەر وەکو مەجلیسی عوسبەتولئومەم ویستبووی"*" بۆ هەموو

(*) کوردی فەقەرەی سێیەم لە قەراری مەجلیسی عوسبەتولئومـــەم=

chalakmuhamad@gmail.com

کوردەکانی عێراقە؟..... وە ئەگەر وایە ، بۆچی باسی قەزاکانی تر ناکا وەکو خانەقین و مەندەلی.....الخ؟

بەم موناسەبەتەوە ئەمەوێ نەزەری دیققەت جەلب بکەمە سەر ئەو کوردانەی کە دانیشتووی بەعزێ لە قەزاکانی عێراقن و لەم لائیحەیەدا ناویان نەبراوە :

آ ــ قەزای خانەقین:

بڕوا ناکەم کەسێ ئیعتیرازێکی ببێ لەوە کە ئەهالی ناحیەی " هۆرێن و شێخان و قۆرەتوو" هەموو کوردن . وە لە ناحیەی مەرکەزدا بەشی عەلیاوا ، باوەپلاوی و دەککە هەمووی،وە موقاتەعەی خانەقین ، کارێز ، حاجی قەرە ، وە قولە بەشی زۆریان کوردن وە لە مەرکەزی قەزادا گەڕەکی حەمیدییە هەمووی وە گەڕەکی ئەولابەگ و عەرەب ئاغا بەشی زۆریان کوردن ، وە دیسان مەرکەزی ناحیەی قزرابات نیوەیان کوردن ، هەروەها لە بەینی شارەبان و ئەبو جسرەدا بەرەیەکی سوورە مێردیش کوردن " تەماشای تەقریری مێجەرسۆن بکەن لە بابەت عەشائیری کوردستانی خواروو" .

ب ــ قەزای مەندەلی:

ئەبینین کە یەکێ لە سێ گەڕەکی قەزا لەگەڵ مەرکەزی ناحیەی

---

= ئەمەیە : ( حوکوومەتی بەریتانیا ، بەو سیفەتەی کە دەوڵەتێکی وەسیە بەسەر عێراقەوە ئەبێ لە حوزووری مەجلیسی عوسبەدا بەیانی ئەو تەدبیرو ئیجرائاتانە بکا کە زەمانەتی قەرارەدراو بۆ کوردی عێراقی پێ تەئمین ئەکرێ، ئەو زەمانانە کە لەتەرەف لیجنەی تەحقیقەوە لە ئیستینتاجاتی قەراری نیهائیدا باس کراوە ) .

chalakmuhamad@gmail.com

قەزائیییە " بڕوانە تەقریری مێجەرسۆن ساڵی ١٩١٨ بەغدا " وە دێی " دێ شێخ"و "دوور" هەموو کوردن و عەشیرەتی " قەرەوەیسی"ی تیایە کە نزیک ٥٠٠ ماڵە .

ج ـ شاری بەغدا :

لەبەر ئەوەی کە بووە پایتەخت ئیستا تستیکێکی قەومی نەکراوە، دەرحەق بە کوردی بەغدا ناتوانم مەعلوماتێکی تەواو بدەم، بەڵام بەپێی قسەی شارەزاکان نوفووسی دانیشتووی کوردی بەغدا لە ٢٥٠٠٠ کەس کەمتر نیە کە لە ١٠% ی نوفووسی شارەکەیە .

٣ ـ ئەگەر ئەم جەوابە موسبەت نەبێ‌و ئەم لائیحەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بێ کە لە لیواکانی شیمال دان و ئیعتیراف بە بوونی کوردی قەزاکانی تر نەکرێ، ئەم ئینکارە لەگەڵ ئەوەدا کە خیلافی حەق و حەقیقەتە تووشی ئەم دوو ئیعتیرازە ئەبێ:

آ ـ مادام حوکوومەت ئیعتیراف بە بوونی کورد ناکا لە شاری بەغدادی سابیقدا بۆچی مەئموران و نوابیان لێ تەعیین ئەکا بۆ لیواکانی شیمال . بەتایبەتی لەوانەی کە هیچ عیلاقەیەکی ماددی و ئەدەبییان لەگەڵ ئەو مەنتیقەیەدا نیە .

ب ـ بۆچی لە لائیحەکەدا ناوی قەزای تەلەعفەر و سنجار و موسڵ ناهێنێ؟ .

<u>قەزای سنجار:</u>

ڕەئی عموومی لەسەر ئەوەیە کە ساکینانی ئەم قەزایە یەزیدین و ئەمانەش هەموو کوردن " تەماشای تەقریری لیجنەی عوسبەتولئومەم بکە لە ساڵی ٩٢٥ لاپەڕە ـ ٥٨،٥٩،٦٠ ، ورشة

chalakmuhamad@gmail.com

الحلفاء الاخيره ، سیر مارکس سایکس ، لاپەرە ـ ٥٧٣ ،الاكراد دوکتور فریج، لاپەڕە ـ ٧، مفصل جغرافیه العراق ـ طه الهاشمی ، لاپەرە ٤١٠٩ ، ئنسکلوپدیای ئیسلام". وه پێویست بوو که ئەم قەزایە بخرێته ناو قەزای کوردەکانی ترەوه که له لائیحەکەدا ناوبراون .

قەزای تەلەعفەر :

لەم قەزایەدا و بە تایبەتی لە ناحیەی زەماردا میقداڕێکی زۆر کورد هەیە .

قەزای موسڵ :

لە نەفسی شارەکەدا عەدەدێکی موناسیبی کورد تیا ساکینە جگە لەوانەی کە لە دێهاتە نزیکەکانیەوەن .

ئەگەر بوونی ئەقەلیەتێکی کەم لە عەرەب و تورک لەقەزاکانی دهۆک ، مەخموور ، شێخان ، هەولێر ، کەرکووک ، کفریدا بێتە سەبەبی قوبووڵ کردنی زمانی تورکی و عەرەبی لەگەڵ زمانی ئەکسەریەتدا ، هەر بەو چەشنە پێویستە زمانی کوردی لە قەزای تەلەعفەر ، سنجار و موسڵیشدا قوبوول بکرێ .

٤ ـ لەپاش بەیانی ئەم مولاحەزەیە لەبابەت ئەساسی لائیحەکەوە ئەمەوێ ئیشارەتی ماددەی چوارەمی قانوونەکە بکەم کە جەوازی ئیستیعمالی زمانی تورکی ئەدا ، هەموومان ئەبزانین ئەم موساعەدەیە لەسەر تەڵەبی مەجلیسی ئیدارەی کەرکووک لە وەختی خۆیدا و لەسەر بەعزێ ئەسبابی تر درابوو .

بەراستی پەلەی حوکوومەت بۆ تەشریعی ئەم موساعەدەیەو لەعەینی وەقتدا لەغوکردنی قانوونێکی " قەراری مەجلیسی وزەرا

chalakmuhamad@gmail.com

که له ١١ی تەمموزی ١٩٢٣دا ساديـر بـووه" موقەييەد بوو بۆ کـورد .
بەيانناميەک " که خیلافی دەستوره" وه ئیهما لــــی قـــەراری
عوسبەتولئومەمو وەعدەکانی يەک لەدوای يەک ، لەوانەيـــە کــه
موحتاجی لێکدانەوه بێو بەتەبیعەت لە حوسنی نییەتی دەرحـــەق
بە کورد ئینسـان ئەخاتە شـــوبهەوه .

لەگەڵ ئەمەشدا مومکینه که درا بێ ئەم هەموو موساعەدانـــه
بە هەموو عونسورێک موناسیب و مەقبول بێ . بەڵام ئەبێ دیقـقـــەت
له نوقتەيەکی زۆر موهیم بکرێ که عیبارەته لەوەی که ئـــەو
موساعەدانه زەرەر بە غەيری ئەو عونسوره نەگەيەنێ، لەســـەر
زەرەری عونسورێکی تر تەوسیعی پێ نەدری وه زۆرم پێ ناخوشـــه
که بڵێم ئیهمالی حوکوومەتی چەند ساڵێک لەم ڕووەوه بۆتـــە
ياريدەر بۆ پەل بڵاوکردنەوەی ئەو زمانه بەسەر هەموو ئومـــووری
حوکوومەتی هەموو ليواکەدا . وه بە ئیدارەی عامەی‌و مەکتەبەکانی‌و
مەحاکیمەوه بۆته ليوايەکی تورکی تەواو . وەلحال ئەبینیـــن
وەزعیەتی قەومی " تنوگرافی" ٥١% کوردە ٢١% تورکومـــان، ٢٠%
عەرەب و ٨% غەيره موسلیم بوو، وه بە عەکسی ئەم ئەرقامه لــــه
٢٤ مەکتەبەکەيا تەنيا سێ مەکتەبی ئەووەلی بە کوردییــــــه ،
مەئموورانیش بەم جەشنه ٥٦% ی تورکومان ، ٢٤% ی کـــورد ، ٢٠% ی
عەرەب و غەيری ئیسلام بوون .

ئەم وەزعه شازه ، موشکیلات و زەرەرێکی زۆری بۆ بەشـــی زۆری
سوککانی ، يەعنی بۆ کورد بوو، وه هەمووياني دەرحەق خســـتۆتــه
فیکری شەک و ترسەوه . وەلحال بۆ حوکوومەت وای هەڵ ئەگـــرت کــه

chalakmuhamad@gmail.com

حوقووقی موساواتی بەینی قەومەکان موحافەزە بکا . وە تەبیعـــــی ئیستیعجالی ئەخیری حوکوومەت بۆ تەشریعی ئەم موسا عەدەیە تـرس و شوبهەی کوردی زیاتر کرد، جا کەوابوو، کێ ئەتوانێ قەومی کـــورد تەئمین بکا کە ئەم موعامەلەی حەق شکێنییە زیاتر حەق و حوقووقی وون ناکا .

لەلایەکی ترەوە ئەبینین کە زمانی ئەکسەریەت لە لیواکـــەدا " بە عومووومی حاکیمە، بە سورەتی مێجەرسۆن لە کتێبەکەیـــــدا شاهیدی بۆ ئەم وەزعیەتە ئەداو لە لاپەرە- ١٥/ ١٦یدا عەینـــــەن ئەڵـــێ:

وە موئەللیف هەر لەم کتێبەیدا ئەڵێ ١٣٠٠٠ تورکومان،٥٠٠٠ کورد، ٥٧٠٠ مەسیحی، ١٠٠٠ جوولەکە لە شاری کەرکووکدا، وە ٢٠٠٠ تورکومان، ١٠٠٠ کورد لە ئالتون کۆپری " پردێ"دا هەیـــە .

شوبهە نیە، مێجەرسۆن وای زانیوە ئەوانەی کە بە زمانـــی تورکی لە کەرکووک قسە ئەکەن هەموو تورکومانن، بۆیــــە وا دوو چەندانەی کوردەکان ژمارەیانی داناوە، وە ئەم فیکرە راست نیە، چونکە هەموو کوردی شاری کەرکووک و لیواکە بە زمانی تورکیـــــش قسە ئەکەن و ئەمە موماثیلەیەی سەوق کردۆتە سەر ئەم فیـــــکرە، دەلیلی بە قووەتی ئەمەش ئەو مەعلووماتەیە کە لە مەئمورێـــــکی گەورەی کەرکووکم وەرگرتووە، کە لە مەسائیلی ئیستاســــــتیکدا سەلاحیەتی رەسمی هەبوو، وە گووتی بە گوێرەی ئیحسائی بەلەدیـــە، نوفووسی شاری کەرکووک ئەمساڵ "١٩٣٠" گەیشتۆتە ٣٥٠٠٠ کە لەمـــە ٢٢٠٠٠ی کوردە، ٧٠٠٠ تورکومان، ١٠٠٠ی نەسرانی مەحەللـــی، ٢٠٠٠ی

chalakmuhamad@gmail.com

تیاری " فەلە"، ٥٠٠ ئەرمەنی ، ٢٥٠٠ جولەکەیە ، وە لە گەڕەکەکانی کەرکوک ، ئیمام قاسم، ئاخی حوسین، بولاق ، ئاوچی، وە پیریادی هەموو کوردن ، وە بەشی زۆری گەڕەکی چوقور، مەسک ، وە چای کوردن .

لێرەدا ئەمەوێ نەزەری دیقەت جەلب بکەمە سەر ئەو مەکتەبانەی کە لە شاری کەرکووکدا مەوجوودن کە ژمارەیان ئەگاتە ١٠ مەکتەب ، لەم ١٠ مەکتەبە ٦ یان بۆ تورکومان . دوانیان بۆ گاور، دوانەکەی تریان بۆ جولەکەیە . بەڵام نسیبی ئەکسەریەت یەعنی کورد لەم مەکتەبانە بە غەیرە سیفر هیچی تر نیە .

بە گوێرەی ئەم حالە، بۆ حوکوومەت وا جوانترو موافیقتر بوو کە وەعدەکانی خۆی بەجێ بهێنایەو زمانی ئەکسەریەتی بە زمانی عوموومی ئەو لیوایەو مەرکەزی ئیعتیبار بکردایە چونکە زۆرتر ئیستیعمال ئەکرێ و لە نەزەر هەمووانا مەفهومترە .

٥ ـ پێویستە ماددەی "٦ی لائیحەکە" تەعدیل بکرێ بە نەوعێک جەوازی موخابەرەکردن بدا بە زمانی کوردی لە بەینی لیواکاندا .

٦ـ " فەقەرە ـ ٤ ماددە ٦ " زۆر غامیزە . وە بە تەواوی ئەو زمانە نیشان نادا کە پێویستە ببێ بە ئەساس بۆ ئیش پێکهێنان لە دائیرەکانی حوکوومەتیدا لە نوفووسی کەرکووک و مەرکەزی قەزای کفریدا ، ئینجا نازانین مەقسەد لەم غومووزە مانەوەی زمانی تورکیە لەو دائیرانەدا وەک حالی حازیر یان نا ؟

ئەگەر مەقسەد ئەمە بێ کە زمانی ئەقەلییەت حاکیم ئەبێ

chalakmuhamad@gmail.com

له مەركەزى ليواو قەزادا كە ئەمەش بە هيچ كلۆجێك نە موافيقى عەدالەت و نە موافيقى مەنتيقە . وە سەبەبێكى زۆر مەعقولە بۆ سەغڵەتى قيسمى زۆرى كوردو ئيحتيجاجى دائميان لە عەلەيهى ئەمە .

وە لەبەر ئەمەى كە حوقووقى ئەو ئەقەليانەى كە لەم ليوايەدا ساكينن لە ماددەى چوارو پێنجدا مەزموونە ، ئيتر ئيحتياجى بە قەيدێكى تر نە ئەكرد لە " ماددە ـ ٦ "دا وە جوێكردنەوەى قەزاى كەركووك وكفرى لەو قەزايانەى تر كە لە " فەقەرەى ١ تا س"ى عەينى ماددەدا بەيان كراوە .

بێجگە لەمە مەعقولتر بوو ئەگەر عيبارەى " الامور الفنيه " كە لە ماددە ـ ٦دا هاتووە ئيزاح بكرايە ، نەك لە موستەقبەلدا خراپ تەسەروفى تيا بكرێ .

٧ ـ پێويستە زمانى تەدريس ، لەو مەكتەبانەى كە تا ئێستا وەيا لەمەو دوا لەو قەزايانەى كە لە ماددەى چوارو پێنجى لائيحەكەدا ناويان هێنراوە ، كراونەوە وەيا ئەكرێنەوە زمانى ئەكسەرێتى سووككان بێ ، چونكە قوبوول نەكردنى ، زمانى ئەكسەريەتى قوتابيان ئەبێتە سەبەبى سوئى ئيستيعمال لە موستەقبەلدا .

ب ـ بۆ خاترى موراعاتى قەرارى مەجليسى عوسبەتولئومەم ئيجاب ئەكا زمانى كوردى لە هەموو مەكتەبەكانى كوردييەدا ، چ ئەووەلىو چ ئيبتيدائى و چ لەمانە گەورەتريش زمانى تەدريس بێ ، چونكە حەسرى تەدريسات بە زمانى كوردى هەر تەنيا لە ئەووەلييەو ئيبتيدائييەدا ئەبێتە مانيعى تەرەقى و تەكامولى زمانى كوردى ، وە ئەو ئيعتيرازاتە كە لەم رووەوە ئەكرێ لە سێ ماددە

chalakmuhamad@gmail.com

تەجاوز ناکا .

ئەووەلەن :

بێ قابیلییەتی زمانی کوردی بۆ تەدریسات و نووسین .
وە ئەمە ئەووەل ئیعتیرافێکە کە گەلێ جار ئەی بیەین . ئەم
ئیعتیرازە زۆر زەعیفە چونکە ئەوانەی کە ئەمە ئەڵێن ئاگایان
لەو ئاساری تەئریخی لوغەوی، ئەدەبی، وە دینییە نیە کە چەند
سەد ساڵ لەمەو پێش بەم زمانە نووسراوەتەوە وەک ئاساری مەلا
یونسیباڵکاتی ، شێخ عەممار ، ئەحمەدی حەکاری، ئیسماعیل
بایەزیدی ، بابا تاهیر، عەلی حەریری ، مەلا جزیری، مەولەوی،
مەولانا ، حاجی قادر....الخ .

باوەڕم نیە ئەم نەقسەی کە ئەڵێن لە زمانی کوردیدا بێ،
چونکە ئەم زمانە لە زمانی فارسی دەوڵەمەندترە ، بەلام مەیدانی
ئەوەی نەبووە کە ئیستیعمال بکرێ و بەرە بەرە ئیسلاحو تەکامولی
تیا بێتە وجوود . هیچ شوبهەی نیە ئەگەر ئەمڕۆ عەینی ئەم
مەوانیعەی لەبەرا بمێنێ هەر لەسەر حاڵی حازر ئەمێنێتەوەو
تەبیعی لە تەرەقی و پێشکەوتن مەحرومی ئەکا .

سانییەن :

نەبوونی کتێبی مەکتەب بە زمانی کوردی ئەم ئیعتیرازە
دەرحەق بە کتێبی مەکتەبە ئیبتیدائیەکان و ئەووەلییەکانیش
ئەکرێ . وە بە هیممەتی وەزارەتی مەعاریف و بە تەرجەمەکردنی
کتێبی مەدرەسی لە زمانی عەرەبی و زمانی ترەوە بۆ زمانی
کوردی زوو زائیل ئەبێ . وە بۆ ئەوەش ئیجاب ئەکا ـ وەک لە زۆر

chalakmuhamad@gmail.com

جاردا وا كرا ـ لیجنەیەكی خوسووسی لە موعەلیمان و مونەووەرانی كوردی موقتەدیر تەشكیل بكریٚ ،لەلایەكەوەلەگەڵ تەدقیقی ئەو كتێبانەی كە بۆی ئەنیرریٚ و لەلایەكی تریشەوە لەگەڵ تەرجەمەی خەریک بیٚ وە بێجگە لەمە پێویستە تەشویق و تەرغیبی موعەلیمان و مەشمووورە موقتەدیرەكان بكریٚ بۆ تەرجەمەی كتێب و بە موكافەئات و تەلتیفی ئەم جیهەتە تەشجیع بكریٚ .

باوەڕم هەیە كە ئەگەر ئەم تەوسیانە بە ئیخلاس و حوسنی نییەت لەتەرەف وەزارەتی مەعاریفەوە تەتبیق بكریٚ وەكو چۆن بۆ تەئمینی كتێبی عەرەبی تەتبیقی كرد ـ هیچ زۆری پیٚ ناچیٚ ئەبینین ئەم نوقسانیتە زائیل ئەبیٚ .

ئیحتیما لە لەم ڕووەوە مەسئەلەی نەبوونی پارە بۆ تەشكیل كردنی ئەو لیجنەیەو بۆ موكافەئات و بەخشین بە موتەرجەمان و بۆ لە چاپدانی كتێب بكریٚ بە بەهانە بەڵام ئەمە ئەسڵی نییەو ئەم نەوعە بەهانەیە تەنیا بۆ ئەوەیە كە حوكوومەت خۆی دوور بخاتەوە لەوەی كە حیسسەیەكی مەعقوول لە میزانیەی مەعاریف بۆ كوردەكان جویٚ بكاتەوە .

وە بۆ ئیسپاتی ئەمە حەزم ئەكرد چەند میسالێک دەرحەق بە وەزعییەتی مەعاریف لە ساڵی پاردا بهێنمەوە ، بەڵام لە ڕاپۆرتی تازەی وەزارەتی مەعاریفدا لەبابەت مەساریفی لیواكانەوە مەعلووماتێكی تازەم چنگ نەكەوت لەبەر ئەمە موراجەعەتم كرد بە ئیستاتستیكێكی ساڵی ١٩٢٧ كە لە ٣٠ ئاغوستۆسی ١٩٢٨دا لە مەجلیسی مەبعوساندا بەیانم كرد بوو .

chalakmuhamad@gmail.com

" ٢٧/٨٦ لەک روپیە" لەو ساڵەدا نیسبی ٢٧ مەکتەبی کورد لە میزانیەی مەعاریف ١٢٣٠٠٠ روپیە وە یاخود ٤/٤ % لە میزانیەی مەعاریف بوو، کەچی بەشی مەکتەبە تورکیەکان ٣% وە مەکتەبەکانی تر ٩٢/٦% بوو .

وە نیسبەتی سەدی " مئوی" بۆ نوفووسی لە عێراقدا ١٧% کورد، ٨% تورکومان ،و ٨١% عەرەب و ئەقوامی ترن . (٣٦)

وە حوکوومەت هەر لە عەینی ساڵدا لە واریداتی سلێمانی ١%و لە واریداتی لیوای هەولێر ٢/٥% ی بۆ مەعاریفی ئەم دوو لیوایە سەرف کرد کەچی هەر لەو ساڵەدا لە واریداتی لیوای بەغدا ٣٨%، لە هی موسڵ ٢٢/٨% ، لە هی کەربەلا ١٨% ، لە هی بەسرە ٢١% ، وە لە واریداتی لیوای کەرکووک ١٠% ی بۆ مەعاریفیان سەرف کردووە .

وەزعیەتی حالیە لە مەساریفی لیوا کوردەکانا فەرقێکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو ساڵەدا یەعنی ١٩٢٧دا نیە، چونکە موقابیل بە کردنەوەی ٩ مەکتەبی تازەو بەعزێ سونف لە قەزا کوردەکانا میزانیەی مەعاریف ٢٧/٨٦ لەکەوە گەیشتە ٤١ لەک روپیە .

ئەم ئەرقامەو وەزعییەتی حازریە تەواوی دەری ئەخا کە کورد قەد بەشێکی نیسبی عادلی لە میزانییەی عموومی مەعاریفدا وەرنەگرتووە ـ وە ئەم حیسسەیە ـ بەگوێرەی نیسبەتی نوفووسیان شیجابی ئەکرد ١٧% بوایە، نەک هەر ٤/٤ % . لەبەر ئەم سەبەبە

---

(٣٦) دەبێ سەرژمێری تورکومان لەچاو عێراقەوە لە ٢% بوو بێ نەک ٨% ، دەبێ ئەوە هەڵەی چاپ بوو بێ .

chalakmuhamad@gmail.com

حوكوومەت ناتوانێ ئیدیعا بکاو بڵێ پارەم نیە تاکو سەرفی بکەم بۆ تەشکیلی لیجنەی کتێبی کوردی و بۆ بەخشینی ئیکرامیات بە موتەرجەمان .

سالیسەن :

ئیعتیرازی سێیەم کە ئەی بیەین لوزومی فیربوونی زمانی عەرەبی‌یە بۆ لاوانی کورد بۆ ئەوەی کە بتوانن ئیستیفادە لە مەداریسی ئیختیساسیەو وەزائیفی حوکوومەت بکەن ، لەو جێگایانە کە ئیجاب بە زانینی ئەم زمانانە بکاو بتوانن ئیش ببینن .

ئەگەر مەقسەد لەم ئیعتیرازە هەر عیلمی و ئیدارە بێ‌و هیچ تەعەلوقی بە سیاسەتەوە نەبێ مومکینە بە زیادکردنی ساعاتی تەدریس بۆ لوغەتی عەرەبی‌و ئەهەمیەت دان بە فیربوونی زیاتر لە ئێستا مومکینە تەئمین بکرێ ، وە ئەگەر ئەمەش کافی نەبینرا ئەو حەلە مومکینە مەوزوعێک وەیا دوو مەوزوعی تریش بەم لوغەتە بخوێنرێ .

لەدوای ئەم تەفسیلاتە مولاحەزەکانم بە کورتی لە خوارەوە پیشان ئەدەم ،

١ ـ پێویستە لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەلیە شمولی بە سەر ئەو قەزایانەی تریشەوە هەبێ کە ئەکسەریەت وە یا ئەقەلیەتیان کوردە وەک بۆ ئەقەلیاتی تر لە قەزا کوردەکانا کرا .

٢ ـ هەڵگرتنی کەلیمەی " الترکیة " لە مادە ـ ٦دا .

٣ ـ ئیزاح کردنی عیبارەتی " شومووری فەنییە " کە لە مادە ـ ٦دا هاتووە .

chalakmuhamad@gmail.com

ـ زمانی ئەکسەریەتی سوککانی لیوا وەیا قەزا بە لوغەتی تەدریسی ئیعتیبار بکرێ ٠

٥ ـ ئیستیعمال کردنی زمانی کوردی لە ما فەوقی مەکتەبی ئیبتیدائیشدا .

ئەم ماددانەیە کە پێویستە ئەهمیەتی پێ بدرێ لە لائیحەی قانوونی لوغاتی مەحەلییەدا چونکە ئەو لائیحەیە لە حالّی حازردا عەدل و ووعوود تەئمین ناکا ٠

نائیبی سلێمانی ٠ وەزیر ئەشغالی سابیق

دەرحەق بەو ماددەیەی کە لەم ئاخریەدا عەلاوە کراو بە گوێرەی ئەوە قەزاکانی موسڵ موخەییەر کران بۆ ئیختیارکردنی زمانێکی کوردی تا ساڵێکی تر . موتالەعاتم بە جوێ عەرز ئەکەم٠

دەرحەق ئەو ماددەیە کە لە دواییدا داخلی قانوونی لوغاتی مەحەلییە کرا و بۆ قوبووڵ کردنی لەهجەیەکی کوردی قەزاکانی موسڵی ساحێب ئیختیار کرد، فیکرم ئەمە بوو لە ١٩٣١/٥/٢٢ دا تەقدیمی فەخامەتی مەندووبم کرد ٠

زۆر شوکری ئەو تەئسیرە ئەکەم کە کەلیمەی " مەحەللی"ی کە لە تەرەف مەجلیسی نیابییەوە عەلاوە کرابوو لەوە هەڵگرت ، وە بە دانی حەقی خەیار بە ئەهالی پێنج قەزا بۆ قوبووڵ کردنی

chalakmuhamad@gmail.com

لەهجەیەک لە زەرفی ساڵێکدا ، زەرەرەکەی سووک کرد . لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شکم نیە کە تەکلیفی ئەووەلی حوکوومەت باشتر بوو لە تەکلیفی دوایی گەلێ موافیقتری قاعیدەی عومووومی بوو ، چونکە :

١ ـ ئەو ئەساسە عومووومیە کە میللەتانی تر بۆ ئینتیخابی لەهجە لە سەری ڕۆیشتوون ، ئیستینادئەکاتە سەر هەرە فەسیحترو ڕێک و پێکتری لەهجەی ئەو زمانە . وەکو دەبینین لە تورکیادا لەهجەی ئەستەمبوڵە کە لە هەموو شوعبات و موئەسەساتی حوکوومەتی ئەنادۆڵدا جارییە . وەلحاڵ ئەم لەهجەیە لەگەڵ لەهجەی ئەو وولاتەدا فەرقێکی زۆری هەیە . میسالێکی تریش قوبوول کردنی لوغەتی فەسیحی عەرەبی لە دەوائیرو موئەسەساتی حوکوومەتی عێراقدایە وە هەموو ئەیزانین کە لەگەڵ لەهجەی عەوامدا فەرقێکی زۆری هەیە وە عەینی حاڵ لە میسرو سوورییەو باقی ئەقالیمی عەرەبیدا جارییە .

ئەگەر حورمەتی ئەم قاعیدەیە بگیرێ ئەبێ تەماشای فەرقی جوزئی بەینی لەهجەی خەڵکی شەرقی زێی گەورەو غەربی نەکرێ و یەکێتی زمانی کوردی تێک نەدرێ . چونکە قوبووڵی لەهجەی فەسیح موافیقی ئەساسی عیلمییە ئەبێ لەهجەی کرمانجی شەرقی (٣٧) قوبووڵ بکرێ کە زۆر نزیکە لە لەهجەی موکری (٣٨) فەسیح و بکرێتە لوغەتێکی

---

(٣٧) مەبەست لە دیالیکتی کرمانجی خوارووە کە موکریانی ـ سۆرانی ـ سلێمانی و ئەردەلانییە .

(٣٨) موکری بەشێکە لە دیالیکتی کرمانجی خواروو .

chalakmuhamad@gmail.com

رەسمی بۆ دائیرەو موئەسەساتی مەوجودەی کوردستانی عیراق ٠

٢ ـ ئەگەر لوغەتی کرمانجی غەربی " بادینان"(٣٩) بۆ خەڵکی پێنج قەزای موسڵ قوبووڵ بکرێ ئەم زەرەرانەی ئەبێ:

آ ـ یەکێتی زمانی کوردی تێک ئەدرێ ٠ کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی عاجزی و نەفرەتی کوردو قەت دەلالەت لە حوسنی نییەتی حوکوومەت ناکا دەرحەقیان ٠

ب ـ ئەبێتە سەبەبی دواکەوتنی مەعاریف لەو پێنج قەزایەدا ، چونکە بە لەهجەی بادینان هیچ کتێبێکی کوردی نیەو لاوانی پێگەیشتوویان نیە کە بیخەنە ژێر باری مەسئوولیەتی دەرس گوتنەوەوە لە مەکتەبدا و ئیش کردن لە دەوائیردا ، وە زۆر موحتەمەلە تا مودەتێکی دوور نەتوانن کتێبی مەکتەب پەیا بکەن ، لە ڕووی ئەمەوە ئینتیزام و فائیدە لە تەدریساتیانا نامێنێ و هیچ بە دوور نیە کە لە ڕووی ئەم حاڵەوە لە خوێندن و ئوموور حوکوومەتیدا واز لە زمانەکەیان بهێنن و مەجبور بکرێن بۆ قوبووڵ کردنی زمانێکی تر ٠

ج ـ بە تەبیعەت حوکوومەت ئەبێ:

١ـ یا مەسرەفێکی دوو قات بۆ پەیاکردنی کتێبی مەدرەسە بە دوو لەهجە " لەهجەی سێ لیوا و لەهجەی پێنج قەزا " (٤٠) بکا و دیسان

---

(٣٩) دیارە پێی دەگوترێ دیالێکتی کرمانجی سەروو کە بادینی " نەک بادینانی"، جزیری، هەکاری ، بۆتانی٠٠٠٠ هەر یەکەیان بەشێکن لە کرمانجی سەروو ٠

(٤٠) مەبەست لە هەولێرو کەرکووک و سلێمانیە ، قەزاکانیش دهۆک ، زاخۆ، ئاکرێ ، تەلەعفەرو سنجارە ٠

chalakmuhamad@gmail.com

دوو قات مەسرەف بۆ حازرکردنی ئەوراقی مەتبوعەو تەرجەمەی تەعلیمات و نیزام و قەوانین .....الخ بۆ هەردوو لا بکا کە زۆر لێی دوورە!.

٢ ـ یاخو گوێ نەداتە مەتالیبی هەردوو لا، کە ئەمە ئەبێتە سەبەبی مەحرومانی هەر سێ لیوا و پێنج قەزاکە لە پێشکەوتن و شکاتی دائیمیان لە حوکوومەت.

بینا لەسەر تەجرەبەی پێشووم، ئەتوانم بڵێم کە ئەم وەزعیەتە خراپە زۆری پێ ناچێ حاسیل دەبێ. چونکە ئەو حوکوومەتەی کە تا ئێستا بەزەیی بە قەومی کورددا نەهاتووەو قەت بەشێکی بە ئینسافی لە میزانیەی مەعاریف نەداوەتێ "تەماشای مادە ـ ٦، فەقەرە/ب ـ سانیەن لە مولاحەزاتم دەرحەق بە قانوونی لوغاتی مەحەلییە بکە". ئێستا کە نابێ مەسرەفێکی دوو قات بکا بۆ مەعاریفی کورد لە سێ لیوا و پێنج قەزادا.

لەبەر ئەم ئەسبابانە، ڕەجا ئەکەم بە چاوێکی عەتفەوە تەماشای ئەم ئیشە بکەن و تەوەسوت بفەرموون تا تەنیا لەهجەیەک بۆ هەموو کوردستانی عێراق قوبوول بکرێ. ئیتر زۆر شوکرو حورمەتە بۆ ئێوە.

٢٢ / ٥ / ١٩٣١ محەممەد ئەمین زەکی

chalakmuhamad@gmail.com

****** پێڕست ******


ـ پێشکێش ........................................ ٣

ـ کەڵکەڵەی دۆزینەوەی دوو تەقەڵای بێ سوود ............. ٥

ـ کورتەی ژیانی محەممەد ئەمین زەکی ............... ١٣

ـ هەندێ چالاکی محەممەد ئەمین زەکی لە پارلەماندا ..... ٢٧

ـ نرخاندنێکی دوو تەقەلا ........................ ٤٥

ـ بەرهەمە چاپکراوەکانی محەممەد ئەمین زەکی و
نووسینەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژدا .................... ٥٣

ـ بەرگی ئەسڵی دوو تەقەلای بێ سوود ............... ٦١

ـ لاپەڕەی ئەسڵی سەرەتاکەی ......................... ٦٢

ـ سەرەتا ........................................ ٦٣

ـ ئەو عەریزەی کە دراوە بە مەلیک فەیسەڵی
یەکەم ٢٠ کانوونی سانی ١٩٣٠ ..................

ـ مولحەقی عەریزەکە ـ نامەی وەزارەتی دەرەوەی
بەریتانیا دەربارەی مەسەلەی کورد لە کوردستانی
خواروودا ....................................... ٨٦

ـ ئەو عەریزەی دراوە بە مەندوبی سامی ٢٠ مایسی ١٩٣١.... ٩٥

ـ پێڕست ........................................ ١١٥


**********

chalakmuhamad@gmail.com

# TWO FRUITLESS EFFORTS

The title above is the name of a book which was written by the Kurdish historian Muhammad Amin Zeki in Kurdish in 1930 and printed in 1935.

Two Fruitless Efforts refers to two petitions on the Kurdish question in Iraq. The first was made to the king Faisal 1. It contains an explanation of the Kurdish question from the making of the Iraqi state until 1930, with an appendix including a secret report from the British Foreign Ministry to the League of Nations about the Kurdish problem in Iraq.

The second petition was made to the British High Commission in Baghdad about the state of local languages and the using of Kurdish language in Kurdistan. In this letter , the writer gives an account of the state of education in Kurdistan and compares it with education in Iraq in general.

This book was printed in 1935 but its publication was banned by the Iraqi authorities and the printed copies were burnt. However, a copy of it survived and has been kept in the library of the School of Oriental and African Studies- University of London. I have republished it here writing an introduction to it as well as writing about the life of Mohammad Amin Zaki and his activities in the Iraqi parliament. Furthermore, I have made a bibliography of all Muhammad Zaki's books and writings in Galawez magazine 1939- 1949. I have made annotations for the present book as well.

Sabah Ghalib Abdullah

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

Muhammadamin Zaki

# Two Fruitless Efforts

With Introducation and Notes

by

Sabah Ghalib Abdulla

Halwest Press — London — 1984

chalakmuhamad@gmail.com

Muhammadamin Zaki

# Two Fruitless Efforts

With Introducation and Notes

by

Sabah Ghalib Abdulla

Halwest Press — London — 1984